# ماسۆنیەت

کورتە باسێکی مێژوویی

حەسەن بارام

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

HZR

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# ماسۆنییەت

# کورتە باسێکی مێژوویی

حەسەن بارام

www.iqra.ahlamontada.com

ناوەندی هزر
بۆ چاپ و بلاوكردنەوە
هەولێر - پشت پارێزگا
نزیك مزگەوتی مەحمود عەلاف

HZR
هزر بۆ چاپ و بلاوكردنەوە

٠٧٥٠٤٤٤٧٤٦٧ - ٠٧٥١١٣٠٢٩٥٩
nawendi.hzr@gmail.com
nawandy.hzr.١
nawendi.hzr
nhzr.net

ناوی کـتێب: ماسۆنییەت(کورتە باسێکی مێژوویی)

نووسەر: حەسەن بارام

بـابەت: مێژوویی

هەڵەبڕ: بورهان حاتەم

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: ناوەندی هزر

چاپی سێیەم: ٢٠١٥

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

نـرخ: ٤٠٠٠

هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی هزر

ناوەندی هزر بۆ چاپ و بلاوكردنەوە بەرپرس نییە لە بۆ چوونی نووسەر و وەرگێر،
بەڵکو ناوەڕۆکی کتێب گوزارشتە لە بۆچوونی خۆیان.

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی(١١٤٣) سالی (٢٠١٠)ی دراوەتێ.

www.iqra.ahlamontada.com

داب و نەریتەکانی ماسۆنییەت زۆر کۆنە، ماسۆنییەت هەر هەبووە پێش ئەوەی هەسارەی زەوی دروست بێ، چونکە لەچینەکانی ئاسماندا بڵاوبووبوەوە..

د.ئۆلیفەر

ماسۆنییەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن و ئەم بابەتە لە "ئادەم"ەوە دەست پێدەکات..

د.ئەندرسۆن

www.iqra.ahlamontada.com

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ٩-١٤ |
| بزوتنەوە نهێنییەكان لە مێژوودا | ١٥ |
| هێزی شاراوە(القوة الخفية) | ١٧ |
| ئەلغەنوسییە(الغنوسية العرفانية) | ٢٥ |
| حەشاشەكان(الحشاشون) | ٢٩ |
| نورانییەكان(النورانيون) | ٣٥ |
| بزوتنەوەی بابی (البابية والبهائية) | ٤١ |
| سوارەكانی هەیكەل | ٤٩ |
| كۆمەڵە نهێنییەكانی تر | ٥٧ |
| ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنیزم | ٥٩ |
| ماسۆنییەت وەك زاراوە | ٦١ |
| پێناسەی ماسۆنییەت | ٦٣ |
| مێژووی كۆنی ماسۆنییەت | ٦٧ |
| سەرهەڵدانەوەی ماسۆنییەت بە شێوە هاوچەرخەكەی | ٧٧ |
| جۆرەكانی ماسۆنییەت | ٨١ |
| ئامانجەكانی ماسۆنیزم | ٨٣ |
| پەیوەندی نێوان ماسۆنییەت وجولەكە | ٩٣ |
| ئیشكالیەتی نێوان ماسۆنیزم و ئایین | ٩٧ |
| ئایە ماسۆنییەت ڕێكخراوێكی ڕامیارییە؟ | ١٠٥ |


www.iqra.ahlamontada.com

مەحفەلەکانی ماسۆنییەت ١١١
ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە جیهاندا ١١٧
یانەکانی ڕۆتاری (نوادی الروتاری) ١٢٣
ماسۆنییەت لە جیهاندا ١٢٧
ئینگلتەرا ١٢٧
ئەمریکا ١٢٨
کۆماری میسر ١٣١
سوریا ١٣٨
عێراق ١٤١
کوردستان ١٤٨
ناودارانی ماسۆنییەت لە جیهاندا ١٥١
ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە ڕۆژئاوا ١٥٣
ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە جیهانی عەرەبی و
ئیسلامیدا ١٥٧
قەلاچۆکردنی ماسۆنییەت ١٦٣
سەرچاوەکان ١٧٦
پاشکۆ ١٧٨

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# پێشەکی چاپی سێهەم

دوای ئەوەی وەك یەکەم لێکۆڵینەوە بە زمانی شیرینی کوردی لە سەر ڕێکخراوی ماسۆنییەتی جیهانی لە ساڵی (٢٠١٠) لە لایەن بەندەوە خرایە بەر دەستی خوێنەری کوردی، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە کتێبخانەکاندا نەمایەوە، ئەمەشیان بۆ من مایەی شادومانی بوو، لە لایەك وەك یەکەم کتێب لە سەر ئەم بابەتە ولە لایەکی تریشەوە لە ماوەیەکی هێجگار کەمدا لە بازاڕدا نەمایەوە، سەرئەنجام لە سەر داوای هەندێك لە خاوەن کتێبخانەکان بڕیارم دا چاپی دووەمی بێ هیچ دەستکاریی و زیادکردنێك چاپ بکەمەوە، ئەگەر چی پێویستی دەکرد لێکۆڵینەوەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەم و زانیاری زیاتری بخەمە سەر، بەڵام لە بەر چەندین فاکتەری خودی و بابەتی نەکرا، کاتێکیش بۆ جاری دووەم کەوتەوە بازاڕ لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا کتێبەکە لە کتێبخانەکان نەمایەوە، بێگومان ئەمە زیاتر شادومانی کردم، لە ناخی خۆمدا بڕیارم دا ئەمجارەیان چاپی نەکەمەوە تاکو بابەت و زانیاری تری دەخەمەوە سەر ولیکۆڵینەوەکە فراونتر دەبێت، وەلێ بە داخەوە لە بەر بابەتی جۆراو جۆر و بەتایبەتی بوونی چەندین پرۆژەی نوسینی تر لەبەر دەستمدا نەکرا ئەمجارەشیان ئەو خواستە بهێنمە دیی، ئەمێستاش سێ بارە کەڵکەی چاپ بەدەورما ئەخولێتەوە و دۆستانێکی زۆر داوا و پێشنیاری سێ بارە چاپ کردنەوەیان لێکردووم، لە ڕاستیدا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمجارەشیان ئەم پێشنیارە هانیدام بێ هیچ زیادکردنێك چاپی سێهەمی بخەینەوە بازاڕ و تەنها ئەم پێشەکییە کورتەی بۆ زیاد بکەم.

ئومێدەوارم لێکۆڵینەوەی (ماسۆنییەت کورتە باسێکی مێژوویی) بەم چاپەی زیاتر بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران و تا ئەندازەیەك سوود بەخش بێت، چونکە کتێبخانەی کوردی پێویستی زۆری بەم جۆرە بابەتانە هەیە، دەخوازم لەم بوارانەدا بەندە خزمەتکاری کتێبخانەی کوردی بێ.

نوسەر

٢٠١٥/٤/٨



www.iqra.ahlamontada.com

# پێشەکی چاپی دووەم

کاتێك ساڵی (٢٠١٠) چاپی یەکەمی کتێبی (ماسۆنییەت کورتە باسێکی مێژوویی)م بە زمانی شیرینی کوردی خستە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، لەلایەك زۆر دڵخۆشبوم بەم هەوڵە هاکەزاییەم خزمەتێکم بە کتێبخانەی کوردی کردبێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێك دووچاری دڵەڕاوکێ و دوودڵی بومەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بە نیسبەت کتێبخانەی کوردییەوە بابەتێکی تازەیە و دەتوانم بڵێم یەکەم بەرهەمە لەم بوارەدا بە زمانی کوردی، بۆیە ترسی ئەوەم لێی نیشت کارەکەم سەرکەوتوو نەبێت و بکەومە هەڵە و کەم کوڕی زۆرەوە و کتێبەکەم بکەوێتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی توندی خوێنەرانی ئازیزەوە.

چونکە لە ڕاستیدا نوسین و قسەکردن لەسەر وەها بابەتێك کارێکی هێندە ئاسان نییە، بەڵام خۆشبەختانە دوای چەند مانگێك ئەم کتێبە لە بازاڕدا نەماو و زۆرێك لە کتێبخانەکان داوای دووبارە چاپکردنەوەیان لێ کردم، وەلێ لە بەر چەند هۆکارێك بەباشم زانی چاپی دووەمی هەندێك دوا بخەم، کاتێکیش داواکاری لە سەر کتێبەکە زیاتر بوو، لە سەر داوا و پێشنیاری چەند هاوڕێ وکتێبخانەیەك بڕیارمدا بەم پێشەکییە کورتە و بەدیزاینێکی ترەوە چاپی دووەمی ئەم کتێبە بخەمەوە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، بەو ئومێدەی خزمەتێکم بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی کردبێت.


www.iqra.ahlamontada.com

## پێشەکی چاپی یەکەم

گومانی تێدا نییە کتێبخانەی کوردی لە چەندین بواردا تا هەنووکە هەژارە، زۆر بابەت و چەمك و ڕووداوی سیاسی و فیکری و کۆمەلآیەتی هەبووە و هەیە لە جیهاندا، جێی داخە خوێنەری کوردی لە ئاستە جیاجیاکاندا، کەمترین ئاگایی و شارەزایی لێی هەیە.

لە پشت ئەم ڕەوشەش چەندین فاکتەر بونیان هەیە، وەك نەبوونی کتێب و لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی لە سەر ئەو بابەتانە، یان شەرم و گومان و ترسی ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەمەکانی کورد لە هەمبەر دەرخستنی ڕاستییەکان لە سەر وەها بابەتگەلێك، ئەمەشیان ئەگەرچی ڕێژەکەی هێجگار بەرزە، بەلآم بەرەهاییش نییە. ڕەنگە ئەمڕۆ زۆر تەوەر و بابەتی گرنگ هەن خوێنەری کورد کەمترین زانیاری و ڕۆشنبیری لە سەر هەبێت، ئەمەش بە تێڕوانینی بەندە گرفت و کورت هێنانە لە نێو فەزای ڕۆشنبیری ئێمەدا.

یەکێك لەو بابەتە گرنگانە تا ئەمڕۆ بۆ خۆم کتێب یان لێکۆڵینەوەی جددی و فراوانم بە زمانی کوردی لە سەر نەبینیوە، بابەتی ماسۆنییەتە، ڕاستە داینگە و ژینگەی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە ولآتی ئێمە نییە، هەروەها بە دوریشی دەزانم چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە کوردستان گێڕابێت یان بوبێت، هەموو ئەوەش بەو مانایە نییە ئێمە مشوری وەها بابەتێك نەخۆین و زانیاری و ڕۆشنبیریمان لە سەری نەبێت، ئەم


www.iqra.ahlamontada.com

بزوتنەوەیە وەك ڕێكخراوێكی نهێنی و كاریگەر و خاوەن باككراوندێكی فرەڕەهەند لە دونیادا زۆرترین قسەی لەسەر دەكرێت، هەندێك بەستایش و گرنگییەوە لێیدەڕوانن، هەندێكیش لێبڕاوانە خستویانەتە بەر شەپۆلێكی توندی ڕەخنە و تاوان و بەدەیان كارەسات و ڕووداوی سیاسی و فیكری تۆمەتبار كراوە وبەدەستكرد و پیلانی جولەكە دێتە ئەژماردن، دیارە ئەم وێنە تەڵخەش زیاتر لای عەرەب بەدیی دەكرێت بەرانبەر بەم جولآنەوە پڕ لەلوغز و نهێنییە، تاكو ئێستا لە دونیادا بەسەدان و بگرە زیاتریش كتێب و لێكۆڵینەوە لەسەر لایەنە جیاجیاكانی ئەم بزوتنەوەیە نوسراوە بە هەردوو دیوی ئەریێ و نەریێ دا، بەشێكی زیاتر ئەو كتێبانەی لە بەردەستدان، بەرهەمی نوسەر و ڕووناكبیرانی عەرەبن و بەزۆریش بەئاقاری پیشاندانی وێنەیەكی تەڵخ و ناشیرینی ماسۆنییەت دا كاریان كردووە، بۆیە لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ڕاستییە ڕابكێشم. بەندەش بۆ نوسینی ئەم بابەتە پتر گەڕاومەتەوە بۆ سەرچاوە عەرەبییەكان، وەلێ چەند پێم كرابێت خۆمم لە سۆزو عاتیفە بەدور گرتووە و وامكردووە بیێ لایەنانە كار لە سەر ئەم بابەتە هەستیارە بكەم، هەروەها دەخوازم دیقەتی خوێنەر بۆ ئەو ڕاستییە ڕابكێشم و بڵێم پتر مەبەستم لە نوسینی ئەم بابەتە یان لێكۆڵینەوەیە ئاشناكردنی خوێنەری كوردە بە مێژوو و پێناسە و جۆر وئامانجی ئەم كۆمەڵەیە، دەبێت بزانرێت نەهاتووم وەك ڕەخنەگریك یان وەك ستایش و پیاهەڵكارێك قسە لەسەر وەها



www.iqra.ahlamontada.com

بابەتێك بكەم، هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا ئەمەیان كاری بەندە نییە، بۆیە سەرەتا دەكارم تەنها كۆمەڵێك زانیاری جۆراو جۆر لەسەر ئەم ڕێكخراوە نیمچە نهێنییە بخەمە بەر دەستی خوێنەری كورد.

لە كۆتاییدا ئومێد دەكەم ئەمە هەنگاوێكی سەرەتایی بێت بۆ كردنەوەی دەروازەیەك، یان قسەكردنێكی جددی و بەرفراوان بێ لەسەر ئەم بابەتە، هەنوكە لانی كەم بۆ دەوڵەمەندكردنی هەگبەی ڕۆشنبیری كوردی فرە پێویستە، ئەوەی ماوە ئاماژەی بۆ بكەم ئەوەیە وەها بابەتێك بێ خەوش و كەم وكوڕی نابێت، هیوادارم لە ئایندەدا كار و بەرهەمی باشتر لەم بوارانەدا ببینین و بەهەوڵ و كۆششی هەمووان بۆشاییەكانی نێو كتێبخانەی كوردی پڕ بكرێنەوە.


www.iqra.ahlamontada.com

# بزوتنەوە نهێنییەکان لە مێژوودا

ڕەنگە پرسیاری هەرە لۆژیکی ئەوەبێت، ئاخۆ پەیوەندی نێوان ئەم بابەتە و بزووتنەوە و گروپە نهێنییەکان لەمێژوودا چین؟ دیارە ڕۆچوونە نێو مێژووی ئەم ڕێکخراوانەوە ئەو پرسیارە لای خوێنەر دروست دەکات.

بەرسڤی هەرە لۆژیکیش بۆ هەمان پرسیار، سروشت وپێکهاتە و خەسڵەتەکانی خودی ماسۆنییەتە، تا ئەندازەیەك هاوتەریب و نزیکە لە دۆخ و تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێکخراوانەوە، جگە لەوەی بۆچوونێکی تەندروستیش هەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، لانی کەم ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنییەت دەگەڕێتەوە بۆ هەناوی هەندێك لەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە، یان وردتر بڵێین بۆ دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە سوود لە تایبەتمەندی و دروشم و خەسڵەتەکانی ئەو ڕێکخراوانە وەرگیراوە، ئەم بۆچوونەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە جۆرێك لە هاوبەشی بوون لە ڕێوڕەسم و هێما و دروشم و هەڵسوکەوتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەبینرێت دواتر لە لایەن ماسۆنییەتەوە بە کارهاتووە و کاری لەسەرکراوە.

بۆ تێگەیشتن لە هەندێك لە تایبەتمەندی و مێژوو و خەسڵەتەکانی ئەم ڕێکخراوانە و دواتر بەراوردکردنی لە گەڵ


www.iqra.ahlamontada.com

کۆمەڵەی ماسۆنییەتدا، باش وایە پێش چوونە سەر باسی بابەتە سەرەکییەکەمان، چەند سەرەقەڵەمێك لە سەر هەندێك لەو کۆمەڵە و هێزە شاراوە و نهێنییانەی نێو مێژوو بخەینە ڕوو، کە دواتر وێنەیەکی ڕوونترمان لە سەر خودی ماسۆنیزم پێدەدا.


www.iqra.ahlamontada.com

# هێزی شاراوە (القوة الخفية)

دوای هاتنی مەسیح لە ساڵی (٤٣)ی زایینی، وڵاتی فەڵەستین و ناوچەی قودس (ئۆرشەلیم) لە لایەن پادشا (هیرۆدۆسی دووەم) کە بە(ئەغریپا) ناسرابوو فەرمانڕەوایەتی دەکرا، پادشا ڕاوێژکارێکی جولەکەی هەبووە بەناوی (حیران ئەبیود) ئەم کابرایە زۆر دژ بەمەسیحییەت و لایەنگرانی بووە، بەتایبەتی کاتێك تا دەهات لایەنگرانی مەسیح لە ناوچەکەدا ڕووی لە زیادبون دەکرد، بۆیە پێشنیارێك دەخاتە بەر دەستی پادشا هیرۆدۆس و تێیدا داوا دەکات ڕێکخراوێکی نهێنی دروست بکات، ئامانجی دژایەتیکردنی پیاوانی ئایینی و لایەنگرانی مەسیحییەت بێت، هەر لەم پێشنیارەدا بە جددی بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بەمەبەستی ڕێگرتن لە هەنگاوەکانی گەشەکردنی ئایینی مەسیحییەت و قڕکردنی هەڵگرانی بیروباوەڕی ئەم ئایینە.

بەمەش هیرۆدۆس بە بیرۆکەکەی (حیران) ڕازی دەبێت و لەهەمانکات داوای لێ دەکات یاداشتێکی تەواوی لە سەر بیرۆکە و پێشنیارەکەی پێشکەش بکات بە ئامانجی جێبەجێکردنی، هەروەها بە شێوەیەکی سەرەتایی و پێش ئەوەی ناوەڕۆکی یاداشتەکە ببینێت یەکسەر پادشا بەڵێن دەدات وەکو خۆی جێبەجێی بکات، بۆ


www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆژی دواتر (حیران) یاداشتەکەی خۆی لە سەر پێکهێنان و ئامانجەکانی ئەو هێزە شاراوەیە دەخاتە بەر دەستی پادشا، بۆیە بەباشمان زانی دەقی یاداشتەکە بەعەرەبی بخەینە بەر دەستی خوێنەر، دەڵێت:

(مولای الملك: لما رات انا خادمكم ومستشاركم المطيع لأوامركم العلية، إن لاحيلة لجمع شتات كلمتنا، وان لا امل بقوة تدفع تلك القوة التي ولا شك (خفية) الا بانشاء قوة خفية مثلها، فلذلك ارى من الصواب والواجب اذا حسن في عين جلالتكم وارتايتم راي عبدكم بانشاء جمعية ذات قوة اعظم منها تضم القوة اليهودية المهددة من تلك القوة الخفية، ولا يكون عالما بمنشئها ووجودها ومبادئها واعمالها الا من كان داخلا فيها، ولن ندع احدا يعرف اننا اسسناها الان الا المؤسسين الذين تختارهم جلالتكم. واما قراراتها السرية الهامة فلن يعرفها الا من يكون عضوا كاملا فيها، وسيكون مركز الجمعية هنا (في اورشليم). وسننشىء لها فروعا في سائر الانحاء خاصة تلك التي لم ينتشر فيها المبشرون بتعاليم الدجال اليسوع وشرائعة التي جاء بها، وسنها متجاسرا، فبذلك يامولاي نوحد القوة المنشودة التي بها نناهض ونحارب ونلاشي تلك القوة التي تهدد كياننا.

ودمتم جلالتكم ابد الدهر باحترام وقوة

عبدكم المخلص للعرش حيران ابيود)



www.iqra.ahlamontada.com

واتە: (پاشای گەورەم: کاتیٚ منی خزمەتکارو ڕاوێژکاری ملکەچی فەرمانە بەرزەکانی ئێوە بینیم هیچ فڕوفێڵێك لەوەدا نییە ڕاوبۆچوونی پەرش و بڵاومان یەکبخەین، هیچ هێزێك جێگەی ئومێد نییە ئەو هێزە لابدات کە بێشك هێزێکی نهێنییە, تەنیا بەدروستکردنی هێزێکی وەك ئەو نهێنی نەبیٚ، بۆیە ئەگەر لە دیدی ئێوەی خاوەنشکۆ پێشنیاری بەندەتان کارێکی پەسند بیٚ، پێم وایە کارێکی دروست و ئەرکێکیشە کۆمەڵەیەکی خاوەن هێزێکی مەزنتر لەو پێکبهێنین، ئەو هێزە جوولەکەیە لەخۆبگرێت کە لەلایەن ئەو هێزە نهێنییەوە هەڕەشەیان لەسەرە، نابیٚ هیچ کەسێکیش ئاگاداری دامەزرێنەرو بوونی و پرەنسیپ و کارەکانی بێت تەنیا ئەو کەسە نەبیٚ لەنێویدایە، ڕێگە نادەین هیچ کەسیٚ بەوە بزانیٚ ئێمە ئێستا دامانمەزراندووە تەنیا ئەو دامەزرێنەرانە نەبیٚ کە ئێوەی خاوەنشکۆ هەڵی دەبژێرن. سەبارەت بە بڕیارە نهێنییە گرنگەکانیش نابیٚ کەس بیزانیٚ تەنیا ئەوانە نەبن کە ئەندامی تەواون تێیدا، ناوەندەکەشی لێرە لە (ئۆرشەلیم) دەبیٚ. دواتر لە هەموو شوێنێك لقی لیٚ دادەمەزرێنین، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی مژدەدەرانی ڕێنماییەکانی یەسوعی دەجال و ئەو شەریعەتەی کە هێناویەتی و بەشێوەیەکی بوێرانە دایڕشتوون، تێدابڵاونەبۆتەوە. بەمە گەورەم ئەو هێزە خوازراوە یەك دەخەین کە بەهۆیەوە هەڵدەستینەوەو ڕادەپەڕین و دەجەنگین و ئەو هێزە دەپلیشێنینەوە کە هەڕەشە لە بوون و قەوارەمان دەکات.


www.iqra.ahlamontada.com

هەموو كات شكۆدارو ڕێزدارو بەهێز بن
بەندەی دلسۆزی تەختتان حیران ئەبیود)

دەبێت بزانرێت سەرەتا (حیران) لە یاداشتەکەیدا، هێرشێکی توند دەکاتە سەر خودی مەسیح و لایەنگرانی، پێی وابووە سەرهەڵدانی ئەم ئایینە گەورەترین مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی بەگشتی و خودی جوولەکە بەتایبەتی، هەروەها بۆچوونەکانی خۆی وا دەخاتە بەر دەستی پادشا: ئەم هێزە (مەسیحییەت) هێزێکی نهێنی و شاراوەیە ودەیەوێت ئایین و بیروبۆچوونە ترسناکەکانی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ، چوونکە مەسیح بە کار و ئامۆژگارییە تاریك و مەبەستدارەکانی دەیەوێت دڵ و دەرونی گەلی یەهودی هەڵبژێردراوی خوا لە خشتە ببات.

بەکورتی (حیران) ویستوێتی وا لە پادشا تێبگەیەنێت، ئەم ئایینە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر جوولەکە، چ وەك ئایین، چ وەك نەتەوە و نیشتیمان، بۆیە پێویست دەکات ئێمەش هێزێکی نهێنی هاوچەشنمان هەبێت، تاکو بە گژ پیلان و کاری دوژمنکارانەی ئەم هێزەدا بچێتەوە و بەرگری لە ئایین و کیانی جوولەکە بکات. دواتریش باس لە چۆنێتی پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە نهێنییە دەکات، هەروەها جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە دەبێت بارەگای ئەم ڕێکخراوە نهێنییەی جولەکە لە (ئۆرشەلیم) بێت، پاشان لە شوێنەکانی تری تایبەتیش لق وبارەگای تری هەبێت.


www.iqra.ahlamontada.com

دوای ئەوەی (هیرۆدۆس) ئەم یاداشتە دەخوێنێتەوە، کە بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێزی شاراوە) دەبێت، یەکسەر بە شادومانییەوە ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت بۆ پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە و لەبەرانبەردا زۆریش ستایشی (حیران) دەکات کە لە بنچینەدا خاوەنی ئەم بیرۆکەیەیە، پاشان داوا دەکات بۆ ئەم مەبەستە ڕاوێژ بە (مۆاب)ی دەستە ڕاستی بکرێت، بۆ زیاتر دانان و پتەوکردنی بەردی بناغەی ئەم کۆمەڵەیە.

بۆیە لە ڕۆژی (٢٦حوزەیرانی ساڵی ٤٣)ی زایینی، پادشا (هیرۆدۆس) لەگەڵ (حیران) و (مۆاب لاڤی)دا کۆدەبێتەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا پادشا کۆمەڵێك بیر و سەرنجی خۆی لە مەڕ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە باس دەکا و تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەبێت پەلە بکرێت لە دامەزراندنی، کە بێگومان دەبێتە مایەی یەکدەنگی و یەك ڕیزی نەتەوەی جوولەکە، هەروەها داوای ئەوەش دەکات کۆمەڵێك هاوڕێی تریش لەم پرۆژەیەدا هاوبەشییان بکات، وەلێ دەبێت ئەمانە کەسانێك بن نهێنی پارێز و جێگای بڕوا بن و زۆریش دڵسۆزبن بۆ ئایینی جوولەکە و چۆنێتی پاراستنی لە هەر هەڕەشە و کارێکی دوژمنکارانە، هەر لەم وتەیەدا پادشا زۆر سوپاس و ستایشی (حیران) دەکات کە هەوێنی ئەم بیرۆکەیە بووە، دوای دانانی هەندێك ڕێنمایی وئامۆژگاری و هێمای نهێنی، بەفەرمی بڕیاری پێکهێنانی ئەم کۆمەڵە شاراوەیە دەدەن، هەروەها لە سەر


www.iqra.ahlamontada.com

ئەم ناوانەی لای خوارەوە ڕێکدەکەون وەك دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە:

| | |
|---|---|
| پادشا هیرۆدۆسی دووەم (ئەغریپا) | سەرۆکی کۆمەڵە |
| حیران ابیود | جێگری سەرۆك، خاوەنی بیرۆکەکە |
| مۆاب لافی | نهێنی پارێزی کومەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| جوهنان | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| انتیبا | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| جاکوب ابدون | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| سلومون ابیرون | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| جواب ادونیرام | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |
| ابیا لافی | ئەندامی کۆمەڵە، دەستەی دامەزرێنەر |

بەمەش هیرۆدۆس بە هاوکاری حیران و ڕاوێژکارەکانی بەردی بناغەی (هێزی شاراوە) دادەنێت و خۆی دەبێتە یەکەم سەرۆك و حیرانیش بە جێگر، دەتوانرێت ئەم کۆمەڵەیە بە کۆنترین وگرنگترین ڕێکخراوی نهێنی جولەکە لە مێژوودا بێتە ئەژماردن، پاشان هەر (٩)ئەندامە دامەزرێنەرەکەی سوێندی تایبەت دەخۆن، کە بەم شێوەیە بووە: (انا فلان بن فلان، اقسم بالله وبالتوراة بانني حيث


www.iqra.ahlamontada.com

صرت عضوا من الاعضاء التسعة الاعضاء المؤسسين جمعية القوة الخفية اتعهد الا اخون اخواني الاعضاء بشيء يضر بشخصيتهم، ولا بكل ما يعود لمقررات الجمعية، اتعهد بان اتبع مبادئها، واتمم كل ما نقرره باتفاقنا نحن التسعة المؤسسين بكل دقة وطاعة وضبط، وبكل غيرة وامانة، اتعهد ان اجتهد بتوفير عدد اعضائها، اتعهد بمناهضة كل من يتبع تعاليم الدجال يسوع، ومحاربة رجاله حتى الموت، اتعهد بان لا ابوح باي سر من الاسرار المحفوظة بيننا –نحن التسعة– لاي كان من الخارجين او من اعضائها. واذا خنت بيميني هذه وثبت خيانتي باني بحت باي سر، وباية مادة من مواد قانونها الداخلي، المحفوظة لنا نحن، ولحلفائنا فقط، يحق لهذة العمدة الثمانية، رفقائي ان تميتني باية طريقة كانت ).

ئەم جۆرە سوێند خواردنە، ڕەنگە لە مێژوودا کەم بێت چ لە ڕووی تایبەتمەندی و بڕگەکانییەوە چ لە ڕووی ئاستی وابەستەبوون و ترس و پاراستنی نهێنییەکانەوە، کە سوێندخۆر بە تەواوەتی ملکەچی دابەونەریت و یاسا و ڕێساکانی ئەم کۆمەڵەیە دەکات و پیرۆزییەکی گەورەی پێ دەبەخشێت، وا بە ئاسانی نەتوانێت ئەندامێتی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، یان بچوکترین نهێنی و تایبەتمەندی ئاشکرا بکات، دواتر دەستەی دامەزرێنەر بە ئامادەبوونی پادشا هیرۆدۆس، بەردی بناغەی یەکەم (محفل) دادەنێن و ناوەکەشی (محفل اورشليم) دەبێت. ئەم هێزە شاراوەیە کۆمەڵێك ڕێوڕەسم و داب و نەریت و یاسا و هێما و ئاماژە بۆ خۆی


www.iqra.ahlamontada.com

دادەنێت، بۆ کاتی مەراسیم و چۆنێتی بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسم و کارو بەرنامە نهێنییەکانیان، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی، دەکرێت فاکتەرەکانی پشت دامەزراندنی ئەم هێزە بە زۆری بریتی بن لە:

- دامەزراندنی هێزێکی شاراوە و تایبەت بە بەرژەوەندییەکانی جولەکە.
- پاراستنی ئایین و نەتەوەی جولەکە لە هەر هێرش و پەلامارێکی دەرەکی و دوژمنکارانە.
- دژایەتیکردنی مەسیحییەت و پیاوانی ئەم ئایینە، هەروەها ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی لە ناوچەکەدا.

دواتر دێینە سەری و دەبینین هاوشێوەبونێکی زۆر بە دی دەکرێت لە نێوان هێزی شاراوە و کۆمەڵەی ماسۆنیزمدا، زۆربەی شارەزایان بە تەواوکاری یەکتریان دەزانن.



www.iqra.ahlamontada.com

# ئەلغەنوسییە (الغنوصية /العرفانية)

مێژووی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش سەرهەڵدانی مەسیحییەت، دواتریش پەلی هاوێشتووە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوین، یەکێك لە ڕەمز و دروشمەکانی وێنەی (ئەبراکساس/abraxas)ە، بریتییە لە لەشی مرۆڤ و پۆشاکی سەربازی لە بەردایە، بە دەستی ڕاستییەوە باڵتەیەکی شەڕی هەلگرتووە، ئاماژەیە بۆ هەڕەشەکردن لە دوژمن، بەدەستی چەپیشییەوە قەڵخانێکی سپییە و زۆرجار تێیدا وشەی هێز یان (سابوت)ی لە سەر نوسراوە، ئەم جەستەیە نیوەی لە وێنەی مرۆڤدایە، سەری بریتییە لە کوڵەوەی بابێك وهەردوو قاچیشی دوو ماری دوو وانەن.

ئەم گروپە پابەندی هیچ ئاینێکی دیاریکراو نەبوونە، یان بۆ خۆیان هیچ ئاینێکی تایبەتیان نەبووە تاکو بیپەرستن، تەنها وێنەی (ئەبراکساس) نەبێت، هێمایەك بووە بۆ بوونی هێزێ کە دروستکاری ئاوەزی مەزنە، یان خاوەن توانایەکی گشتی بووە، چوونکە هەر یەك لەو پارچانەی کە لە وێنەکەدا هاتوون، ئاماژەیەکن بۆ مەسەلەیەك کە پیرۆزی و گرنگی خۆی هەبووە لای ئەم گروپە.

غەنوسییەکان خۆیانیان وادەبینی دەستبژێریکی عەقلانین وتەنها ژمارەیەکی تایبەت دەتوانن لەمان بگەن، چوونکە هەر


www.iqra.ahlamontada.com

کەمینەیەك لە خەڵك دەتوانن لەم پەیام و تایبەتمەندییان تێبگەن، هەر ئەمەش وای کردووە وەکو گرپێکی نهێنی داخراو بمێننەوە، ئەم سروشتەیان وای کردبوو بۆ پاراستن و مانەوەیان بە نهێنی کۆمەڵێك هێما وشە و و جوڵەی نهێنی بە کاربهێنن بۆ هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەیان.

لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵە شاراوەیە ئایینی نەبووە وەك هەر بیر و باوەڕێکی تری نێو ئایینەکان، هەرچەندە لە گەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا دانیان بە ڕێباوەڕی (الظاهرية)دا نا لە هەموو ئاینەکاندا، ئەمان سودیان لە هەموو سیستەمە ڕامیاری و ئاینیەکان دەبینی، بەمەش غەنوسییەکان کاریگەری قوڵیان لە سەر ئاوەزی خەڵك دانا بوو، بە تایبەتی لە ئەوروپادا و بەتەواوی لە سەدەکانی ناوەڕاست ودواتریش. پەیڕەوکردنی هەندێك باوەڕ و بەکاربردنی چەندین نهێنی عیرفانی، بە تایبەتی پەنابردنە بەر جادوو و بەردە پیرۆز و ڕەنگرێژەکان و چەندین ناو وشەی شاراوە، هەموو ئەمانە فاکتەری بابەتی بوونە بۆ کاریگەری خستنە سەر خەڵك تاکو بڕوا بە گروپی (الغنوصية) بهێنن و ئومێد بە بیروباوەڕو پەیامەکانیان بهێنن، لە ڕووی بڕوا و ئاکاریشەوە، ئەم گروپە وەکو زۆریك لە گروپە فیکری و ئایینییەکان بڕوایان بە بوونی هەردوو هێزی (الخير والشر) هەبووە، پێیان وابووە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو هێزدا، تەنها غەنوسیەکان دەتوانن ئەم کارە ڕابگرن.


www.iqra.ahlamontada.com

غەنوسیەکان لەو ڕۆژگارەدا توانیویانە وەکو گروپێکی نهێنی، کاریگەری قوولّ لەسەر کۆمەڵگە دابنێن و تاڕادەیەك ئەگەرچی بە شێوەی داب و نەریت و باوەڕە نهێنییەکانی خۆی بەسەر ئەندام و لایەنگرانیدا بسەپێنیّ، بۆیە کاتێك دیقەتی تایبەتمەندی زۆریك لە ڕێکخراوە نهێنییەکانی مێژوو دەدەین، دەبینین لە چەندین بواردا جۆرێك لە هاوشێوەبوون یان چوونیەکی لە نێوانیاندا هەیە، بە تایبەتی لە نێوان غەنوسی وگروپە نهێنییەکانی جولەکە، بۆ نموونە:

- پێش سەرهەڵدانی مەسیحییەت و دواتریش دەبینین تێکەڵەیەك یان نزیکییەك هەبووە لە نێوان جوولەکە وغەنوسییەکاندا، هەر بۆیە یەکێك لە گروپەکانی جوولەکە بە غەنوسی ناودەبرا.
- پەنابردنی هێزی شاراوە (القوة الخفية) بۆ ڕەمز و هێما و نهێنی، لە هەمان کاتدا گەر سەرنج بدەین هەمان شێواز لای غەنوسیەکانیش کاری پێکراوە.
- غەنوسیەکان پەنایان دەبردە بەر جادوو، کەچی وەك زانراوە گروپێکی جوولەکە بە ناوی (القبالة اليهودية)یش هەمان کاریان دەکرد.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# حەشاشەکان (الحشاشون)

دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لە نیوە دورگەی عەرەبیدا، چ لە پەنای ئەم ئاینەدا و چ لە دژ و ڕکەبەرایەتیدا، چەندین گروپ وتاقمی دژبەیەك پەیدابوون، هەر یەکەیان بە جۆریك لە جۆرەکان و بە جیاواز لە بنەماکانی ئیسلام یان جیاواز لە گەڵ هەندێك باوەڕ و بنەمای ئیسلامیدا هاتنە کایەوە، بەبنەما و فۆرمی تایبەت بە خۆیان هاتنە مەیدانی کار.

ڕێکخراویی (الحشاشون) وەك هەر کۆمەڵەیەکی نهینی، لە نێو کۆمەڵگەدا دروستبوون، وەك دیارە لایەنگرانی ئیسلام لە سەدەی حەوتی زاییندا دابەشبووبوون بۆ سەر دوو گروپ یان دوو ڕێباز و باوەڕ، سوننە کە موحەممەدی پێغەمبەریان بە سەرچاوە و ڕێبەر دەزانی، هەرچی شیعەشە بایەخی زیاتریان بە ئیمامی عەلی دەدا، سەرباری ئەوەی بە ئاشکرا نەیاندەتوانی نکۆڵی لە بوونی موحەممەد بکەن وەك نێردەی خوا، ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشەکانی نێو دونیای ئیسلامی بووە.

شیعەکان هەر لە دەستپێکەوە بۆ خۆپارێزی پەنایان دەبردە بەر کاری نهێنی و دروستکردنی ڕێکخراوی شاراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەرچەندە ئەم گروپە کەمینە بوونە بە بەراورد


www.iqra.ahlamontada.com

بەسوننەکان، وەلێ هەمیشە لەو باوەڕەدا بوونە ڕۆژێك دادێ دەتوانن شکست بە زۆرینە بهێنن، ئەمەش زیاتر هانیدان تاکو لە چوارچێوەی تاقم و گروپی شاراوەدا کاری نهێنی و ژێر بەژێر بکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان، بەو ئومێدەی ببنە سەرداری هەموو جیهان.

دیارە لە سەر ڕەگ و ڕیشەی ناوی ئەم گروپە بۆچوونی زۆر هەن، بە نموونە (احمد امين) دەڵێت: ئیسماعیلییەکان دەگەڕێنەوە سەر ئیمامی ئیسماعیل، کە حەوتەم ئیمام بووە، هەر بۆیە بەلایەنگرانی دەڵێن (السبعية) هەندێکجار بە تاقمێك لەمانە دەڵێن (الحشاشون) لەبەر ئەوەی بۆ سەرخستنی بانگەوازەکەیان حەشیشیان بە کار دەهێنا، هەندێکیشیان بە (الفدائيين) ناوزەد دەکران. بەم پێیە بێت حەشاشەکان بەشێکن لە تاقمی ئیسماعیلییەکان، بەڵام بە هەندێك جیاوازی کەمەوە، چوونکە ئەمان ترس و تۆقاندن و حەشیشیان بەکاردەهێنا لەناو لایەنگر و هەوادارانی خۆیاندا، ئەمەش لە بەر دوو فاکتەری سەرەکی:

یەکەم: بە مەبەستی پاراستنی نهێنی گروپەکەیان.

دووەم: تاکو هیچ کەس لەئەندامەکانی بە ئاسانی نەتوانێ، ئەندامێتی خۆی هەڵپەسێرێ واز لەم ڕێکخراوە بهێنی.

ئەوەش کە پێویستە هەنووکە لە سەری بوەستین، باس و خواسی حەسەن سەباحی شێخی چیاکانە، لە بنەچەدا خەڵکی دەڤەری خۆراسانی وڵاتی ئێرانە، دوای ئەوەی ئەکەوێتە ژێر


www.iqra.ahlamontada.com

کاریگەری بیروبۆچوونی ئیسماعیلییەکانەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی ولاّتی میسرِ دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە ئێران و بەفۆرم و ڕیتێمیکی جیاوازترەوە دەکەوێتە کار، لێرەو لەوێ لایەنگر و هەوادار بۆخۆی پەیدا دەکات، شێخی چیاکان زیاتر لە ئیسماعیلییەکانی قاهیرە، پەنا دەباتە بەر کاری نهێنی و شاراوە، هەرگیز سانا نەبووە بۆ کەسێکی تر لەدەرەوەی ئەم ڕێکخراوە بتوانێت لەو سەردەمەدا کەمترین زانیاری لەبارەیانەوە هەبێت، ئەم گروپە بۆ سەرخستنی پەیامەکەیان، کۆمەڵێك بابەتیان پەیڕەو دەکرد، بە تایبەتی لە قەلاّی مەرگ (قلعة الموت)دا، وەك:

- هەمو هەڵسوکەوت و جوڵە و کارکردنێکیان دەخستە خانەی نهێنی و بەکاربردنی سیمبول و ئاماژە و هەندێك جوڵەی جەستە و ڕوخسارەوە، تەنانەت شوێن و جێگا گرنگەکانیان هەموو کەس پێی نەدەزانی لە کوێن و چۆن بۆی دەچن.
- بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن، بەتایبەتی لەنێو ئەندامەکانیاندا.
- وەرگرتنی ئەندام، دەبوایە بە چەندین قۆناغ و تاقیکردنەوەی پڕ لەترس و تاقەت پڕوکێندا بوایە.
- بەکارهێنانی سیاسەتی دیماگۆجی و خەڵك خەڵەتاندن بۆ پەیداکردنی ئەندام و هەوادار و پێدانی مژدەی بەهەشت...هتاد.


www.iqra.ahlamontada.com

- بۆ چاوبەستن و لەخشتەبردن و ئاشکرانەبوونی نهێنی و ڕێوڕەسمە تایبەتییەکانیان، مادەی هۆشبەری حەشیشەیان بەکار دەهێنا، هەر بۆیەش ئەم ناوەیان بڕاوە بەبەردا.
- ئەنجامدانی کاری ژێر بەژێر و تیرۆرکردنی نەیارەکانیان، بۆ نموونە: لە ساڵی(١١٠٠)زاینی ئەم گروپە (٣٦٠)میر و سەرکردەی دیاری موسڵمانیان کوشتووە.

هەروەها ئەم گروپە بەوە تاوانبارکراون، کە هاوسۆز و هاوکار بوونە لە گەڵ خاچدروشمەکان لە دژی موسڵمانان، چوونکە حەسەن سەباح و هەوادارانی دژی فەرمانڕەوایەتی عەباسی بوونە و هەمیشە لە ململانێی توند دابوونە، ئامانجی سەرەکییان ئەوە بووە، دەسەلآتی هەموو ناوچەکە بگرنە دەست و تەنها خۆیان فەرمانڕەوابن، هەر بۆیە لە گەڵ ڕۆژگاردا ژمارەی ئەندام و هێزیان زیاتر بووە و بونەتە هێزێکی گەورە و کاریگەر و تۆقێنەر، دەگێڕنەوە جارێکیان خودی حەسەن سەباح وتویەتی خاوەنی (٧٠)هەزار لایەنگرم لە ژن و پیاو لە هەموو ئاسیادا، هەر هەموشیان ئامادەن فەرمانەکانم جێ بەجێ بکەن.

حەشاشەکان کۆمەڵێك ئاماژە و هێما و پیت وێنەیان هەبووە، وەك ئامرازێك بۆ یەکترناسین و گفتوگۆی بێ قسە بەکاریان هێناوە، بۆ لەیەك تێگەیشتن. هەروەها بۆ وەرگرتنی ئەندام و گەیشتن بەپلەکانی بەرپرسیارێتی لەم ڕێکخراوە و کار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نهێنی، چەندین یاسا و داب و نەریتی تایبەتیان

هەبووە. دوای کوشتنی (حەسەن سەباح)یش ئیدی (کیا بوزریق) بووە بەکەسی یەکەمی ئەم ڕێکخراوە، ماوەیەکی زۆر ئەم گروپە لە ناوچە جیاجیاکانی ئاسیا بوونیان هەبووە و کاریان کردووە.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# نورانییەکان (النورانیون)

سەدەی شازدە ولاتی ئەفغانستان سەرهەڵدانی کۆمەڵەیەکی بەهێزی بەخۆوەبینی، کە دەستپێك بەکۆمەڵێك یاسا و ڕێسای نهێنییەوە لەچیاکانی ئەو ولاتە هاتنەبوون و پێیان دەوترا (الروشانیة) یان (النورانیون)، وشەی ڕۆشانییەکان لەبنەچەدا وشەیەکی ئەوروپییە، خاوەنی کتێبی (تاریخ الجماعات السریة) واتای وشەکەی بە ڕووناکی لێکداوەتەوە، هەرچەندە بۆچوونی تریش هەیە وشەی (ڕۆشی) بە تاوێر (الصخرة) داناوە، گەر سەرنج بدەین بۆچوونی یەکەم دروستترە، بۆ نموونە لە زوبانی کوردیشدا وشەی ڕۆشن بەئاوێکی پاك و بێگەرد دەوترێ، یان کاتێك تاریکی شەو پاشەکشە دەکات، دەوترێت دونیا ڕۆشن بووەتەوە، یان ڕووناك بوەتەوە.

وەك شارەزایان ئاماژەی بۆ دەکەن، بەشێك لەنهێنی و مێژوو و داب و نەریت و ڕێساکانی ئەم تاقمە نەماون یان ونبوونە، هەر بۆیە لاپەڕەکانی مێژوویان زۆر بەڕۆشنی نایاتە بەرچاو و کەمترین زانیاریش لە بەردەستدان. کەسی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە ناوی (بایزید الانصاري الافغاني)ە، خانەوادەکەی خۆیان بە نەوەی (سلالة الانصار)ی زانیوە، بایەزید سەرەتا پەیوەندی بە ئیسماعیلییەکانەوە


www.iqra.ahlamontada.com

بووه، ئەگەرچی باوکی موسڵمانێکی سوننی بووه، وەلێ ئەم لە ژێر کاریگەری کەسێکی ئیسماعیلییەوە بیر و باوەڕی خۆی دەگۆڕێت.

سەرەتا بایەزید قوتابخانەیەکی بچووك دادەمەزرێنی، خۆی سەرقاڵ دەکات بەوانە وتنەوە بەو خوێندکارانە، بەتایبەتی لەسەر بابەتی (ما فوق الطبيعة) لە ماوەی (٣) ساڵدا دەتوانێ (٥٠) فێرخواز پەروەردە بکات لەسەر بیروبۆچوونەکانی خۆی، تاکو وردە وردە ئەندام و لایەنگرانی ڕوو لەزیادبوون دەکەن، بەمەش بۆ ئەو سەردەمە ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە نێو دڵ و دەروونی دەسەلأتدارانی ئەفغانستانەوە، بەپێی ئەو نامانەی کە لە لایەن ئەم کۆمەڵەیەوە نوسراون، ئامانجیان بە پێی خشتەیەك سەرلەنوێ دانانەوەی سیستەمی کۆمەلأیەتی جیهان بووه، ئەمەش لە ڕێگای گرتنە دەستی دەسەلأتەوە بووه لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، تاکو هەموو جیهان بخەنە ژێر دەسەلأت و فەرمانڕەوایەتی خۆیانەوە.

نورانییەکان، وەکو باقی کۆمەڵە و گروپە نهێنییەکانی تری دونیا، بۆ وەرگرتنی ئەندام کاریان بە پلەبەندی کردووه، کەسێك ببوایە بە ئەندام لەم ڕێکخراوەدا دەبوایە بەچەند قۆناغێکدا گوزەری بکردبایە، پلەکانی پەیوەندیکردن و ئینتیما بەم شێوەیە بووه:

یەکەم: پەیڕەوکار (السالك).

دووەم: مورید (المريد).

سێیەم: هەژار (الفقير).

چوارەم: عاریف (العارف).


www.iqra.ahlamontada.com

پێنجەم: گەورە (الخواجە) یان (السید).

شەشەم: میر (الامیر).

حەوتەم: پێشەوا (الامام).

هەشتەم: پادشا (الملك).

کەواتا هەشت پلە لە نێو ئەم ڕێکخراوەدا بوونی هەبووە وەکو هەیکەلی تەنزیمی، بێگومان هەر یەکێك لەم قۆناغانە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، مەسەلەی ئەندام بوون هەروا کارێکی ڕۆتین و سەرپێی نەبووە، دیارە پەیتا پەیتا ژمارەی ئەندامەکانیشیان ڕووی لەهەڵکشان بووە.

بایەزید ناوەندی سەرکردایەتی لە چیاکانی ئەفغانستانەوە دەخاتە جوڵە و دەکەوێتە هەڵپەی دروستکردنی قەڵایەکی گەورە و فراوان، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی سەرکردایەتی و هەڵمەتەکانی سەربازی بۆ سەر ناوچە و دەڤەرەکانی تر، هەروەها بەپێی بەرنامەیەك نوێنەری خۆی ڕەوانەی ناوچە جیاجیاکان دەکات، بەمەبەستی ملکەچکردنی هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ فەرمانڕەوایەتی خۆی، بەڵام وەك دەگێڕنەوە ئەم هەنگاوەی سەرکەوتن و پاڵپشتی کەمی بە دەست هێناوە، چوونکە بانگەشەکانی هەروا ئاسان نەبووە لەنێو گەلانی ئیسلامیدا قبوڵ بکرێت.

پاشان بایەزید نازناوی پیری ڕۆشان (حکیم النور) بۆ خۆی دادەتاشێ و شارێك لە (هاشتنجار) وەك ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی


www.iqra.ahlamontada.com

نورانییەت دروست دەکات، تاکو لەوێوە ڕێباز و بیروباوەڕەکەی بە جیهاندا بلاّوبکاتەوە، بۆ هەر کەسێکیش کە دەبووە ئەندام نازناوێکی بۆ دادەنرا بەپێی ئەو ئەرکەی بۆی دیاریکرابێت، بۆ یەکترناسین و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە لەگەڵ یەکتردا، کۆمەڵێك جوڵەی ئەندامەکانی لەش و بەکارهێنانی چەند هێمایەکی نهێنی بووبوونە ئامرازێك لە نێو ئەم گروپەدا، ئەمەش یەکێکە لە خاڵ و خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوان ڕێکخراو و گروپە نهێنییەکان لە مێژوودا، زۆرترین ئەو کەسانەش کە دەبوونە ئەندام و لایەنگری ئەم کۆمەڵەیە، بریتیی بوونە لەخاوەن پیشە وەك بازرگان وەستای دروستکردنی خانو بەرەو پیشەزانەکانی تر.

هەموو ئەم لە یەکچوونانە ئەو بڕوایەی لای توێژەر و زانایان دروستکردووە، کە هاوشێوەیی و نزیکایەتی لە نێوان نورانی و ماسۆنییەتدا هەیە، هەر هیچ نەبێت دەکرێت وای بێنینە ئەژماردن خودی ماسۆنیزم سودی لەزۆر تایبەتمەندی و ڕێوڕەسمی نورانییەکان وەرگرتووە.

لە سەدەی نۆزدەدا، لێکۆڵەرێکی ئەفغانی، تاڕادەیەك لەژێر کاریگەری ئەو گروپەدا بووە، کتێبێکی قەبارە گەورەی لەسەر ئەم هێزە نووسیووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئامانج و کاری سەرەکییان گوایە دژایەتیکردنی مەغۆل بووە، هەروەها هەموو ئەو کار و ڕەفتارە خوێناوی و شەڕانگێزانەی کە بە مێژوویانەوە لکاوە،


www.iqra.ahlamontada.com

هەمووی بەدرۆ دەخاتەوە و پێی وابووە ئەم گروپە تیرۆرست و پیاوکووژ نەبوونە.

پاشان ئیمپراتۆری مەغۆلی فەرمانی گرتنی (بایەزید) دەدا و لەناو شاری (کابول)دا دەیبەستێتەوە و لایەکی سەرو ریشیشی دەتاشێت، دواتر لەسەر داوای رێبەرێکی ئایینی ئەو ولاتە حاکمی مەغۆل بایەزید ئازاد دەکات، دوای ئازادکردنیشی جارێکیتر دەکەوێتە هەڵپەی کۆکردنەوەی سەرباز و چەك و کەرەستەی جەنگ، ئینجا دەکەوێتە بانگەشەی ئەوەی پێویستە ولاتی هیند و فارس بەجەنگ تێکبشکێنرێت، دوای چەندین شەڕو پەلاماری یەك لەدوای یەك، سەرئەنجام ئەم کۆمەڵەیە بۆ سەر دوو تاقمی شەڕکەر و بانگەشەکەری ئایینی دابەش دەبێت، دواتریش ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها گروپی بانگەشەکارانی رێباز وباوەڕی نورانییە و ئەوی تریان دەپوکێتەوە.

دوای چەندین ساڵ، لە ولاتی ئەڵمانیا و لەچەندین شوێنی تری جیهان، بە هەمان فۆرم و ناو و رێساوە ژمارەیەك گروپی هاوشێوە لە ژێر ناوی نورانییەکاندا سەر هەڵدەدەن، بە تایبەتی لە ئیسپانیا و و فەرەنسادا، بە پێی بەڵگەکانیش کەهەن، لە زۆر بواردا نورانییەکانی ئەفغانستان ولاتی ئەوروپا لە یەك دەچن و تا ئەندازەیەك هاوشێوەن، بەڵام تەنها کۆمەڵێك گۆڕانی کەمیان بەسەر چەند یاسا و رێسایەکدا هێنا بوو.



www.iqra.ahlamontada.com

گەر تێبینی بکەین، دەبینین ئەگەرچی لەئامانجدا هەندێك جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم کۆمەڵە و ماسۆنیزمدا، وەلێ لەهەمان کاتدا هەست بەجۆریك لە هاوشێوە بوون دەکرێت لەنێوان هەردوو کۆمەڵەدا، بۆ نموونە:

- نورانییەکان ڕێکخراوێکی نهێنی بووە و وەرگرتنی ئەندامیش بە پێی پلەبەندی بووە، کەچی بەهەمان شێوە ماسۆنییەتیش بەنهێنی کاریکردووە و دەکات.
- ئەندامەکانی هەمیشە دووچاری گوێڕایەڵی کوێرانە کرابوون، کەلە ماسۆنییەتیش دا هەمان شێوە بووە.
- دژایەتیکردنی زۆربەی بنەما و ڕێسا ئاینییەکانی ئیسلام، لەبەرانبەردا خودی ماسۆنیزم دژایەتی هەموو ئاینەکان دەکات، بەتایبەتی هەردوو ئاینی ئیسلام و مەسیحییەت.
- بەکارهێنانی توندوتیژی و تۆقاندن، لە بەرانبەر ئەنداماندا لەکاتی خیانەت و لاداندا.
- بەکارهێنانی سوێندخواردن لای هەردوو کۆمەڵە.
- بڕینی پلەکان بە شێوەی قۆناغ بەندی لای هەردوو کۆمەڵە.

نورانییەکان چ لە ئەفغانستان و دواتر چ لەئەورووپایش خاوەنی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی و نهێنی ترن..


www.iqra.ahlamontada.com

# بزوتنەوەی بابی و بەهائی (البابية والبهائية)

ڕەنگە هاتنی ناوی ئەم دوو بزوتنەوەیە بەیەکەوە، هەر لە بنەڕەتەوە گرفتێك بۆ خوێنەر دروست بکات، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانرێت هەردوو بزوتنەوەکە تەواوکاری یەکن، بەلاّم لە ڕووی ڕێبەرایەتی و دواتر دابەشبوونەوە بۆ سەر دوو بەرە، ئەم حالّەتە یان ئەم دوو ناوە دروست بووە، وەلیّ لە ڕووی سەرهەلّدان و بەشێك لەبنەماکانییەوە ناکرێت بەتەواوەتی مێژوویان لە یەکتر جودا بکرێتەوە.

لە سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە، گروپێکی بەڕوالّەت ئایینی سەرهەلّدەدات و دەبێتە یەکێك لەو گروپە توندڕەوانەی بەتوندی دژایەتی ئیسلام و بنەماکانی دەکەن، ئەو گروپەش ناوی (البابية) و لەولاّتی ئێرانەوە سەرهەلّدەدات، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد ئەم گروپە یەکەم و دوا گروپی نهێنی توندڕەو نەبووە لە مێژوودا کە ولاّتی ئێران بەخۆیەوە بیبینێت، وەلیّ ئەم ولاّتە لە بەر چەندین فاکتەری جیاجیا لانکەی سەرهەلّدانی کۆمەلّێك گروپی لەم جۆرە بووە لە قۆناغە جیاجیاکان دا.

ناوی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ڕێبەر و دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە، ئەویش (میرزا علي محمد الشيرازي)یە، لەدایکبووی شاری شیرازی ئێرانە لەسالّی (١٨١٩)


www.iqra.ahlamontada.com

هەرچی مێژووی بانگەشەکردنیشە بۆ بیرو باوەڕ و ڕێبازەکەی، بە ڕێکی دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٤٤/٥/٢٣) و هەروەها نازناوی (الباب) یشی بۆ خۆی هەڵبژارد.

کورتەی بانگەوازەکەشی بریتیی بووە لەوەی پێغەمبەرایەتی بە موحەممەد کۆتایی پێنەهاتووە و ئەویش دوا پەیامبەر (خاتم الانبیاء) نییە، بەڵکو خوای گەورە هەر جارە و لەکەسێکدا کەسایەتی پەیامبەر دەنێرێت، بێگومان ئەمەش سەرەتایەك بووە بۆ نواندنی خۆی وەك پەیامبەر، سەبارەت بە مەهدی چاوەڕوانکراویش، ئەم زاتە بانگەشەی ئەوەی کردووە خۆی تاکە دەرگا و دەروازەیە بۆ گەیشتن بەو کەسایەتییە، بەو مانایەی تەنها خۆی شایستەی ئەو ناو و جێگەیەیە، دواتریش خۆی بە مەهدی چاوەڕوانکراو چواندووە، پاشتریش خۆی وەك پەیامبەر و نێردراوی خوا ناساندووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی لەناو خەڵکدا ڕایگەیاند کتێبی (البیان)ی بۆ هاتووەتە خوارەوە لەلایەن خواوەندەوە و بەمەش ئیدی قورئان نەسخ دەبێتەوە، دیارە ئەمە تێڕوانینی ئەم گروپەیە و بەدەرە لەتێڕوانینی بەندە، چوونکە ئەوەی ئێمە سەرنجمان دابێت ئەو ڕوانینەی سەرەوە تەنها دیدی دروستکراوی ئەم کۆمەڵەیەوە و هیچ لۆژیکێك لە پشت وەها تێڕامانێکەوە نییە، ئەم دیدانە لەمەڕ کتێبەکە و هەروەها بۆچوونەکان تەنها و تەنها دروستکراوی نێو زهن و بیری خودی دامەزرێنەری بزوتنەوەکەن و بەس، ئەگینا هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر نییە لە دەرەوەی ئەدەبیاتی ئەم گروپە ئەوە

منتدى اقرأ الثقافي



www.iqra.ahlamontada.com

بسەلمێنی، بۆچوون و جیهانبینیان لەمەڕ ئەو مەسەلانەی کە بڕوایان پێیەتی ڕاست و دروست بن، ئەمەی لای خوارەوەش کۆمەڵێك بیروباوەڕ و ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە:

- سەرخستنی (الباب).
- لادان و پچڕاندنی پەچەی ژنان و پێدانی تەواوی مافەکان بە ژنان.
- ڕێگە دان بە ژنان کەلە یەك کاتدا چەند شوویەك بکەن.
- بانگەشەکردن بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامان.

دوای ئەوەی (البابیة) بەشێوەیەکی فراوان لەئێراندا گەشەی کرد، بەهەردوو ئاڕاستەی ئایینی و سیاسیدا کاری خۆی دەکرد، دواتر دەسەڵاتدارانی ئێران ناوبراو دەستگیر دەکەن و پاشان لەشاری تەبریز و لەساڵی (١٨٥٠) لەسێدارە دەدرێت، بۆچوونێکیش هەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە هەر لە گەڵ دروستبوونی ئەم بزوتنەوەیەدا، یەکسەر جوولەکەکانی ئێران پێشوازیان لێی کردووە و هاوکار و هاوسۆزبوونە بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەیە گوایە ئەم گرووپە هەڵگری دروشمی یەکخستنی هەموو ئایین و باوەڕەکانی جیهان بووە، گوایە ئەم دروشمە هاوشێوەی دروشمەکانی ماسۆنیزمە، سەبارەت بە ژمارەی جوولەکەکانی ئێران لەنێو بزوتنەوەی بابیدا بەم شێوەیە بووە:

- لە تەهرانی پایتەخت (١٥٠) ئەندام.
- لە شاری هەمەدان (١٠٠) ئەندام.



www.iqra.ahlamontada.com

- لە شاری کاشان (٥٠) ئەندام.
- لە کلیاکیان (٨٥) ئەندام.

ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان جوولەکە و بزووتنەوەی بابیدا ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەسێدارەدانی ڕێبەری یەکەمی ئەم بزوتنەوەیە، کاریگەری نەگەتیڤ بۆ سەر ئەندام و لایەنگر و ڕێبەرەکانی تریان بەجێ دەهێڵێت، لەئاکامدا حاڵەتی ناکۆکی و دابەشبوون دروست دەبێت و تەواوی ئەم بزوتنەوەیە بۆ سەر سێ گروپ دابەش دەبن بەم شێوەیە:

- کۆمەڵێك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەوەی پێویستە جێگای کەسی یەکەمی بگرێتەوە (میرزا یحیی نور)ە، کە نازناوی (صبح ازل)ی هەڵگرتبوو، بۆیە ئەم گروپە بە (الازلیة) ناسران.
- کۆمەڵێکی تریان پێیان باشبووە (میرزا حسین علي المازندراني) ببێتە ڕێبەری یەکەم، کە نازناوی (بهاء الله)ی هەڵگرتبوو، بۆیە ئەم گروپە بە (البهائیة) ناسران.
- کۆمەڵی سێهەم نەچوونە پاڵ هیچ کام لەم دوو گروپە، بۆیە بە(البابیة المخلصة) ناسران.

هەرچەندە زێدەرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن خودی (میرزا علی) پێش مردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە، دوای خۆی (صبح ازل) جێگەی بگرێتەوە، بەڵام (بهاء الله) کەسی دیار و خاوەن


www.iqra.ahlamontada.com

پێگەی فراوان بووە، بۆیە یەکسەر دوای مردنی کەسی یەکەمی بزوتنەوەکە، خۆی وەکو جێگرەوەی ناساندووە، ئەمەش وای کرد بەشی هەرە زۆری (البابية)کان بچنە پاڵی، لێرەوە ناوی بزوتنەوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بۆ (البهائية).

ئەگەرچی ئەم لقەی بزوتنەوەکەش لە زۆربەی بوارەکاندا، هەڵگری هەمان ڕێچکە بوونە، وەلێ گۆڕانی زۆریش لەتێڕامان و بۆچوونەکانیاندا دروستبووبوو، تا ئەو ئەندازەیەی ئەمەی دواییان پێگەی خۆی لە پێگەی پەیامبەران بەرزتر زانیوە، بەمەبەستی زیاتر خۆناساندن و گەیاندنی پەیام و بۆچوونەکانیان بەگەلانی ناوچەکە، چەندین گەشت و سەردانیان بۆ وڵاتانی ناوچەکە وەکو عێراق و سوریا و فەڵەستین ئەنجامدا، لەم گەشتانەیاندا بانگەشەیان بۆ ئاینێکی نوێ دەکرد و بەڕەهایی ئایینی ئیسلامیان ڕەتدەکردەوە، پێیان وابوو ئەم ئایینە نوێیە، ئایینێکی جیهانییە و هەموو ئاین و ڕێباز و باوەڕەکان لە خۆ دەگرێت.

دوای ئەم بانگەشە و گۆڕانانە، ئەوە بڵاودەکاتەوە لەئاسمانەوە کتێبێکی پیرۆزی بۆ هاتۆتە خوارەوە بە ناوی (الاقدس) هەروەها ئەوەی بڵاوکردەوە دوای دابەزینی ئەم کتێبە، ئیدی هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی تر نەسخ بونەتەوە و نابێت کاریان پێی بکرێت. لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانانەدا تا هاتووە ململانێ و ناکۆکی نێوان (صبح ازل) و(بهاء الله) زیاتر بووە، بۆیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەڵساون بەدورخستنەوەی (میرزا یحیی نور) بۆ قوبرس و هەروەها


www.iqra.ahlamontada.com

(میرزا حسین علی المازندرانی)یش بۆ شاری (عکا) لەفەلەستین، ئەم ڕووداوەش لەساڵی (١٨٦٨)بووە، بەڵام ئەم کارەش وای نەکرد بە تەواوەتی ناوبراو لە هەوادارنی دوور بکەوێتەوە، تاکو لەساڵی (١٨٩٢) کۆچی دوایی دەکات و ئینجا کوڕەکەی بەناوی (عباس) کە نازناوی (عبدالبهاء)ی هەڵگرتبو جێگای دەگرێتەوە.

زۆر لە سەرچاوەکان قسە لەسەر ئەوە دەکەن، گوایە جۆریك پەیوەندی لە نێوان بەهائی و ماسۆنیدا هەبووە، بە تایبەتی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا زۆر هاوکار بوونە و هەر ئەمانیش یەکێك بوونە لەو هێز و لایەنانە کە بانگەشەکار بوونە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و نیشتمانێك بۆ جوولەکە لە سەر خاکی فەلەستین و بەهەنگاوێکی ڕەوایان زانیوە، ئەمەش لە لاپەڕە (١١٨)ی کتێبی (الاقدس)دا بە ڕوونی هاتووە.

ئێستا ناوەندی گەورەی کۆبونەوەی ئەم بزوتنەوەیە، دوای ئێران وئیسرائیل ولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکایە، گەورەترین مەحفەلەکانی بەهائییەی تێدایە، هەروەها لە (٢٦١) ولات مەحفەلیان هەیە، هەرچی ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی ئەم بزوتنەوەیە هەیە، ئەوە ئامارێکی گشتیمان لەبەر دەستدا نییە و ئەوەی زانراوە تەنها لەئێران (٣) ملیۆن ئەندامیان هەیە، ئەوەی ماوەتەوە بیلێین بەشێك لەکار و ڕەفتار و سیاسەتەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەنهێنی دەچێتە ڕێوە، لەم خەسڵەتەشدا لەگەڵ باقی ڕێکخراوە نهێنیەکانی تری مێژوودا یەك دەگرنەوە.


www.iqra.ahlamontada.com

زۆرێك لە نوسەر و چاودێران، لەكۆمەڵێك بابەتدا پێیان وایە جۆرێك لە هاوشێوەبوون و نزیكایەتی لەنێوان هەردوو كۆمەڵەی (البابية /البهائية) و(الماسونية) هەیە، بەتایبەتی لە:

- بابیەكان پێیان وایە زۆربەی فەیلەسوفە یۆنانییەكان لەفەلسەفەی بەنی ئیسرائیلەوە فێری فەلسەفە و مەعریفە بوونە.
- هەوڵدانی (عبدالبهاء) بۆ ئەنجامدانی گۆڕانكاری لەئایینە ئاسمانییەكاندا، تاكو ئایینی مەسیحی و ئیسلام و یەهودییەت یەك بخات.
- باوەڕهێنانیان بەوەی ڕۆژێك دێت، یەكێك لە نەوەكانی (داود) حكومڕانی هەموو جیهان دەكات.
- نیشتەجێبوونی (البهاء) لەشاری عەككا و پێشوازیكردنی لەجوولەكەكان.
- بانگەشەكردن بۆ وێرانكردنی شوێنە پیرۆزەكانی وەك مزگەوتەكان، بەتایبەتی كەعبە و (بيت المقدس).
- هاندانی جوولەكە بۆ نیشتەجێبوون لە فەڵەستین.
- پێیان وایە قودس بەدەستی مەسیحیی و موسڵمانان سوكایەتی پێكراوە، بۆیە پیرۆزی و بێگەردی بۆ ناگەڕێتەوە، تەنها بە هاتنەوەی جوولەكە نەبێت بۆ سەر ئەم خاكە.
- هێرشكردنە سەر ئایینەكانی تر لەقازانجی جوولەكە.


www.iqra.ahlamontada.com

- بەئەندامبوونی زۆرترین ژمارە لەجولەکەکان لەڕیزی ئەم بزوتنەوەیەدا.
- پێشبینیکردنیان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی جوولەکە لەساڵی (١٩٥٧).

هەروەها باس لەوەش دەکرێت، ڕێککەوتنێك لە نێوان (بهاء الله) و ماسۆنییەکاندا هەبووە بۆ دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی ئایینی ئیسلام.

# سوارەکانی هەیکەل (فرسان الهیکل)

ئەم ڕێکخراوە مۆرکێکی ئۆرووپی و خاچدروشمی هەبووە، کاتێك ساڵی (١١١٨) ناوچە پیرۆزەکان دەکەونە بەر پەلامار و پرۆسەی داگیرکاری خاچدروشمانەوە، نۆ کەس لە سوارە دیارەکانی تایبەت بەچاودێریکردنی حاجیانی خاکی پیرۆز، کۆدەبنەوە بەمەبەستی دروستکردنی ڕێکخراوی سواران، دواتر دەبنە یەکێك لە ڕێکخراوە بەهێز و دیارەکانی ئەو سەردەمە، کە لەئەورووپادا وێنەی کەم بووە، لە سەر سرووشت و ڕەگ و ڕیشە ئەم ڕێکخراوە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بێگومان ئامانجی سەرەکییان بابەتی حەماس و پشتگیریکردن بووە لەناو و ناوبانگ و ژیانی مەسیحییەت، کە هەردوو بواری سوارچاکی و بڕوایان کردبووە کاری بنچینەییان بۆ دژایەتیکردنی عەرەب و موسڵمانان، چوونکە دواجار ئەمان هێزێکی کاریگەری نێو خاچدروشمەکان بوونە و لەدژایەتیکردنی بەرانبەردا تۆخ و توند بوونە، ئەم گرووپە مەریەمی پاکیزە(مریم العذراء)یان بەپیرۆز و ڕێبەری ڕوحی خۆیان زانیوە، هەروەها پێکەوە ڕاکۆك بوونە لەسەر ئەوەی بەپێی یاساکانی (قدیس ئۆگستین) بژین و کاربکەن، پاشان (هج دی باینز)یان وەکو یەکەم فەرماندەی خۆیان هەڵبژارد.


www.iqra.ahlamontada.com

دواتر پادشا (بالدوینی دووەم) هاوکاریان دەکات و بەشێك لەکۆشکەکەی خۆی بۆیان تەرخان دەکات، سەرباری پێشکەشکردنی هاوکاری مادیی و مەعنەویی، دوای ئەم هەموو پاڵپشتی و کۆمەکە ئیدی سوێند دەخۆن، پارێزەری نهێنییەکانی باوەڕی مەسیحییەت بن و هەروەها نەهێڵن یەك بست خاکی خۆیان لەبەر دەستی دوژمندا بهێڵنەوە. بەشێکی زۆر لەشارەزایان پێیان وایە دامەزراندنی ئەم گرۆپە لەئاکامی بیرۆکەی ئەو سەربازانەوە هاتووە، کە بەکاری چاودێریکردنی حاجییە کاسۆلیکەکانی فەلەستین هەڵدەستان، هەندێکیش پێیان وابووە ناوی ئەم گروپە لەناوی ڕێکخراوێکی ترەوە وەرگیراوە وەك مێژوو باسی لێوە دەکات سەرەتا ئەم گروپە دەست کورت و هەژار بوونە، وەلێ دوای پشتگیری و هاوکاری بێ سنوری پادشا، دوای یەك ساڵ دەبنە خاوەنی هێز و لایەنگری زۆر.

پاش (٩) ساڵ لەدامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە و بردنە سەری ژیانێکی ئاسایی، دواتر دەبنە خاوەن ئالآیەکی تایبەت بە خۆیان، کە بریتیی بووە لەهەردوو ڕەنگی سپی و ڕەش و ناوەکەشی (beauseant) ئەم ناوەش بۆ یەکەم ئەسپی ئەم گروپە دەگەڕایەوە، ئیدی ئەم وشەیە پاشتر بووە هێما و بانگەوازی شەڕ، دوای ماوەیەك لەخەبات و کار سەرانی ئەم ڕێکخراوە دەکەونە هەڵپەی ئەوەی ڕەزامەندی خودی پاپا و گەورە ئوسقوفی و پیاوانی پلەبەرزی ئایینی وەربگرن و دانیان پێدا بنرێت وەك ڕێکخراوێکی پیرۆز و ڕەوا بناسرێن، وەك لەیەکێك لە ڕاسپاردەکانی سەرۆکی



www.iqra.ahlamontada.com

دێرەکاندا هاتووە بەم شێوەیە ستایش کراون: (انهم لم یدخلوا الحرب مطأطي الرأس، وانما دخلوها متيقظين، هم مسالمون كأطفال حقيقيين لاسرائيل). زۆریك ئەم ڕاسپاردە و ستایشە دەکەنە بەڵگەیەك بۆ هەبوونی جۆریك لەپەیوەندی لە نێوان خاچدروشمان و جوولەکەدا، هەروەها پێیان وایە ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ بوونی پەیوەندی جوولەکە بەم ڕێکخراوەوە.

ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەسوارچاك و سەرکێش و ئازا ناسرابوون، ئەوەش بیویستبایە ببێتە ئەندام دەبوایە لەگۆڕەپانی جەنگدا ئازایەتی خۆی بنواندبایە، پاش ئەوەی لەلایەن گەورە پیاوان و ئەسقەفیەکانەوە بەچاودێری پاپا دانیان پێدانرا، خودی پاپا هۆنوریوس جلی سپی ڕەنگیان بۆ هەڵدەبژێری، دواتریش بە فەرمانی (پاپا ئەجینیۆسی سێیەم) خاچی سور (الصليب الاحمر)یان بۆ هەڵبژاردن، ئەمەش لە ساڵی (١١٤٦)زایینی بووە.

هەرچی (هج باینز) بوو ڕێگەی پێدرا لایەنگر و ئەندام بۆ خۆیان لەهەر یەك لەفەرەنسا و ئینگلتەرا کۆ بکاتەوە، ئەمەش وای کرد بەبەردەوامی دیاری و پاداشتی زۆر بۆ ئەم ڕێکخراوە ڕەوانە بکرێت، سەرباری هاتنی چەك و پێداویستی تر لەهەموو دەفەرەکانی ترەوە، ئەم هەموو هاوکاری و پاڵپشتییە وای کرد ئەم ڕێکخراوە بایەخی زیاتری پێی بدرێت و سەنگ و قورسایی زێدەتر بێت، بۆ نموونە (ریتشاردی یەکەم) پادشای ئینگلتەرا یەکێك بووە لەوانەی زۆر لەژێر کاریگەری ئەم ڕێکخراوەدا بووە.


www.iqra.ahlamontada.com

بیروڕایەکی واش هەیە سوارەکانی هەیکەل بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ (الحشاشین)دا بوونە بەشێك لە شاڵاوی خاچدروشمان بۆ داگیرکردنی (دیمەشق) دیارە لەسەر ئەم هاوپەیمانێتییە ڕای جیاواز هەیە، بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتناس (فون هامر) پێی وابووە هاوشێوە بونێك لەنێوان هەردوو ڕێکخراودا هەبووە، هەروەها پێی وابووە پەیوەندی لەنێوان لایەنگرانی حەسەن سەباح و سوارەکانی هەیکەلدا هەبووە، چوونکە هەردوو ڕێکخراو یەك شێوازی ڕێکخراوەییان هەبووە، هەرچی خاوەنی کتێبی (تأريخ الجماعات السرية) یە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەم دوو ڕێکخراوە تەواوکاری یەکن، هەرچەندە بەشێك لەمێژوونوسانی ڕۆژئاوا لەسەر بوونی ئەم پەیوەندییە ناکۆك و دژن.

بەهەرحاڵ شك و گومانی زۆر هەیە لەسەر ئاست و جۆری ئەم پەیوەندییە، هەروەها گومانیش لەخودی سوارەکانیش هەیە و گوایە بەشداریکردنیان لەجەنگی خاچدروشماندا تەنها بۆ ئامانج و مەبەستی تایبەت خۆیان بووە، چوونکە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە ئەوەندە ئینتیما و پەیوەستبوونیان بەکەسی یەکەمی ڕێکخراوەکەوە بووە، کەمتر ئینتیمایان بووە بۆ ئایین و ئەگەر شتێکیش هەبووبێت لە ئاستی پێویستدا نەبووە، یەکێك لەو تۆمەتانەش دەخرێتە پاڵیان ئەوەیە گوایە وەکو پێویست بایەخیان بە ئایین نەداوە، وەلێ پتر سەرقاڵی کۆکردنەوەی زێڕ و ئاڵتون و تاڵانی بوونە.


www.iqra.ahlamontada.com

دوای تێکشکانی خاچدروشمان، ژمارەیەك مەسیحیی و سوارەکانی هەیکەل لەسەر خاکی پیرۆز مانەوە و هەموو دەستکەوت و سامانێکیان لەدەستدا، دواتریش هێزی سەرەکییان کەوتە ئەورووپاوە، بەتایبەتی لە فەرەنسا و ئینگلتەرا، دیارە دوای لەدەستدانی قودس، ناوەندی کارەکانیان دەگوازنەوە بۆ ئەورووپا. کاتێکیش ئەم رێکخراوە دەگاتە لوتکە و فراوان بوون، لە نێو خۆیاندا بەم شێوەیە ریزەکانیان پۆلین دەکەن:

- الفرسان الرؤساء
- الرهبان المرشدون
- الاخوة الخادمون

هەرچی مەرجەکانی بوون بەئەندامە لەم رێکخراوەدا بریتیی بوونە لە:

١- دەبێت لە خێزانێکی دیار بێت.
٢- کەسێکی نموونەیی بێت، بۆ نموونە باوکی سوار بێت.
٣- لە ئەنجامی هاوسەرگیرییەکی یاسایی و شەرعییەوە لەدایك بووبێت.
٤- کەسی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەم رێکخراوە، دەبێت سەڵت بێت واتا خێزانی پێکەوە نەنابێت یان هیچ جۆرە پەیوەست بوونێکی نەبێت.
٥- کەسی پاڵێوراو نابێت ئەندام بێت لە هیچ رێکخراوێکی تردا.


www.iqra.ahlamontada.com

٦- کەسی پاڵێوراو نابێت قەرزاری کەس بێت.

لە دوای ماوەیەکیش کەسی پاڵێوراو تا تەمەنی نەگەیشتبایە(٢١) ساڵ لەو ڕێکخراوەدا بە ئەندام وەرنەدەگیرا، بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێکی نوێش ئاهەنگێکی تایبەت لەکەنیسەدا ڕێکدەخرا، لە کاتی ڕێوڕەسمی وەرگرتنی ئەندامدا، کەسی گەورەی ئەم ڕێکخراوە بەم شێوەیە کۆبونەوەکەی دەست پێدەکرد: (اخوتنا الاحباء، انتم ترون ان الغالبية وافقت على قبول هذا الرجل كأخ لنا، فلو كان بينكم واحد يعرف عنة شيئا يمكن ان يمنعة قانونيا من ان يصبح اخا، علية ان يقولة، لانة من الافضل تحديد هذا سلفا قبل ان يحضر امامنا).

ئەم دەقەی سەرەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە، وەرگرتنی ئەندامی نوێ کارێکی ڕۆتین و ئاسان نەبووە، بەڵکو دەبوایە بەفیلتەری کۆبوونەوەیەکی گرنگدا گوزەری بکردبایە و زۆرترین ڕای ئەندامانیش بۆ ئەم حاڵەتە وەربگیرابایە، تاکو کەسێك وەك ئەندام و برا (اخ) وەربگیرێت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیش لەسەر ئەندام، دەبوایە ئەو کەسە لەگەڵ دوو یان سێ سواری شارەزادا ببرایەتە ژوورێکی ترەوە تاکو هەندێك ڕێنوێنی و ئامۆژگاری تایبەت بکرابایە، پاش بڕینی ئەم قۆناغەش دەبرایە ئەنجومەنی کەنیسە (المجلس الكنيسي) و دەبوایە ئەم چەند ڕستەیەی بوتبایە (سيدي، امام الله وامامك، لاجل الرب وسيدتنا المبجلة ان تقبلني كواحد سيبقى طول حياته خادما وعبدا للجماعة).


www.iqra.ahlamontada.com

دوای ئەوەی سوێندی بەخوا و مەریەمی پاکیزە و بەهەیکەل دەخوارد، ئیدی وەکو ئەندامێکی فەرمی وەردەگیراو کۆمەڵێک ڕێنمایی و ئامۆژگاریی بۆ ئاشکرا دەکرا و بەتەواوەتی لەڕیزی ڕێکخراوی (الفرسان الهيكل) وەردەگیرا.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# کۆمەڵە نهێنییەکانی تر

قسەکردن لەسەر ڕێکخراو و کۆمەڵە نهێنییەکان لە مێژوودا، بەتەنها ئەوە دێنێت کتێبێکی قەبارە گەورەی لەسەر بنوسرێت یان زیاتریش، بێگومان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدرێژی و جیاجیا قسەکردن لەسەر هەریەك لەو ڕێکخراوانە، ڕەنگە کارێکی سانا نەبێت و دەکرێت لەکات و شوێنی تردا لەسەری بدوێین و بیخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

دیارە هێنانەوەی چەند نموونەیەکیش وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، تەنها لەبەر ئەوەیە تا ئەندازەیەك وێنەیەکی ڕوونمان لادروست بێت لەمەڕ فەزای ئەو بزوتنەوە و کۆمەڵە نهێنییانەی مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیویەتی، تاوەکو ببێتە دەروازەیەك بۆ ڕووچوونە نێو بابەتی ماسۆنیزمەوە، بێشك ژمارەی ئەم جۆرە کۆمەڵانە زۆر لەوە زیاترن کە ئێمە قسەمان لەسەری کرد چوونکە چەندین ڕێکخراوی دیکە هەن هاوشێوەی ئەوانەن کە باسیان لێوە کرا لەنموونەی:

- الغاردونا محاربو اسبانية المقدسون.
- جماعة الصليب الوردي.
- الفحامون.
- احباب الملاك الحارس.


www.iqra.ahlamontada.com

● الخصاءون في روسيا.

ئاشكرایە وەك زێدەرەكان باسی لێوە دەكەن، لەچەندین ڕووەوە بەتایبەتی لەڕووی ئامانج و شێوازی كاری نهێنیی و مەرجەكانی ئەندام بوون و سوێند خواردن...هتاد، جۆریك لەهاوشێوەبوون هەیە لەنێوان ماسۆنییەت و هەر یەك لەم ڕێكخراوانەی باس كران.

ئەگەرچی هەندێك لە نوسەر و ڕووناكبیرانی عەرەب، بەشی زۆری ئەم ڕێكخراوانە بە تەواوكەری یەكتر و دروستكراوی جولەكە دەزانن، وەلێ لەڕواڵەت و نێوەڕۆكیشدا مەرج نییە ئەو بۆچوونە وابێت، چوونكە جیاوازی زۆر بە دیی دەكرێت لەكات و شێوازی سەرهەڵدان و بەشێك لەتایبەتمەندیەكانی هەر یەك لەو ڕێكخراوانە، وەك دەبینرێت هەندێكیان لەنێو دونیای ئایینزای جولەكەوە سەریان هەڵداوە، لە بەرانبەردا هەشە لەنێو ڕێباز و باوەڕ و ئایینزای ئیسلام و مەسیحییەوە چەكەرەی كردووە، بۆیە سەرباری بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوان هەندێك لەو كۆمەڵە و ڕێكخراوانەدا، ناكرێت هەموویان بە تەواوكەری یەكتر و بەیەك پێوەر تەماشا بكەین، ڕەنگە لەدامەزراندن و هەندێك بەرنامە و بۆچووندا لەیەكدی سوودیان وەرگرتبێت، هەموو ئەمەش پێكەوەر ئەوە ناگەیەنێت تەواوكەری یەكتر بن، یان هەموویان بەرهەمی یەك سەرچاوە بن.


www.iqra.ahlamontada.com

# ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنییەت

پێم وایە لە بەر چەندین فاکتەر، کارێکی فرە سانا نییە قسە لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی ماسۆنییەت بکەین، بەتایبەتی مشت و مڕ و تیر و توانجی نوسەرە عەرەبەکان پتر دۆخەکەیان ئالۆزکردووە، لە ڕاستیدا کارێکی پڕ زەحمەتە بۆ هەر لێکۆڵەرێك وا بەسانایی بتوانێت خۆی لەقەرەی وەها بابەتێك بدات، چوونکە دووچاری چەندین گێچەڵی سۆزداری نێو کۆمەڵگە و هەروەها ڕووبەڕووی گرفتی زانستیش دەبێتەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە هەنووکە لەبەردەستدان دوور نەبوونە لەکاری شێواندن و بۆچوونی دژ و ئالۆزیکی، بەدەگمەن دەبینرێت کتێبێك یان لیکۆڵینەوەیەك ڕووناکبیرێکی عەرەب نوسیبێتی و بێلایەن بێت و دوور بێت لەکاری شێواندن و ناشیرینکردن، تەنانەت ئەوەندە ئەم بزوتنەوەیە قەبە کراوەتەوە، یان ئەوەندە بەمەترسی پیشانی خوێنەر دراوە، هەمیشە ڕوانینی تاك و کۆی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەگشتی و کۆمەڵگەی عەرەبی بەتایبەتی وەکو دێوەزمەیەك تەماشای ماسۆنییەت کراوە یان دەکەن، هەموو ئەم ڕاستیانە گفتوگۆ و لێدوانی لەسەر ئەم کۆمەڵەیە پڕ زەحمەت کردووە و هەندێك جاریش وەکو مۆتەکە و بڤە نیشان دراوە، زۆرجار تاوان و کارەسات و کاولکاری و زۆربەی گۆڕان و ڕووداوە

www.iqra.ahlamontada.com

جیهانییەکان خراونەتە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوە، وەك ئەوەی سەرچاوەی هەموو دەردەسەری و کاولکارییەکانی مرۆڤایەتی بێت بەدرێژایی مێژوو.

ئەز ناتوانم بڵێم ئەم بۆچوونە دروستە یان نا، چوونکە وای دەبینم زیاد لەپێویست ئەم ڕێکخراوە گەورەکراوە، لەبەر سروشتی پڕ لەنهێنی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەندە بەڵگە لەبەر دەستدا نین، بۆ سەلماندنی هەر هەموو ئەو تۆمەت و تاوانانەی کە خراونەتە ئەستۆی. لێرەوە بەدیاریکراوی لەسەر یەکە بەیەکەی تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ماسۆنیزم قسە دەکەین، بەو ئومێدەی لە کلاوڕۆژنەی تایبەتمەندیەکانییەوە بتوانین وێنەیەکی ڕوون یان هەر هیچ نەبێت پێناسەیەکی گشتگیر لەسەر ئەم کۆمەڵەیە بەخوێنەری کورد بگەیەنین.


www.iqra.ahlamontada.com

# ماسۆنییەت وەکو زاراوە

سەرجەم زێدەر و سەرچاوەکان کە لەبەر دەستدان، کۆکن لەسەر ئەوەی دەستەواژەی (free masonry) ناوێکی ئاوێتەیە و لەدوو وشە پێکهاتووە، وشەی فری (free) بە مانای ئازاد یان ڕاستکۆ دێت، وشەی ماسۆنییە(masonry) مانای (البناء) دێت، کەواتا هەردوو وشەکە پێکەوە بەمانای بنیاتنەری ڕاستکۆ، یان بنیاتنەرانی ئازادبەخش دێت، بۆیە هەندێکجار بە (الماسونية الحرة) ناسراوە، هەروەها سەبارەت بەواژەی ماسۆنییەت، یان بە (فرمسون) لەکتێبی (السر المصون)دا هاتووە: (فرمسون) ناوێکی ئاوێتەیە لەهەردوو دەستەواژەی (الفرنسيتين) فران(franc) بە مانای ڕاستکۆ و وشەی (ماسون)یشە بە مانای بنیاتنەر، کەواتا هەردوو وشەکە پێکەوە بەمانای بنیاتنەرانی ڕاستکۆ دێت.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# پێناسەی ماسۆنییەت

مشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی دروست و تەواو، گەلەك زێدەر و لێکۆڵینەوە لەبەر دەستدان و سانا نییە هەموویان پشتیان پێی ببەسترێت، لەکاتی شەنو کەوکردنیاندا هەست دەکرێت بێ لایەن نەبوونە و هەندێکیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ بەمیتۆدێکی زانستیانە مامەڵەیان لەتەك ئەم دەستەواژەیە یان بابەتەکانی پەیوەست بەم بزوتنەوەیەوە نەکردووە، چوونکە سەرچاوەکان بەشی زۆریان عەرەبین، وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد عەرەب بە بەردەوامی ماسۆنییەتی بەدوژمنی خۆی و ئایینی ئیسلام زانیوە، هەمیشە وەکو هەڕەشە سەرنجی داوە بۆ سەر خاك و نیشتمان و چارەنوسیان، جا زۆر ڕوون نییە تا چ ئەندازەیەك ئەم بۆچوونە ڕاست و دروستن.

بەهەرحاڵ باشتر وایە سەرەتا بیرو بۆچوونی کۆمەڵێك توێژەر بخەینە بەردیدە لەمەڕ پێناسەکردنی دەستەواژەی ماسۆنییەت، ئینجا دەکرێت سەرنج و تێڕوانینی خۆمانیشی بخەینە سەر:

● لەم بارەوە (الاب لویس شیخو) چەندین پێناسە یان بۆچوونی جیاجیای خستۆتە ڕوو، کەلای خۆیشی دروسترین پێناسە ئەوەیە کە دەڵێت: (ماسۆنییەت بەرهەمی کۆمەڵە و


www.iqra.ahlamontada.com

گروپه نهێنیەکانە، کە لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی نەسرانیەتەوە لەدایك بوونە، بەمەبەستی کێبڕکێ و دژایەتیکردنی ئایینی مەسیحییەتە ).

- لە کتێبی (خطر اليهودية العالمية على الاسلام والمسيحية) کە ئەویش لە(اسحاق واین)وە لەژمارە (٣)ی ساڵی(١٨٦٦)ی گۆڤاری (Israalite of america)وە وەریگرتووە، سەبارەت بە پێناسەی ماسۆنییەت دەڵێت: (ماسۆنییەت دەزگایەکی جولەکەیە بە مێژوو و پلە و وشە و نهێنییەکانیەوە، بە هەموو ئاماژەکانەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی هی جولەکەیە).
- لە شوێنێکی تردا ئەم زاراوەیە وا پێناسە کراوە: (ماسۆنییەت بەواتای بنیاتنەری ڕاستگۆ، کۆمەڵەی ماسۆنییەت بە مانای بنیاتنەرانی ڕاستگۆ یان بنیاتنەرانی ڕزگاربەخش، ناوی (بنیاتنەری ڕزگاربەخش) لەسەدەی سێزدەوە سەری هەڵداوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کرێکارانەی کە بینایان بەبەرد دروست دەکرد. هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە پێناسەی ماسۆنییەت کراوە: (ماسۆنییەت ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، بە ناوی (بنیاتنەرانی ڕزگاربەخش) ناسراوە و خاوەنی کۆمەڵێك ئامانج و دروشمە، هەندێکی ئاشکرایە و زانراوە و هەندێکیشی تا هەنوکە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکو بە پەنهانی و نهێنی ماوەتەوە، تەنها بۆ ئەندامە تایبەتەکانیان نەبێت).


www.iqra.ahlamontada.com

- هەرچی (عبدالمجید همو)یە بەشێوەیەکی نەرێنی قسەی لە سەر دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی ئەم ڕێکخراوە دەکات و دەڵێت: (ماسۆنییەت بزاڤێکی نهێنییە لەنێو چینە بۆرجوازییەکاندا بڵاودەبێتەوە, هەوڵ دەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕەنجبەران بەهێز بکات, شێوازی دەسیسەو پیلانگێڕی لەدژی میللەتان بەکاردێنێ). ئەم لیکۆڵەرە عەرەبە پێی وایە ئەم بزوتنەوەیە ئەوپەڕی نهێنیە و پتر لەنێو چینی بۆرژوازیدا گەشە دەکات و کار بۆ چەوساندنەوەی ڕەنجبەران دەکات، هەروەها لەڕێگای دەسیسە و پیلانەوە دەخوازێت کۆنترۆڵی گەلان بکات.
- هەر لە چوارچێوەی پێناسەکانی ئەم ڕێکخراوەدا هاتووە: (ماسۆنییەت بزوتنەوەیەکی جیهانی و ڕێکخراوێکی [illegible]نێودەوڵەتییە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا [illegible]سەریهەڵداوە، جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان دروشمە ڕاگەیاندرا و [illegible] و نهێنیە شاراوەکانیاندا ).

[illegible]م چەند پێناسەیەی سەرەوەدا، کۆمەڵێك بۆچوون [illegible] لەمەڕ پێناسەکردنی ماسۆنییەت کە بەزۆری لە لایەن [illegible] ماسۆنیزمەوە داتاشراوە و مەرج نییە سەت دەر سەت [illegible] لای خۆمانەوە دوای خوێندنەوەی خەسڵەت و [illegible]کانی ماسۆنییەت دەکرێت بەم چەشنە پێناسەی بکەین: [illegible]ماسۆنییەت جولانەوەیەکی شاراوە و کۆنە، بەچەندین قۆناغی خۆ


www.iqra.ahlamontada.com

نوێکردنەوەدا گوزەری کردووە، کە زیاتر مۆرکی جولەکەی پێوە دیارە و بە شێوە نهێنییەکەی بووەتە ڕێکخراوێکی جیهانی گەورەی کاریگەر).

دەکرێت لانی کەم ڕەگەزەکانی پێناسەی ماسۆنییەت بەم چەشنە دیاری بکەین:

- ڕێکخراوێکی مێژوویی کۆنە و بە چەندین قۆناغ دا گوزەری کردووە.
- ڕێکخراوێکی شاراوەیە و بەشی زۆری ئامانج و دروشمەکانی نهێنین.
- ڕێکخراوێکی جیهانی گەورەیە و لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا مەحفەل و ئەندامیان هەیە.
- ڕێکخراوێکە پتر مۆرکی جولەکەی پێوە دیارە، ئەگەرچی ئەمڕۆ بەملیۆنان ئەندامی هەیە لەنەتەوە و ئایینە جیا جیاکانی دونیا، تەنانەت تێیاندایە خاوەن پلەو پایەی دیارن.


www.iqra.ahlamontada.com

# مێژووی کۆنی ماسۆنیزم

زۆریك له خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ماسۆنیزم، لای توێژەر و شارەزایان جێگای هەڵوێست لەسەر کردنه و مشتومڕی زۆریشی لێ کەوتووەتەوە، ژینگه و کات و شوێن و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوە پانتایەکی زۆری له تێکڕای مێژووی ئەم ڕێکخراوە دروست کردووە.

بێگومان ئەم دۆخەش تەنها له لایەن بەرەی دژەوە دروست نەبووە، بەڵکو خودی ڕێبەر و لایەنگر و کەسە دیارەکانی ماسۆنییەتیش له سەر دەستنیشانکردنی ئەم مێژووە ناکۆکن و جیاوازی زۆر بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لەسەر ڕەگ و ڕیشه سەرەتایەکانی ئەم بزوتنەوەیە، ئەوەش لەم بوارەدا دێنی دیقەت بدرێت ئاستی ناکۆکی خودی ماسۆنییەکان سەبارەت بەم بابەتە، هەرگیز نەیانتوانیوە لەسەر یەك ڕای یەکگرتوو کۆك و تەبابن له مەڕ دەستنیشانکردنی سات و کات و مێژووی تەواوی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ماسۆنییەت.

باش وایە گەشتێك بەنێو بیروڕا جیاوازەکانی خودی ڕێبەر و مامۆستایانی ئەم کۆمەڵەیەدا له لایەك و بەرەی نەیارانیش له لایەکی ترەوە بکەین، سەبارەت مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنییەت، ئینجا


www.iqra.ahlamontada.com

ڕای خۆمانیش لەم بارەوە بخەینە ڕوو، تاکو بتوانین دیدێکی گشتگیر و دروست بخەینە بەر دەستی خوێنەر، هەرچەند زۆریك لە مێژوونوسانی ماسۆنییەت بەتایبەت لە سەدەی هەژدەدا پێیان وابووە گەڕان و پشکنین بەدوای دیاریکردنی ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنییەت دا کارێکی پڕ زەحمەتە و ڕەنگە کۆدەنگی دروست نەبێت سەبارەت بەم مەسەلەیە، هەر بۆیە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکرێ گەشتێك بەنێو بیروبۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارەدا بکەین، بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامێك تا ئەندازەیەك لۆژیکی و بنەمادار بێت، هەرچەندە بیرۆکەیەکی واش هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕیشەی ماسۆنییەت بۆ تەنها سەرچاوەیەك ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك تیۆر و سەرچاوەیە، بەنموونە کەسێکی وەك (الجنرال جواد رفعت اتلخان) لە کتێبەکەیدا بەناوی (اسرار الماسونية)دا، دەڵێ تا ئێستاش شوێنی سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوە نادیارە و ئامانجی هەرە سەرەکیشی تا هەنوکە بەنهێنی ماوەتەوە، تەنانەت لای ئەندامەکانیشی هەر وایە، لە درێژەی بۆچوونەکانیدا سەبارەت بەڕەگە مێژووییەکەی ئەم ڕێکخراوە، دەڵێت چەندین تیۆری جیا جیا باسکراون وەك:

- البطارقة
- اسرار الوثنيين
- معبد سليمان
- الصليبيون



www.iqra.ahlamontada.com

- فرسان الصليب الوردي
- جماعة الصناعات الرومانية
- عمال البناء في العصور الوسطى
- اخوة الصليب الوردي
- اوليفر كروموبل والبيورتيانيون
- الامير جارس سيتورات
- السيد كريستوفر
- ديزا جليية واصدقاوة.

له لایه‌کی تریشه‌وه هه‌ندێك تیۆر و بۆچوونی دیکه له‌م باره‌وه هه‌یه و له چه‌ندین لاوه خراونه‌ته به‌ر شرۆڤه، وه‌لێ به پشت به‌ستن به ئه‌فسانه‌کانی ته‌ورات، یه‌که‌م مرۆڤی سه‌ر زه‌وی ئاده‌م بووه و به‌م پێیه‌ش بێت که‌واتا یه‌که‌م که‌سی ماسۆنی خودی ئاده‌م بووه، یان وه‌ك (درایت) جه‌خت له سه‌ر ئه‌وه ده‌کاته‌وه هه‌موو ... ه‌کانی ماسۆنییه‌ت زانراو بووه لای په‌یامبه‌رانی وه‌کو موسا و ئیبراهیم و یه‌عقوب، ڕای واش هه‌یه ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌کات خوای گه‌وره له به‌هه‌شت دا ماسۆنییه‌تی دروست کردووه و خودی ... یه‌که‌م مه‌حفه‌ل بووه، که میکائیلی سه‌رۆکی فریشته‌کان یه‌که‌م ماموستای مه‌زنی ئه‌و مه‌حفه‌له بووه.

... (شاهین مکاریوس) ی خاوه‌نی گۆڤاری (اللطائف في ... الاداب الماسونية) پێی وایه ماسۆنییه‌ت به‌چه‌ندین قۆناغ دا تێپه‌ڕیوه ... گه‌له‌لد هه‌وراز و نشێوی بڕیوه تا گه‌یشتۆته ئه‌م قۆناغه‌ی


www.iqra.ahlamontada.com

ئێستای، پێدەچێت سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیە بگەڕێتەوە بۆ (ڕۆما) و لەساڵی (١٧٥)ی پێش زایین سەری هەڵدابێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم شێوازەی ئێستای ماسۆنییەت، کاتی خۆی لە ڕۆمادا سەریهەڵداوە. ئاشکرایە (شاهین مکاریوس) کەسێکی دیاری نێو کۆمەڵەی ماسۆنیزم بووە، وەلێ دەبینین لەگەڵ زۆربەی بیروڕای ئەوانی تردا جیاواز بووە لەدیاریکردنی کات و شوێنی سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیەدا.

هەرچی (جرجی زیدان)ە، خاوەنی کتێبی (تأریخ الماسونیة) دەڵێت: مێژوونوسان لەسەر دیاریکردنی سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر ناکۆکن، هەندێك پێیان وایە تولایە و پێش سەدەی هەژدە بوونی نەبووە، هەندێکی تریش مێژووەکەیان گەڕاندووەتەوە بۆ پێش ئەو مێژووە، کە ئەویش کۆمەڵەی (الصلیب الوردی)یە کە لە ساڵی (١٦١٦) زایینی دروست بووە، وتراویشە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی خاچدروشمان، وتراویشە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان لەپێش زاییندا، کەسێکیش لەوانە وتویەتی لە (هیکل سلیمان)دا سەریهەڵداوە، کۆمەڵێکی تریش مێژووی ئەم ڕێکخراوە بە کۆنتر دەزانن و گەڕاندویانەتەوە بۆ کاهینەکانی میسری و هیندی و ئەوانی تر. یەکێك لە ماسۆنییە ئینگلیزەکان پێی وایە قەدیس (البان) ماسۆنییەتی لە بەریتانیا دروست کردووە، ئەویش لە ساڵی (٩٢٦) و لەلایەن پادشا (تسوغ)وە ڕێگەی پێدراوە کاری خۆیان بکەن و کۆبوونەوە نهێنییەکانیان لە شاری (یورك) ئەنجام بدەن، کە


www.iqra.ahlamontada.com

مەحفەلی مەزنی ئینگلیزی تێدا دروستکرابوو. هەرچەندە (الاب لویس شیخو) ئەم بۆچوونە بەدرۆ دەخاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم (البان) ناوە لەو مێژوودا بوونی نەبووە.

لە شوێنێکی تردا هاتووە، ساڵی (٤٣)ی زایینی لەفەلەستین وناوچەی (القدس — اورشلیم)دا پادشا (هیرودۆسی دووەم) کە نازناوی (ئەکریپا) یان (ئەغریپا)ی هەڵگرتبوو، ڕاوێژکارێکی جولەکەی هەبووە بە ناوی (حیران ابیود) کە ئێجگار دژ بە مەسیحییەت ودڵسۆزی ئایینی جولەکە بووە، کاتێك دەبینێت تا دێت لایەنگرانی ئەم ئایینە ڕوو لەزیاد بوونە، دەچێتە لای پادشا هیرۆدۆسی دووەم و پێشنیازی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنی بۆ دەکات کە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی پەیاوانی ئایینی و لایەنگرانی مەسیحییەت بێت، زۆریش هانی پادشا دەدات تاکو هەرچی پارە و توانای هەیە بەکاربهێنی بە مەبەستی پەکخستنی بلاوبونەوەی ئایینی نەسرانی، پادشاش یەکسەر ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەم پێشنیارە دەردەبڕێت. دوای ئەوەش ئەم ڕێکخراوە بەتەواوەتی دروست دەبێت، دەکەوێتە هەڵپەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانییەوە، لەم بارەوە ڕایەکی زۆر دروست هەیە، پێی وایە ئەم کۆمەڵەیە کە ناوی هێزی شاراوە (القوة الخفية) بووە، دواتر و لە قۆناغەکانی تردا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ ماسۆنییەت، ئەمەی دواییان درێژکراوەی هەمان هێزی شارەوەیە، کە ساڵی (٤٣)ی زایینی لە فەڵەستین دامەزراوە.


www.iqra.ahlamontada.com

هەر بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە پێی وایە بنەچەی ماسۆنیزم تەڵخ و نادیارە، تەنانەت خودی مێژوونوسانی ئەم کۆمەڵەیەش یەك ڕانین، دەکرێ هەندێك نموونەی دیکە بخەینە بەر دەست.

● (فیولیت) خاوەنی کتێبی (قرنین من الماسونیة) دەڵێت: مێژوونوسانی ماسۆنییەت لە سەدەی هەژدەدا دانیان بەوەدا ناوە، گەڕان و سۆراغ بەدوای زانینی مێژووی دروستبوونی ماسۆنییەتدا کارێکی قورس و گرانە.

● دوکتۆر (اندرسون) گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی کۆن و پێی وابووە ئەم بابەتە لە (ئادەم)ەوە دەست پێدەکات.

● هەرچی (الاخ بریستول)ە لە ساڵی (١٧٧٢) دەڵێت: جۆلیوس قەیسەر کە لەساڵی (٤٤)ی پێش مەسیح مردووە ماسۆنی بووە، هەروەها (الدروید) ماسۆنی بووە کە وەزیری کاروباری ئایینی بووە لە سەردەمی (الغالیین)دا، کەواتا بەم پێیە بێت ماسۆنیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی ئێجگار دێرین.

● دوکتۆر (اولیفر) زۆر لەو بیروڕایانەی سەرەوە دوورتر دەڕوات و دەڵێت داب و نەریتەکانی ماسۆنییەت زۆر کۆنە، ئەم کۆمەڵەیە هەر هەبووە پێش ئەوەی هەسارەی زەوی دروست بێت چوونکە لە چینەکانی ئاسمان دا بلاوبووبووەوە.


www.iqra.ahlamontada.com

● هەروەها سەبارەت بە هەمان بابەت (الاخ ميتشال) ئەوە لەو ڕایەی پێشو ڕۆیشتوە، بەڵکو لە ئەنجامی پشکنینەکانیدا لەسەر دیاریکردنی ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنییەت، گەیشتوەتە ئەو بڕوایەی بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بنیاتنانی (هەیکل سلێمان).

● هەر لەم بارەوە دوکتۆر (محمد عمارة) پێی وایە بزوتنەوەیەکی جیهانی و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە ئەورووپا سەری هەڵداوە.

هەروەها کۆمەڵێك بیرو ڕای تریش هەن پێیان وایە ئەم کۆمەڵەیە لە نێو کلدانەکاندا سەری هەڵداوە، بیرو ڕایەکی دیکەش هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، گوایە مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنییەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧١٧) ئەمەش کۆمەڵێك نوسەر ئیشی لەسەر دەکەن و پێیان وایە ئەم مێژووە سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانی ماسۆنیزم بەم شێوازەی ئێستایەوە.

وەك دیقەتمان دا کەم لە سەرچاوەکان هاوتەریبن یان کۆکن بۆ دەستنیشانکردنی یەك مێژوو، یان یەك سەردەمی ڕوون و دیار، وەلێ جۆرێك دابەشبوون دروست بووە زۆربەی دید و بۆچوونەکانیش لە یەکترەوە دوورن و هەرگیز ناتوانرێت کۆدەنگییەکی کۆنکریتی ئەوتۆ دروست بێت، بۆ دیاری کردنی ئەم خاڵە، بەمەش ئاڵۆزییەك لەمەڕ خاڵی لەدایکبوونی ئەم کۆمەڵەیە هاتووەتە گۆڕێ، بەندەش وەك زۆرێك لەوانی دی بۆچوونەکان لەچەند سەرچاوەیەکدا کۆ


www.iqra.ahlamontada.com

دەکەمەوە، کە دەکرێت دواتر و دوای پشکنینی زانستی و بابەتیانە ئیشیان لە سەر بکرێت، یان وردتر زۆری بۆچوون وناکۆکییەکان و خاڵی چەکەرەکردنی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە:

١- سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئادەم و بگرە پێشتریش.

٢- دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری یەهودییەت و بە ڕێکیش بۆ سەردەمی پادشا (هیرودوس / ئەغریپا) لەساڵی (٤٣) زایینی.

٣- دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست.

٤- دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و بە ڕێکی بۆ ساڵی (١٧١٧)ی زایینی.

دوای خستنەڕووی هەر یەك لەو بۆچوونانە، هەروەها خوێندنەوە بۆ هەر یەك لەو سەرچاوانە، کە هەر یەکەیان مێژوو و ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی ماسۆنیزم دەبەستێتەوە بەقۆناغ و مێژوویەکی دیاریکراوەوە. بە دیقەتدان لەهەموو ئەو سەرچاوانە ئەو بڕوایەی لا دروست کردووم مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پادشا (هیرۆدۆس/ ئەغریپا) ئەمەش بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤٣)ی زایینی، کە یەکەمجار بە ناوی هێزی شاراوە (القوة الخفية)وە سەریهەڵداوە و کۆمەڵێك ئامانج و بەرنامەی نهێنی و شاراوەی هەبووە، پاش چەندین قۆناغ لەهەڵکشان و داکشان، تاکو بەفۆرم و بەرنامە و



www.iqra.ahlamontada.com

ئامانجی فراوانترەوە و تەنانەت بەناوێکی ترەوە کە ئەویش، ماسۆنییەتە لە ساڵی (١٧١٧) لە بەریتانیا دێتەوە مەیدان و لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا و دونیادا گەرا دادەنێت و بە سەدان مەحفەل دەکاتەوە.

کەواتا بە پێی تێڕامانی ئێمە ماسۆنیزم بە دوو قۆناغی زۆر لەیەکتر جیاوازدا چەکەرەی کردووە و لە چەندین بواردا جیاوازییان هەبووە، هەروەها ڕەوتی دروستبوون و گەشەکردنی ئەم کۆمەڵەیە لە زۆربەی قۆناغەکاندا تێکەڵ بە ژیان و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چەندین ڕێکخراوی نهێنی تر بووە، یان وردتر پرۆسەی گەشەکردن و نوێبوونەوەی ئەم کۆمەڵەیە جۆرێك لە ئاوێتەبوونی لە نێوان ئەو ڕێکخراوەو باقی کۆمەڵە و ڕێکخراوە نهێنییەکانی تردا دروست بووە، هەر ئەمەش ئەو تێڕامان و گومانەی لای گەلەك لە مێژوونوس و شارەزایان دروست کردووە، گوایە جۆرێك لە پەیوەندی و نزیکایەتی لە نێوان ماسۆنیزم و ژمارەیەك لەو ڕێکخراوە نهێنییانەی تردا هەیە، هەندێکیش لەمە زیاتر چوونە و پێیان وایە بەشی زۆری ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانە تەواوکەری یەکن و لە ژێر پەردە و ناوی جیاجیادا کاریان کردووە و خاوەنی یەك ئامانج بوونە، وەلێ ئەم ڕایە تا ئەندازەیەك دروست نییە، ڕەنگە جۆرێك لە هاوشێوەیی هەبێت، بەڵام مەرج نییە لە بنەچەدا یەك ڕێکخراو بن و خاوەنی یەك ئامانجی یەکگرتوو بن وەك ئەوەی بەشێکی زۆر لە توێژەرە عەرەبەکان ئاماژەی بۆ دەکەن.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# سەرهەڵدانی ماسۆنیزم بە شێوە هاوچەرخەکەی

ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد، ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنیزم زۆر کۆنە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هێزی شاراوە (القوة الخفية) لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئایینی نەسرانیدا، دیارە بۆ ڕاستی ودروستی ئەم ڕایەش بەشی هەرە زۆری توێژەر وشارەزایان کۆکن. ماسۆنیزم هەر لەو ڕۆژگارەوە بە چەندین قۆناغی هەڵکشان و متبوون گوزەری کردووە، بەڵام بۆ هەر قۆناغێك بە فۆرمی جیاوازەوە، تاکو لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا لە وڵاتی بەریتانیا بە شێوازێکی نوێتر و هەروەها بە پاراستنی هەندێك لە نهێنییەکانیەوە سەرهەڵدەداتەوە، لەم بارەوە هاتووە: لە ساڵی ١٧١٦ز هەریەك لە (لاف) لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی و زاواکەی بە ناوی (ابراهيم ابيود) کە هەموویان جولەکەن، خاوەن و هەڵگری نوسخەیەك دەبن لە پرەنسیپ و دروشم و بەرنامەکانی هێزی شاراوە و دەکەونە گەڕان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی لە وڵاتاندا، باشترین جێگاش بۆ سەرهەڵدانی ئەم گروپە (لەندەن) دەبێت بەهۆی دێرینی و گرنگییەوە، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێك بۆ گردبوونەوەی ئەندامە شاراوەکان، بۆیە لەگەڵ دوو پیاوی دیاری ئینگلیزدا کۆدەبنەوە و دوای ئەوەی ئامانجەکانیان دەخەنەڕوو، یەکسەر ڕەزامەندی خۆیان


www.iqra.ahlamontada.com

پیشان دەدەن بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە، ئەوانیش هەر یەك لە (دیزا كولیة) و(جورج) دەبن.

بێگومان ئەم هەنگاوە سەرەتایەك دەبێت بۆ زیندووكردنەوەی هێزی شاراوە، بەڵام بە شێواز و ناوێكی ترەوە، دواتر خۆشەویستی و یەكترناسینی تەواو لە نێوان هەردوو لایاندا دروست دەبێت، ئیدی ئەوانیش بەشێك لە نهێنییەكانی ئەو هێزە بۆ هاوڕێ تازەكانیان ئاشكرا دەكەن و نوسخە ئەسڵەكەیان دەخەنە بەردەست، لەگەڵ پاراستنی نهێنی گەوهەری ڕەگ و ڕیشەی ئەم هێزە تەنها بۆ خۆی و كوڕەكەی، پاشان باس لەوە دەكەن هەوڵ بدرێت ناوەكەی بگۆڕن بۆ ناوێكی نوێ و بگونجێ لەگەڵ سەردەمدا، هەروەها هەندێك لە یاساكانی هەموار بكرێت بەئامانجی ئەوەی زیاتر خەڵك پەیوەندییان پێوە بكات، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ناوی (جمعیة القوة الخفیة) بۆ هەر یەكەیان دە ڕۆژ مۆڵەت دەدەرێت تاكو هەر یەكەیان سێ ناو پێشنیار بكەن، سەبارەت بە ناوە تازە پێشنیاركراوەكە هاتووە: دوای بەسەربردنی دە ڕۆژ هەموویان گەڕانەوە و كۆبوونەوە، هەر یەكەیان سێ ناوی ئامادەكردبوو، بەڵام هەموویان ڕەزامەندییان نیشاندا بە تایبەتی (دیزا كولیة) لەسەر یەكێك لەو ناونەی كە (لاڤ) پێشنیاری كردبوو، ئەویش ناوی (فرانما سونیري) بوو، كە بە مانای بنیاتنەری سەربەست دێت، ئەمەش بەڕێكی لە (٢٥/ئابی ساڵی ١٧١٦) زایینی بووە.


www.iqra.ahlamontada.com

دەربارە هەڵبژاردنی ئەم ناوە دەبێتە جێگای خۆشحالی و رەزامەندی هەموویان، ئەم ناوەش هەروا لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو رەگ و ریشەکەی چەندین سەرچاوەی هەیە وەك:

یەکەم: ئەم ناوە هەمان ئەو ناوەیە کە ئەندازیارە ئیتالیاکان لە سەدەی سیازدەدا بە کاریان هێناوە(freem asons).

دووەم: ئەم ناوە هاوجووتە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێما و سیمبولە کۆنانەی کە کاتی خۆی لە هێزی شاراوەدا بە کارهاتوون هەر لە رۆژگاری دامەزراندنیەوە.

سێیەم: کۆمەڵەکانی بنیاتنەرانی سەربەست و ئەندازیاران کە ئێستا هەن (مەبەستی ساڵی ١٧١٦زایینی)ە، هەموویان خاوەنی کۆمەڵە و مەحافل بوونە و تێدا کۆبونەوەتەوە، بەمەبەستی پتەوکردنی پیشەکەیان کە ئەندازە و بنیاتنان بووە.

چوارەم: هەردوو وشەی (بناء meconnerie) و (بناء macon) ئێجگار کۆنن.

بەکارهێنانی وشەی بنیاتنەر یان (بناء) بۆ ناوهێنانی ئەم کۆمەڵەیە، هەرگیز بەو مانایە نییە، ئەمانە رۆژێك لە رۆژان کەرەستەکانی بیناکردنیان بە کارنەهێناوە، بەڵکو ئەم ناوە و کەرەستەکانیان تەنها وەك هێما و سیمبول بەکارهێناوە بۆ ئامانجەکانیان.

دەربارەی ناکۆکی نێوان (لاڤ) و (دیزا کولییە)یش هاتووە: دیزا کولییە توانیویەتی دەستنووسە ئینگلیزییەکە لە دامەزراندنی هێزی


www.iqra.ahlamontada.com

شاراوه ببات، دوای دانانی ناوه نوێکه له (٢٥/اب/١٧١٦) مشتومڕ له نێوان لافی و دیزا کولییەدا دروست دەبێت لەسەر گێڕانەوەی دەستنوسە ئینگلیزیەکە، له ئەنجامدا لافی دیار نامێنیت و هەموو ئەوراق و زانیارییەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات، دواتریش له تۆڵەی (لافی)دا (جورج) دەکوژرێت.

بێ شك ئەم ناکۆکییه چەندین سەرچاوەی هەبووه، هەرچی لافی و هاوەڵە جولەکەکانی هەرگیز بەوه ڕازی نەبوونه دەستکاری بنەما و دەقەکانی دەستووری ماسۆنیزم بکەن و هەروەها سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەش تەنها له دەست خۆیان دا بمێنێتەوه و هەموو ئەو وشه و زاراوانەی که بەکاردێن بەزبانی عیبری بێت، جگه لەمانەش گەلەك فاکتەری دیکەش سەرچاوه بوونه بۆ ئەم ناکۆکی و ململانێیه، ئەمەش بۆ جاری ڕاستییەکه ئەوه دەسەلمێنێ ج لەسەردەمی هێزی شاراوەدا و ج لەسەردەمی سەرهەڵدانی ماسۆنیزمدا بە ناو شێوازە نوێکەیەوه، مۆرکێکی جولەکەیان هەبووه، ئەمەش ڕاستییەکه بە ئاسانی ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت.

کەواتا مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنیزم به شێوه هاوچەرخەکەی و بەم فۆرم و ناوەی ئێستایەوه دەگەڕێتەوه بۆ ساڵی (١٧١٦) که بێگومان وڵاتی بەریتانیاش یەکەم وڵات و ژینگه بووه، بۆ سەرهەڵدانەوەی ئەم کۆمەڵەیه بەشێوه هاوچەرخەکەی.


www.iqra.ahlamontada.com

# جۆرەكانی ماسۆنییەت

زۆریك لە شارەزایان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كۆمەڵەی ماسۆنییەت ڕێكخراوێكی ئاڵۆز (معقد) و شاراوەیە، خاوەن چەندین جۆر و پلە وتایبەتمەندییە، ئەمەش یەكێكە لە خەسڵەتەكانی ئەم كۆمەڵەیە، هەروەها دابەش دەبێت بۆ سەر سێ كۆمەڵە یان سێ جۆر، كە هەر یەكەیان خاوەنی تایبەتمەندی و هەیكەلی خۆیەتی لە ڕووی پلە و پایە و هێما و سروشتی كاركردنەوە، وەلێ لە هەمان كاتدا تەواو كەری یەكترن، بەهەرحاڵ ماسۆنییەت لە ڕووی پلە بەندی ڕێكخراوەییەوە دابەش دەبێت بۆ سەر سێ جۆر، كە ئەمانەن:

**یەكەم: ماسۆنییەتی سەرەتایی:** ئەم بەشە بریتییە لە ٣٣ پلە، چوونكە بۆ گەیشتن بە بەرزترین پلە لەم كۆمەڵەیەدا دەبێت ئەندام ئەم سیی و سێ پلەیە ببڕێت، كە دوا پلە پێی دەوترێت مامۆستای هەرە مەزن (الاستاذ الاعظم).

**دووەم: ماسۆنییەتی پادشایی:** ئەمە پلەیەكی قورسە و زەحمەتە و بە ئاسانی بەدەست نایەت، ئەو ئەندامەی دەگاتە ئەم قۆناغە دەبێت دەستبەرداری هەموو تایبەتمەندییە ڕۆحی و نیشتمانی و نەتەوەییەكانی ببێت و بگاتە دوا پلە، كە سیی و سێهەمینە، بۆچوونێك هەیە دەڵێت ئەم پلەیە یان ئەم جۆرە لە


www.iqra.ahlamontada.com

ماسۆنیزم تەنها تایبەتە بە جولەکەکان، وەلێ ئەمە بۆچوونێکی دروست نییە، لەبەر ئەوەی چەندین کەس گەیشتونەتە ئەم قۆناغە و کەچی جولەکەش نەبوونە.

سێهەم: ماسۆنییەتی گەردوونی: ئەم پلەیە ئێجگار بالآیە لە کۆمەڵەی ماسۆنیزمدا، پڕە لە کاری نهێنی و شاراوەیی، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ نەزانراوە لەمەڕ سیستەم و ئەندام و شێوەی کارکردنی، بە زۆری ئەندامەکانی ئەم جۆرە لە ماسۆنییەت بریتین لە سەرۆکی مەحفەلەکان لە جیهاندا.

هەر سەبارەت بە جۆرەکانی ماسۆنییەت، جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان توێژەر و شارەزایان دا، چ لەسەر ڕیزبەندی جۆرەکان چ لەسەر تایبەتمەندی هەر یەکەیان بەجیا، بەلآم ئەو دیدەی سەرەوە باشترین دید و ڕوانینمان دەخاتە بەر چاو لەسەر ئەم بابەتە.



www.iqra.ahlamontada.com

# ئامانجەکانی ماسۆنیزم

بێگومان هەموو کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراوێکی ئامانجی خۆی هەیە، سەرکردایەتی و ئۆرگان و ئەندامەکانی لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانە لێبڕاوانە خەبات دەکەن، باش وایە لە ڕێگای هەوادار و کەسە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیەوە لە مەبەست و ئامانجەکانیان تێبگەیەین، پاشان گەر بکرێت بیرو ڕای نەیار و دژەکانیش ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت وێنەیەکی دیار وەبەر چاوی خۆمان و خوێنەر بخەین، بەمەش دەکرێت ماهیەت و تایبەتمەندییەکانی ماسۆنییەتمان زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە:

لەم بارەوە (ایلیا الحاج) دەڵێت: مەبەست و ئامانجمان پێشکەشکردنی کاری خزمەتگوزارییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەتایبەتی منداڵانی بێ باوك و دایك و خزمەت گەیاندن بەبێوەژن، هەروەها ڕێبەرایەتیکردنی جیهان بەرەو (الحرية والمساواة والاخاء) ئازادی و یەکسانی و برایەتی، هەروەها دەڵێت ئێمەی بنیاتنەرانی ئازادی بەخش دەبێت بە ئەرکەکانی سەرشانمان هەڵبستین، کە بریتییە لە خۆشەویستی خوای گەورە و هەروەها خۆشەویستی خود و کەسانی نزیك.

هەرچی برا (شاهین بك مكاريوس) ە، سەبارەت بە مەبەست و ئامانجەکانی ماسۆنیزم دەبێژێت ( چ مەبەستێك لە مەبەستی ئەم



www.iqra.ahlamontada.com

کۆمەڵەیە و ئامانجەکانی پیرۆزترە، کە دەکارێت خۆشەویستی و هاوکاری لە نێوان ئەندامەکانیدا پەخش بکات و بە دوور بن لە ناکۆکی و کینە و هاندانیان بۆ پێشکەشکردنی کاری خێرخۆازی و باشە لەگەڵ براکانیاندا، بەتایبەتی ئەوانەی کە گلاون بە گرفت و پێویستیان بە دەستگردن و هاوکاری هەیە، هەروەها دەبێت چاك بڕوانینە ئەو گرفت و کێشانە، کە مرۆڤایەتی دووچاری بووە و دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی بکەین...).

یەکێکی تر لە ڕێبەرانی ماسۆنییەت، کە ئەویش (جرجی زیدان)ە دوای قسەکردن لەسەر مێژوو ئامانج و مەبەستەکانی ئەم کۆمەڵەیە، پێی وایە مرۆڤ پێویستی بە ماسۆنییەت هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، زانست بێ بوونی کۆمەڵە نهێنییەکان ناتوانێت گەشەبکات و بڵاو ببێتەوە. بەم پێیە بێت یەکێك لە ئامانجەکانی ماسۆنیزم برەو دانە بە زانست وەك کۆمەڵەیەکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا.

لە لایەکی ترەوە کەسێك بە ناوی (حضرة كلي الحكمة الياس بك) دەڵێت: مەبەست لە ماسۆنییەت تێکشکاندنی نەفامی و نەزانینە بە هەموو شێوەکانییەوە، هەروەها لە مەحفەلەکانی دا هەموو مشتومڕ وموجادەلەیەکی ڕامیاری وئایینی ڕەت دەکاتەوە، هەرچەندە ماسۆنیزم جێبەجێکردنی خواپەرستی و ئەرکە ئایینیەکان لە کەس قەدەغە ناکات...). بە کورتی دەکرێت ئامانج و


www.iqra.ahlamontada.com

مەبەستەکانی ماسۆنیزم وەك ئەوەی لەسەر زاری ڕێبەرەکانییەوە هاتووە، لەم چەند ئامانجەدا خورد بکەینەوە:

- پێشکەشکردنی کاری خێرخوازی بە مرۆڤایەتی، بە تایبەتی مندالأنی بێ باوك و بێ دایك و بێوەژن وپەککەوتەو هتاد...
- چەسپاندنی گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و هەروەها ئەندامانی خودی کۆمەڵەکەیان.
- ئامانجی هەرە سەرەکی ماسۆنیزم بلأوکردنەوەی زانست و تێکشکاندنی جەهل و نەفامییە بەهەموو چەشن و شێوەکانییەوە.
- ڕێبەرایەتیکردنی جیهان بە ئاراستەی چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی.
- ڕێزگرتن لە مرۆڤ و کارکردن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری.
- خۆشەویستنی خێزان و کەس و کار و کۆمەڵگە و دەوڵەت و مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی.
- ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

بەم پێیە بێت، ئەوا جگە لە بەخشینی خێرو خۆشی و دادپەروەری و پێشکەشکردنی خێرخوازی بە مرۆڤایەتی، خودی ماسۆنییەت هیچ ئامانجێکی تری نییە، وەك ئەوەی نەیار و دژەکان قسەی لەسەر دەکەن و زۆر تۆمەت و شتی تریش خراوەتە ئەستۆی.


www.iqra.ahlamontada.com

جا با بێینە سەر بیرو ڕای بەرەی دژە ماسۆنیزم، تاکو بزانین چۆن دەڕواننە ئامانج و مەبەستەکان و خوێندنەوەیان چییە بۆ ستراتیژیەتی ئەم کۆمەڵەیە، کە هەمیشە نوسەرە عەرەب و ئیسلامییەکان بە ڕێکخراوێکی تۆقێنەر و پڕ لە مەترسی بۆ سەر مرۆڤایەتی و ئایینەکان پیشانی خوێنەریان داوە گەلەك گومانی هەمە چەشنیان دروست کردووە، لە مەڕ ئامانج و مەبەستەکانی ئەم کۆمەڵەیە و نەهجی کارکردنیان:

بۆ نموونە کتێبی (السر المصون) هەموو ئەو ئامانجانەی کە باسکران لە سەرەوە بە درۆ دەخاتەوە و پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت هەموو ئەوانە دروشم و ئامانجی چەواشەکارانەن بۆ چاوبەست کردنی خەڵك و تەنها کۆمەڵێك وتەی ڕوکەشن، وەلێ لە گەوهەردا بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانەوە کار دەکەن و ئەوەندەی سەرقاڵی خۆ دەوڵەمەندکردنن کەمتر ئاگایان لە هەژار و لێقەوما و نەخۆشەکان هەیە، گەلێك ڕاو بۆچوونی کەسانی سەر بەم کۆمەڵەی ماسۆنییەت دەبینینەوە، کە پێیان وابووە ئەندامە دەست کورت و هەژارەکان، بونەتە مایەی گرفت و بارێکی قورس بۆ کۆمەڵەکە و گوایە هەندێکیان بە سوکی ڕوانیویانەتە ئەندامە هەژارەکانیان، لە بارەی ڕێزگرتن لە ئایین، هەمان سەرچاوە بە توندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە گوایە ئەم کۆمەڵەیە ڕێز لە ئایین و باوەڕەکان دەگرن و ئەندامەکانیان ئازادن لە پەیڕوکردنی بیروباوەڕە ڕۆحییەکانیاندا، ئەم پێی وایە ئامانجی سەرەکییان شێواندن و دژایەتیکردنی ئایینەکانی


www.iqra.ahlamontada.com

ئەسرانی و ئیسلام و ئەوانی تره، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش پارچە هۆنراوەیەکی گەورە کەسی ماسۆنی (شاهین مکاریوس) بە نموونە دەهێنێتەوە، تێدا سوکایەتی بە شوێنە پیرۆزەکان و پیاوانی ئاینی دەکات و دەڵێت:

الخير كل الخير في هدم الجوامع والكنائس

والشر كل الشر مابين العمائم والقلانس

ماهم رجال الله فيكم بل هم القوم الابالس

يمشون بين ظهوركم تحت القلانس والطيالس

لە بارەی دروشمەکانی(یەکسانی و برایەتی و ئازادی)یەوە، کە کۆمەڵەی ماسۆنییەت کردوویەتی بە دروشم و پەیامی سەرەکی خۆی، دوکتۆر (احمد غلوش) دەڵێت: (ان شعار المساواة والاخاء والحرية لا تعني الا مساواة اليهودي والاخاء معهم وضمان حرية العمل لهم )، واتە: (دروشمی یەکسانی و برایەتی و ئازادی هیچ مانایەك نادات، جگە لە یەکسانی بۆ جوولەکەکان و برایەتی لەگەڵیان و مسۆگەربوونی ئازادی کارکردنیان). کەواتا بەرزکردنەوەی ئەم دروشمانە لە لایەن ماسۆنییەتەوە تەنها لە بەرژەوەندی خودی جولەکەدایە و کەسیتر سوود لەم دروشمانە و بەرهەمەکانی نابینێت، هەر لەم بارەوە هاتووە ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێگای چەندین یانە و شوێنی تایبەتەوە، لە ئەمریکا و ئەوروپا زەمینەی ڕەخساندووە بۆ بڵاوبونەوەی لەشفرۆشی و سێکس و لادانی جنسی، بە نموونە ناوی هەندێك لەو یانانە دێنی بە ناوی (sex shops) کە لە چەندین


www.iqra.ahlamontada.com

ولآتدا بوونی هەیە، هەموو ئەمانەش بۆ لاوازکردن و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤی غەیرە جولەکەیە.

هەندێك لە ژێدەرەکانی دیکە، زۆر لەمە فراوانتر و دوورتر ڕۆیشتون لە مەڕ ترسناکی و گەورەیی ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە، پێیان وایە ئامانجی نزیك و ئامانجی دوور مەودایان هەیە، بۆ چەسپاندنی تەواوی یاسا و دەستوور و سیستەمی ماسۆنییەت لە جیهاندا. لەم ڕوانگەوە توێژەر (عبدالمجيد همو) ئامانجەکانی کردووە بە دوو بەشەوە، هەرچی ئامانجە نزیکەکانە، دەڵێت بریتییە لە سیی و پێنج ئامانج:

- ئامانجی موتروبەکردنی نزیکترین گروپ و کۆمەڵی مرۆڤ بە بیر و ئایدیاکانی جولەکە.
- ماسۆنییەت گەورە و سەروەری پارتە ڕامیارییەکانە، نەك خزمەتکاریان بێت.
- دوای (١٠) ساڵ ماسۆنییەت وا دەکات هەموو کارێك بە ئارەزووی خۆی گوزەر بکات، بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەك لە بەردەمیدا ڕوو بدات.
- مەبەست لە بوونی ماسۆنییەت تێکۆشانە لە دژی هەموو کۆمەڵە ستەمگەرەکان، کە ئینتیمایان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لە پێش هەموو مەسەلەیەکدا ماسۆنیزم وەك تەنها ڕێکخراوێك دژایەتی ئایین و نەتەوە و داب و نەریتەکان دەکات.


www.iqra.ahlamontada.com

هەروەها لە مەڕ ئامانجە دوور مەوداکانیش، هەمان سەرچاوە دەڵێت بریتین لە:

- دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی گەردوونی شاراوە.
- ئامانجی ماسۆنییەت پێکهێنانی کۆمارێکی نا ئایینی جیهانییە.
- ڕزگارکردنی هەموو نەتەوەکانە، کە ئاماژەکانی شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی (١٧٧٩) نازانن، ئەم ڕۆژە دوور نییە و دەبێت برایەتی ماسۆنییەتی گشتی تەواوی گەلان و نیشتمانەکان بگرێتەوە.
- بنیاتنانی دەوڵەتی عەلمانی.

پرسیاری هەرە جدیی ئەوەیە، ئاخۆ لە مێژوودا ڕێکخراوێك یان کۆمەڵە و پارتێك هەیە، هەموو ئامانجەکانی دژ بەوانی تر بێت وەك ئەوەی باس لە ماسۆنییەت دەکرێت و تەنها خاوەنی یەك ئامانجی پۆزەتیڤ نەبێت، دیارە ئەمەشیان لۆژیك نییە و بیرۆکەیەکە ناتوانرێت پشتی پێی ببەسترێت، ڕەنگە بوارێك هەبێت کۆمەڵەیەك لە بەر بەرژەوەندییە بالآکانی خۆی و دەوروبەرەکەی بخوازێت دژایەتی نەتەوەیەك یان گروپ و ئایینێك بکات، بێگومان ئەمەشیان بە ڕەهایی نییە، ناکرێت بڕوا بەم تێزە بکرێت کە دەڵێت کۆمەڵەی ماسۆنیزم جگە لە جولەکە و ئایینەکەی، دژایەتی هەموو گەلانی دونیا بە نەتەوە و ئایین و مێژووەوە دەکات، ئەگەرچی وەك هەر کۆمەڵەیەك ماسۆنییەتیش مافی ئەوەی هەیە بۆ خۆی خاوەنی پەیام


www.iqra.ahlamontada.com

و ئامانج و بانگەشە بێت، بەڵام نەك وەك ئەوەی لەسەریان باس دەكرێت، بۆ نموونە دەكرێت بڵێین ئەم كۆمەڵەیە دژ بە نەتەوەی عەرەب و ئایینی ئیسلامن، بەڵام ڕەوا نییە یان جێگای عەقڵ نییە دژایەتیكردن بۆ هەموو مرۆڤایەتی بخەینە ئەستۆیان، ئەمەش گەر بكرێت دەچێتە خانەی سۆز و هەڵچوونەوە و لە چوارچێوەی توێژینەوەی ئەكادیمیدا كاری پێناكرێت.

هەرچەندە بۆ خۆم گومانم لەوە نییە، خودی ماسۆنیزم بزوتنەوەیەكی نهێنی و خاوەن ئامانجی دوور و نزیكە و بە دووریشی نازانم دژی ئایینێك یان نەتەوەیەك كاربكات بە قازانجی بەرژەوەندیەكانی خۆیدا، ئەمەش هەنگا و كارێكی نوێ نییە لەمێژووی سیاسی گەلاندا، بەڵام هەرگیز وەك ئەم كۆمەڵەیە قەبە و گەورە و بە مەترسی نیشان نەدراوە، هەر ئەمەش وامان لێی دەكات گومانمان لا دروست بێت.

وەك پێشتر دووواین ئەم كۆمەڵەیە لە هەموو قۆناغەكاندا مۆركی جولەكەی پێوە دیارە و مەسەلەیەكی بابەتییە لە قازانج و بەرژەوەندییەكانی جولەكە كار بكات و تێبكۆشێت، ئیدی ناكرێت چ هێز و ئایین و نەتەوە هەیە بوونی ئەم كۆمەڵەیە بە مەترسی لە سەر خۆی و چارەنوسەكەی لە قەڵەم بدات، ئەوەی كە دیقەت دەدرێت ئامانج و پەیام و مەبەستەكانی ماسۆنیزم زیاد لە پێویست قەبە كراوە، بەتایبەتی خودی لێكۆڵەرە عەرەبی و ئیسلامییەكان زۆر بە گەورەیی دەڕواننە مەترسی و ترسناكی ئەم كۆمەڵەیە بۆ سەر


www.iqra.ahlamontada.com

تەواوی مرۆڤایەتی، هەندێکیان پێش بینی ئەوە دەکەن لە چەند ساڵی داهاتودا تەواوی گەلانی جیهان دەکەوێتە ژێر سایە و دەسەڵاتی جولەکەوە، لە ڕێگای ئامانج و هەنگاوەکانی ئەم کۆمەڵەیەوە، بەلام خۆ ئەوە سەدان ساڵە ئەم کۆمەڵەیە بوونی هەیە، ژیانی مرۆڤایەتیش بە پێی بەرژەوەندی و خواستی زۆربەی گەلانی دونیا بەڕێوە دەچێت و جگە لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ لەو پێشبینیە نادروستانە بە ئاکام نەهاتوون، کەچی نەك ماسۆنیزم نەیتوانیوە بستێك لە خاك و نیشتمان یان ئایین و تایبەتمەندییەکانی گەلانی تر بسڕێتەوە یان لە ناوی بات، بەڵکو بە دووریشی دەزانم لە (٩٥٪) جیهانیش هەر بزانن ماسۆنییەت چییە و ئامانج و مێژوو و تایبەتمەندیەکانیشی چین، ڕەنگە هەنوکە ئەم کۆمەڵەیە خاوەنی چەند ملیۆن ئەندامێك بێت و کۆمەڵێك ئامانجی گەورە و بریقەداری هەبێت وەك هەر پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی تر لە دونیادا.



www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# پەیوەندی نێوان ماسۆنییەت و جولەکە

پێم وایە ئەمەیان بابەتێکی گرنگە و زۆر لە مێژە جێگای مشتومڕ و لێدوانی جیاوازە، بۆیە جێی خۆیەتی بابەتیانە و دوور لە هەموو هەڵچوون و مەسەلەیەکی سۆزداری تیشك بخەینە سەری و بێ لایەنانە کاری لەسەر بکەین.

وەك ئاشکرایە هەرگیز لە هەردوو بەرەدا ناتوانرێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکرێت سەرهەڵدانی ماسۆنیزم جۆرێك پەیوەندی هەیە بەخودی جولەکەوە، ئەمەشیان لە ڕووی مێژوویی و پراکتیکییەوە سەلماوە و کەمتر پێویستی بە لێدوان و بەڵگە هەیە، ئەگەرچی هەنووکە ماسۆنییەت بووە بە ڕێکخراوێکی جیهانی پان و پۆڕ و ئەندام و سەرکردە و کەسی دیاری لە هەموو نەتەوە و ئایینەکانی تر هەیە، بەڵام ناکرێت مۆرکە جولەکەیەکەی فەرامۆش بکرێت. ئەگەر بێت و ئەو ڕایە دروست بێت کە دەڵێت ئەم ماسۆنییەتەی هەنووکە هەیە زادەی ڕابردووە و دەگەڕێتەوە بۆ هێزی شاراوەکەی ساڵی (٤٣)زایینی سەردەمی پادشا (ئەغریپا) ئەوا بەڕێکی و هیچ گومانێکی ئەوتۆ شك نابرێت بۆ بنەچە یەهودییەکەی ئەم کۆمەڵەیە، لە بەر ئەوەی ئەو هێزە لە سەر دەستی (٩) کەسی جولەکە دامەزراوە و کاریان بۆ بەرژەوەندی ئایینی و نەتەوەیی جولەکە


www.iqra.ahlamontada.com

کردووه، له هەمبەر سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی مەسیحییەتدا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دەکرێ پشت بە چەندین ڕاو بۆچوونی کەسە دیارەکانی ماسۆنییەت ببەستین بۆ ئەم بابەتە، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی ڕاو سەرنجی توێژەرە نەیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە، کە پێکەوە دەمانخەنە سەر ئەو سککەیەی کە پەیوەندییەکی جیدی و بنەڕەتی لە نێوان هەردوولادا هەبووە و هەیە.

- حاخامی جولەکە (اسحاق وایز Isaac wise) لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (Israalite of america)، کە دەکاتە مانگی ئابی ساڵی (١٨٦٦) دەڵێت (ماسۆنییەت دەزگایەکی جولەکەیە بە مێژوو و ئاستی پلە و نهێنییەکانییەوە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی هی جولەکەیە )،

هەروەها توێژەرەکان چەندین بەڵگەی تر دەخەنە بەر دەست بۆ سەلماندنی بوونی ئەم پەیوەندییە گەوهەری و بنەڕەتییە، بۆ نموونە (عبدالمجید همو) دەڵێت کەلەك فاکتەر هەن ئەوە دەسەلمێنن، کۆمەڵەی ماسۆنیزم تەواوکەری مەبەست و ئامانجەکانی جولەکەیە و بەڵکو پرۆژەیەکە لە ژێر ناوێکی پەردەپۆشکراودا بە ئامانجی هێنانەدی ئامانجەکانی جولەکە بە شێوازی جودا جودا، لەم بارەوە چەند نموونەیەك دەخاتە بەر دەست.

- زۆربەی پلە و سیمبول و ڕێوڕەسمەکانی ماسۆنیزم بۆنی جولەکەی لێ دێت، بەڵکو ئاماژەن بۆ تایبەتمەندی و داب و نەریتەکانیان.


www.iqra.ahlamontada.com

● کاتێك مەحفەلی مەزنی ئینگلتەرا دامەزرا، بەشی هەرە زۆری مامۆستا و ڕێبەرەکانی دەسەڵات بەدەست لەو شوێنەدا بریتیی بوونە لە کەسانی جولەکە و ناوی چەندین ڕێبەری گەورەی ئەو مەحفەلە دەهێنینەوە، کە بە بنەچە جولەکە بوونە و لە قۆناغە جیاجیاکاندا سەرۆکایەتی مەحفەلی مەزنی ئینگلتەرایان کردووە.

وەك:

- ئەنتوان سان بییر، ساڵی (١٧١٧).
- جۆرج بابن، ساڵی (١٧١٨).
- دیزا کولییە، ساڵی (١٧١٩).
- جۆرج بابن، ساڵی (١٧٢٠).
- جۆن دۆك دی مۆنتاك، ساڵی (١٧٢١).
- فیلیچ دۆك دی وارتن، ساڵی (١٧٢٢)
- فرەنسیس سکوت، ساڵی (١٧٢٣).
- شاس لیدکس، ساڵی (١٧٢٤).
- دوکتۆر جیمس هاملتۆن، ساڵی ١٧٢٥).
- هێنری فریدریك، ساڵانی (١٧٨٢-١٧٩٠).
- برەنس جۆرج، ساڵانی (١٧٩٠-١٨١٣).
- اوغست فریدریك، ساڵانی (١٨١٣-١٨٤٣).


www.iqra.ahlamontada.com

ڕەنگە هەموو ئەم ڕاستیانەی لای خوارەوە بەس بن بۆ ئەوەی
ست نەهێت نکۆڵی لە هاوپەیوەستی نێوان جولەکە و کۆمەڵەی
سۆنییەت بکرێت:

- ئەو (٩) کەسەی سەرەتا هێزی شاراوەیان دامەزراند جولەکە بوونە، پاشانیش دروستبوونەوەی ماسۆنیزم بە شێوە هاوچەرخەکەی دیسان لەلایەن کۆمەڵێك جولەکەوە دامەزراوەتەوە.
- تایبەتمەندییەکان و ڕێوڕەسمەکان، هێما و نهێنییەکان و سیمبول و ئاماژەکان و ڕێوڕەسمەکانی ماسۆنییەت، بەشێکی زۆریان لە ڕووی گەوهەرییەوە ملرکی جولەکەیان هەیە.

ئیدی لانی کەم ئەم ڕاستیانە گەواهین و چەردە و بەڵگەن بۆ
ەلماندنی بوونی پەیوەندی لە نێوان ماسۆنیزم و جولەکەدا.


www.iqra.ahlamontada.com

# ئیشکالیەتی نێوان ماسۆنیزم و ئایین

هەر لە ڕۆژگاری دروستبوونی هێزی شاراوە و دواتریش دروستبوونی ماسۆنییەت بەم فۆرمەی ئێستایەوە، پەیوەندی نێوان ئەم کۆمەڵەیە و ئایین دوو بابەتن بە چەندین.تێڕوانینی دژ بە یەك و ناکۆك و هەندێکجار هاوتەریبیش بینراوە، تا ئەو ئەندازەیەی زۆرترین مشتومڕ و لێدوانی لێ کەوتووەتەوە بە هەردوو دیوی ئەرێ و نەرێدا، خودی ئەم بابەتە زۆرێك لە توێژەر و شارەزایانی بۆ سەر دوو بەرەی دژ بەیەك یان جودا دابەش کردووە و لە نێوەندەکاندا هەڵای زۆری لەسەرە.

زۆرێك لە پسپۆڕ و بە ئاگایانی ئەم بابەتە، هەمیشە ماسۆنیزمیان وا وێناکردووە، کە ئامرازێکە یان چەترێکە بۆ خزمەتکردنی جولەکە لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینیەوە، ئەگەریش ئەم بۆچوونە دروست بێت ئەوا بە هەردوو باردا، تێگەیشتنەکان چوون یەك دەبنەوە، چوونکە لە لایەك ماسۆنیزم هەوڵێکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وتایبەتمەندیەکانی جولەکە، لە لایەکی تریشەوە دەکارێت بە ئاقاری لاوازکردن و شێواندنی ئایینەکانی تردا، بە تایبەتی هەردوو ئایینی مەسیحی وئیسلام، هەنگاوی سیستەماتیك وتێکشکێنەر بنێت بۆ ئەو ئامانجە.


www.iqra.ahlamontada.com

بێشك ڕوانین وبۆچوونەكان مەودای جیاوازی نێوانیان هێجگار دورە، هەرچی بەرەی دژە ئەوا بێ وەستان ماسۆنیزم بەوە تۆمەتبار دەكەن گوایە ئامانجی سەرەكییان لە ناوبردنی ئایین ولاوازكردنی بڕوای مرۆڤە بە یەزدان وكالّكردنەوەی بیروباوەڕە بە میتافیزیكاو فەلسەفە ڕوحییەكان و پەلكێش كردنی مرۆڤە بۆ نێو دونیای مادییەت و فەرامۆشكردنی لایەنی ڕوحی لە نێو تێكڕای كۆمەڵگەدا، ئەمە لە كاتێكدایە هەندێك لە مامۆستا و ڕێبەرە دیارەكانی ماسۆنیزم ئەم بۆچوونە بە ڕەهایی ڕەت دەكەنەوە، لە هەمبەردا كۆمەڵێك لە ڕێبەر وشارەزایانی ئەم بوارە دیدێكی جیاوازتریان هەیە وجەخت لە سەر ئەوە دەكەنەوە، ماسۆنیزم بەو ڕەهاییە دژ بە ئایین نییە، بەڵكو ڕێز لە ئایین و مەسەلە ڕوحییەكان دەگرێت و مرۆڤ ئازاد و سەربەست دەكات لە مامەڵەكردنیدا لە هەمبەر ئایین و تایبەتمەندیەكانی.

بەهەرحاڵ دەكرێ بچینە سەر تێڕوانین و بۆچوونی بیریار وشارەزایانی هەردوو بەرە، بە مەبەستی دروستبونی تێگەیشتنێكی تاڕادەیەك دروست و قبوڵكراو لە مەڕ ئەم بابەتە. لەم بارەوە بەرەی داكۆكیكار لە ماسۆنییەت بەم چەشنە دەڕواننە پەیوەندی نێوان ئایین و ماسۆنیزم:

- كەسێكی وەك (ایلیا الحاج) لەم بارەوە دەڵێت (ان الماسونیة تشتمل علی محبة اللة ومحبة القریب). واتە:


www.iqra.ahlamontada.com

ماسۆنیزم بریتییه له سۆزداری بۆ خوا و هەروەها سۆزداری بۆ خزم و کەسوکار.

● هەرچی (شاهین مکاریوس)ە، بە هەمان دید بەلاّم بەکەمێك جیاوازییەوە دەڕوانێتە زنجیرەی پەیوەندی ئەرێنی ئەم دوو بابەتە و دەڵێت (ان الماسونية دستورها الاساسي الايمان بالله وخلود النفس). بەم پێیە بێت بنەچەی دەستووری ماسۆنیزم لەسەر ئەوینداری و بڕوابوون بە خوا و مانەوەی ڕۆح بە هەمیشەیی بنیاتنراوە، وەك ئەوەی دەستووری ئەم کۆمەڵەیە لەسەر بنچینەی پەیامی ئیلاهی دارێژرابێت و خۆشەویستییان بۆ خوای مەزن گەورەترین ئامانجیان بێت، وەك دەزانرێت ئەمە دید و بۆچوونی کەسێکی دیاری ئەم کۆمەڵەیەیە، کە لەساتە وەختی خۆیدا بەم چەشنەی سەرەوە دەریبڕیوە.

● لە لایەکی ترەوە (الیاس بلد منس) دەبێژێت (الماسونية لاتمنع احدا من ممارسة فروضه الدينية). ئەم بۆچوونە هەندێك لەوانی تر جیاوازەوە، تەنانەت بە جێگەیاندنی مەراسیم و سروت و ئەرکە ئایینیەکانیش بە پەسەند دەزانێت و هەرگیز ڕێگری لەبەرانبەر بە جێگەیاندنی هەموو ئەوانەدا ناکات و بە شیاویان دەزانێت و مرۆڤەکانیش لەم بوارەدا سەربەستن.

ئەم بیروڕایانەی سەرەوە بریتین لە تێگەیشتن و تێڕامانی چەند کەسێکی دیاری نێو کۆمەڵەی ماسۆنییەت لە جیهانی عەرەبیدا، هەرچەندە ئەمانە پتر کەسە ڕۆژهەلاّتیەکانی نێو ئەم کۆمەڵەیەن،


www.iqra.ahlamontada.com

ئەمانە پێکەوەڕا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەرگیز ماسۆنیزم دژ و ناکۆك نییە لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکان و ئەندامەکانی سەربەست دەکات لە بەرانبەر پراکتیزەکردنی بیروباوەڕە ئایینییەکاندا، لەهەمان کاتدا هەر لەم بارەوە تیڕوانین و بۆچوونی کۆمەڵێك ڕێبەر و کۆنفراسی دیکەی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئایین زۆر توند و جیاوازن و ڕاشکاوانە بەرانبەر بە ئایین وەستاونەتەوە و تەنانەت بە مەترسی و ناڕاست و گێرەشێوێنی نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قەڵەمیان داوە و بەتوندی هێرشیان کردووەتە سەر ئایینەکان و تەنانەت خواش. لەم بارەوە دەگرێت بگەڕێینەوە سەر وتە و سەرنج و بۆچوونە تایبەتەکان کە بەم ئاڕاستەدا کاریان کردووە و بیروڕای خۆیان پێشکەش کردووە:

- لە یەکێك لە کۆنفرانسەکانی ماسۆنییەتدا لە برۆکسل و بەرێکی لە ساڵی (١٨٦٦)دا بە ئاشکرا هاتووە: (بأن التوراة هي مجموع خرافات واكاذيب واراء فاسدة). ئەمە وتەیەکی سەرپێیی نییە یان بۆچوونێکی هاکەزایی ڕووت نییە، بەڵکو ئەمە ڕاگەیەندراوی یەکێك لە کۆنگرە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە، تێیدا ڕاشکاوانە هەموو ناوەڕۆکی (تەورات) بە ئەفسانە ودرۆ و دەلەسە و بیرو ڕای ناشایستە لە قەڵەم دەدات وتەنانەت پێی وایە تێکدەرە و نابوتە.
- (الاخ مورات murat) لە کۆنگرەی ساڵی (١٨٩٤)دا وتەیەك پێشکەش دەکات و تێیدا بە ڕاشکاوی دەبێژێت: (ليس


www.iqra.ahlamontada.com

في العالم سوى جوهر واحد وذات واحدة وهي المادة والالة الحقيقي هو المادة). لەم وتەیەدا زۆر بە ڕونی بانگەشە بۆ سڕینەوەی هەموو ئایینەکان کراوە، تەنانەت مەسەلەی بوونی یەزدانیشی بە ناڕاست ئەژمار کردووە وپێی وابووە تەنها یەك خود ویەك خوا بوونی هەیە، ئەویش ماددەیە.

● هەر وەك لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی مەحفەلی فەرەنسای مەزندا لە ساڵی (١٩٢٢) هاتووە، چەندین ڕێنمای تێدایە بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەیان، کە هەرگیز دوو دڵ نەبن لەهێرشکردن بۆ سەر هەموو ئایینەکان، چونکە پێیان وابووە دوژمنی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتین، هەر لەم بارەوە یەکێکیان دەڵێت: (ان غايتنا قبل كل شيء هي أبادة الاديان). لێرەدا زۆر بە ڕونی و بێ هیچ ڕتوشێك ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە ئامانجی لە پێشینەیان لە ناوبردنی ئایینەکانە، چونکە مەترسین بۆ سەر مرۆڤایەتی.

هەروەها ژمارەیەك برا (الاخ) لە نێو ئەم کۆمەڵەیەدا، بەم شێوەیە دیدو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ئایین دەربڕیوە، کە هەموویان پێکڕا دژایەتی بێ پێچ و پەنای خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە دەربڕیوە:

● (بیرجیە) کە برایەکی ماسۆنییە لە پاریس وتویەتی: ماسۆنییەت جگە لە ڕەتکردنەوەی بوونی ڕەگەزی ئایین هیچی تر نییە.


www.iqra.ahlamontada.com

● (برۆدون) کە ڕێبەرێکی ماسۆنییەتە دەڵێت: ماسۆنییەت بەواتای ڕەتکردنەوەی جەوهەری ئایین دێ، هەر کاتێکیش ماسۆنییەت وتی خوا هەیە، ئەوا مەبەستی سروشت و هێزەکانی مادییەتە.

● (فرنند فاوری) سکرتێری کۆنگرەی ماسۆنییەت دەڵێت: پێویستە لەسەرمان هەموو هێز و بوونێکی ئایینی لە فەڕەنسادا لەڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنین، ئیتر هەر چ هێزێکی ئایینی بێت و لە هەرچ قاوغ و بچمێکدا بێت.

وەك دیقەتماندا خودی ڕێبەر و کەسە دیارەکانی ماسۆنییەت بۆ سەر دوو گروپ دابەش بوونە، گروپێکیان پێیان وایە ماسۆنیزم دژی هیچ ئایین و بڕوایەك نییە، بەڵکو لەدامەکانی سەرپەست دەکات لە پەیڕەوکردنی ئایین و بیروباوەڕەکان، هەرچی گروپی دووەم هەیە زۆر بەئاشکرا و ڕاشکاوانە دژایەتی خۆیان بۆ هەموو جۆرە ئایین و بڕوایەك دەردەبڕن، تەنانەت پێیان وایە جگە لە مادده هیچ خوایەکی تر بوونی نییە، لە بەرانبەردا تەواوی نوسەر و توێژەرە عەرەبی و ئیسلامییەکان ماسۆنییەت بە دوژمن و نەیاری سەرسەختی هەموو ئایینەکان لە قەڵەم دەدەن، هەندێکیشیان پێیان وایە جگە لە ئایینی جولەکە، ماسۆنیزم دژی هەموو ئایین و ڕێبازو باوەڕەکانی دیکەیە. کاتێك ورد سەرنجی وتە و بۆچوونی بەشی هەرە زۆری مامۆستا و ڕێبەر و کەسە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەدەیت، بێ هیچ ڕتوشێك ئەو ڕاستییەت بۆ ساغ دەبێتەوە، ئامانجی لە پێشینەی ئەم


www.iqra.ahlamontada.com

کۆمەڵەیە ڕەتکردنەوەی تەواوی ئایینەکانە و بگرە دیدیان بۆ باوەڕ و ئایینەکان دیدێکی نەگەتیڤە هەرچەندە ژمارەیەکی کەمیان وا دەڕوانن ئەم کارەیان لە خزمەتی ئایینی جولەکەدایە.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# ئایا ماسۆنییەت ڕێکخراوێکی ڕامیارییە؟

هەموو جۆرە ڕێکخراو و ئایینێك لە مێژوودا، فۆرم و قاوغی خۆی هەیە لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە، لەبەرئەوە نییە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە نەزای ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا دەخولێنەوە، یەك بچم و یەك بەرنامە و پەیامی هەبێت، بەڵکو هەست بە جیاوازی زۆر دەکرێت لە هەموو کایە جیاجیاکاندا.

پەیوەندی نێوان ماسۆنیزم و سیاسەت، پەیوەندییەکە پێشك ئەوە دێنێ لە سەری بوەستین، تاکو بە ڕێکی بزانین ئەم کۆمەڵەیە چ جۆرە فۆرمێکی هەڵگرتووە، ئایە کۆمەڵەیەکی خێرخوازی ڕووتە یان کۆمەڵەیەکی ئایینی و ڕۆحییە، یانیش کۆمەڵەیەکی ڕامیارییە بە تەنها؟ یانیش کۆمەڵەیەکە بە بەرنامە و ئامانج تێهەڵکێشە لە نێو هەموو ئەو کایە جیا جیایانەدا، جا بۆ ئەوەی مۆرك و سروشتی ئەم ڕاستییە بزانین، چاك وایە شەنوکەوی نێو ژێدەرەکان بکەین بەو ئامانجەی بگەینە ئاکامێکی دروست لەمەڕ ئەم پەیوەندییە، کە هەر لە مێژە جێگای مشتو مڕە، سەرەتا لەوەوە دەست پێ بکەین خودی ڕێبەرەکانی ئەم کۆمەڵەیەش نکۆڵییان لەو ڕاستییە نەکردووە، کە ئەم کۆمەڵەیە مۆرکێکی سیاسیانەی هەیە و هەر بۆ خۆیشی هەڵگری پەیامێکی سیاسی پڕ لە نهێنی و پەردەپۆشکراوە، لەم بارەوە چەندین ڕێبەری دیاری ئەم کۆمەڵەیە بەم چەشنە دواون:



www.iqra.ahlamontada.com

● (بلان) ئەندامی مەحفەلی پاریسە و دەڵێت (نعم انه لامر ثابت و مقرر بأن الماسونية مشروع سياسي وانما هذا فخرها) ئەمە دان پێنانێکی ئاشکرایە بەوەی ماسۆنییەت لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی سیاسییە و خودی کۆمەڵەکەش شانازی بەمەوە دەکات.

● (غونار) لە مەحفەلی پاریس دەڵێت: (اننا في محافلنا نسعى بأعمال السياسية وسياستنا هي نعم السياسة، فأن الابحاث السياسية والاجتماعية هي غايتنا الخاصة التي نجاهر بها علنا)، ئەم کابرا ماسۆنییە زۆر ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەمەحفەلەکانیاندا کاری سیاسی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن و زۆریش خۆشباوەڕن بەو سیاسەتەی کە کاری لەسەر دەکەن، هەروەها هەوڵ و تەقەللا ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان ئامانج و مەبەستی تایبەتن و بە ئاشکرا کاری بۆ سەرخستنیان دەکرێت، وتەی ئەم پیاوە زۆر ڕوونە لەبارەی میتۆد و کاری سیاسیانەی ئەم کۆمەڵەیەوە، تەنانەت کردەی سیاسیش لەنێو مەحفەلەکانیاندا بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانن.

● شێخی گەورەی مەحفەلی پاریس ناوی (مونیت) بووە، زۆر ڕاشکاوانە وتویەتی سەرەتا خۆمان لە مەسەلەی ئایین و سیاسەت بواردووە، ئەمەشیان ترس بووە لە دەسەڵات و پۆلیس، بەڵام ئەمڕۆ بە ئاشکرا دەڵێم لە مەحفەلەکانماندا کاری سیاسی دەکەین، کە پێمان وایە باشترین جۆری سیاسەتە.


www.iqra.ahlamontada.com

هەر سەبارەت بە هەمان بابەت، چەندین نموونەی ترمان لە بەر دەست دایە، کە ئاماژەن بۆ بە سیاسیبونی ئەم کۆمەڵەیە، چ وەك قاوغ و چوارچێوە چ وەك ئامانج و ناوەڕۆك، بۆ نموونە هاتووە:

- (الماسونية شركة سياسة غايتها تقويض اركان كل سلطة دينية او مدنية)، لەم دەقەدا ئەم کۆمەڵەیە وەکو کۆمپانیایەکی ڕامیاری ڕووت پیشاندراوە، کە ئامانجی هەرە سەرەکی بریتییە لە بەرتەسکردنەوەی پایەکانی دەسەڵاتی ئایینی و مەدەنی، کەواتا ئەم کۆمەڵەیە هەمیشە سەرقاڵی کاری سیاسی و ململانێیە بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی، ئەمەش بۆ خۆی پەیامێکی ڕوونە بۆ بە سیاسیبوونی ماسۆنیزم.
- سەرنوسەری گۆڤارێکی ناسراو بە ناوی (الجمهورية الماسونية) دەنوسێت و دەڵێت ماسۆنییەت ڕێبەر و پێشەوای هەموو پارتە سیاسیەکانە، ئەم ڕێبەرایەتیان دەکات و پارتەکان بە ئاڕاستەی فەرمانی خۆیدا دەبات.
- هەروەها چەندین مامۆستا و ڕێبەری دیاری ماسۆنیزم بێ هیچ ڕتوشێك یان دوو دڵییەك باسیان لەوە کردووە کە ئەوان لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەیاندا کاری سیاسی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە نوێنەری پاریس (الميسو براش) و(الكونت دي توغوينتر) و مێژوونوسی پرۆتستانتی (هردر) لەو کەسانە بوونە کە پێیان وابووە ماسۆنیزم لە ناوەڕۆك و پراکتیکدا کۆمەڵەیەکی ڕامیارییە، هەروەها لە چەندین کۆنفرانس و مەحفەلدا بە ئاشکرا باس لەم پەیامە کراوە و


www.iqra.ahlamontada.com

بەشی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیەش بریتیی بووە لە سیاسەت.

دیارە گەلەك ڕووداوی ڕامیاری و کۆمەلایەتی لە ڕابردوو ئێستادا کراونەتە نموونە گەلێك بۆ بوونی ڕۆڵی سیاسیانەی ئەم کۆمەڵەیە، ئەوەتا زۆرێك لە چاودێران ژمارەیەك زۆر لە ڕووداوە گەورەکانی جیهانیان خستۆتە ئەستۆی ئەم کۆمەڵەیە، لە نموونەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرهەڵدانی چەندین جەنگ و کاولکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تایبەتی لە ئەورووپادا خراونەتە پاڵ ئەم کۆمەڵەیە، گوایە پیلاندانەر و فاکتەری سەرەکی بەشی هەرە زۆری ڕووداوە جیهانییەکانن، ئەمەش بۆ گەیشتن بووە بە ئامانجە ستراتیژی و باڵاکانیان بووە، هەر لە بارەی بارگراوی بوونی ئەم کۆمەڵەیە بە سیاسەت هاتووە: ماسۆنیزم کۆمەڵەیەکی سیاسیە، چونکە لە نێو مەحفەلەکانیدا هەوڵ دەدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری گشتی وڵات بە پێی ئامانج و خواستەکانی خۆی، ئەوەش دیدێکی ناڕاستە کە دەڵێت ماسۆنییەت بە هیچ کارێکی سیاسی هەڵناستێت.

هەرچەندە کۆمەڵێك لە خودی ڕێبەرانی ماسۆنییەت، بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژهەلاتی و خەڵکی جیهانی ئیسلامی و عەرەبین، ڕاشکاوانە نکۆڵی لەوە دەکەن ماسۆنییەت هیچ جۆری پەیوەندی یان مۆرکێکی سیاسیانەی هەبێت، یان هەڵگری پەیامێکی ڕامیاری بوبێت، بەڵکو تەنها ئەرکی ئەم کۆمەڵەیە دژایەتیکردنی


www.iqra.ahlamontada.com

نەفامی و جەهالەت و هەژارییە، ئەوەتا یەکێك لە ڕێبەرانی مەحفەلی میسری لە ساڵی (١٨٩٠)دەبێژێت: (غاية الماسونية هي مقاومة الجهل تحت جميع اشكاله وهي مدرسة تمنع في كل محافلها كل مجادلة سياسية او دينية).

بەم پێیە بێت ئامانجی هەرە سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە دژایەتیکردنی جەهالەت و هەژارییە بە هەموو شێوەکانییەوە و تەنانەت لە مەحفەلەکاندا هەموو جۆرە موجادەلە و مشتومڕێکی ڕامیاری و ئایینی ڕەت دەکاتەوە ، هەمان سەرچاوە باس لەوەش دەکات تەنانەت لە کۆبونەوەکاندا گشت جۆرە ناکۆکی و گفتوگۆیەکی سیاسی قەدەغە کراوە و ڕێگەی پێ نادرێت.

دوای ئەم گەشتە بە نێو دید و تێڕوانینی هەوادار و ڕێبەرانی ئەم کۆمەڵەیەدا، لە مەڕ بوونی پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان ماسۆنیزم و سیاسەتدا، بێشك ئەو ئاکامە بەرهەم دێت بە پێی بەشی هەرە زۆری بۆچوونەکان و ڕای گەورە پیاوانی ئەم ڕەوتە، بەڵێ پەیوەندییەکی گرنگ و هەستپێکراو هەیە لە نێوان سیاسەت و ماسۆنیزمدا، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێن ماسۆنییەت لە بنەچەدا بۆ خۆی ڕێکخراوێکی سیاسیە بەبەرنامە و کاریش بەو ئاڕاستەیەدا کاری خۆی دەکات، کاتێك دیقەتی پێکهاتە و گوتار و هەڵسوکەوت و ناوەڕۆکی ئەم کۆمەڵەیە بدەیت، زۆر بە ئاشکرا ئەو حەقیقەتە دەردەکەوێت لە کردار و گوتاردا، کۆمەڵەی ماسۆنیزم ڕێکخراوێکی سیاسییە بە چەندین باگراوندی جیاجیاوە، ئەگەر ئەوەش ڕاست


www.iqra.ahlamontada.com

بێت ئەم ڕێکخراوە کاری خێرخوازیشی ئەنجام دابێت، ئەوا هیچ ڕێگریەك دروست ناکات لە بەردەم ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە سیاسی نەبێت، بەڵام ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە لەوانی تر جودا دەکاتەوە سروشت و پێکهاتە و ئامانجە فرە ڕەهەند و فرە لایەنەکانیەتی لە هەموو کایەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئایینیەوە.

# مەحفەلەکانی ماسۆنییەت

هەر ڕێکخراو و پارت و ئایینێك، بێگومان شوێنێکی دەبێت بە ناوێکی تایبەت و هەڵبژێردراوەوە تاکو ببێتە بارەگا و ناوەندێك بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان، هەروەها تاکو ببێتەماڵێك بۆ گردبوونەوەی ئەندام و هەوادارانیان، ئەمەشیان هەنگاوێکی سروشتی و دروستە.

کۆمەڵەی ماسۆنییەتیش وەك هەر دیاردەیەکی ڕێکخراوەیی تر بۆ ناوهێنانی ئەو شوێنەی کە دەبێتە ناوەند و جێگای کۆبونەوەیان، مافی خۆیان بوو هەر لە سەرەتاوە ناوێك بۆ ئەو شوێنە هەڵبژێرن، کە ئەویش ناوی لێنرا مەحفەل(المحفل) دوای دروستبونی ماسۆنیزم بە شێوە هاوچەرخەکەی، بڕیاری دروست کردنی یەکەم مەحفەل لە جیهان درا، ئەویش (مەحفەلی ئینگلیزی) بوو، وردە وردە ئەم کۆمەڵەیە بەهمی وەرگرت و گەشەی فراوانی بە خۆوە بینی، هەروەها بووە خاوەنی پەیڕەوێکی ناوخۆ لەساڵی (١٧٢٧) پاشان دەستورێکیشی بۆ ئامادەکرا بەناوی (کتاب الدستور الماسوني) کە لە لایەن دوکتۆر (جیمس اندرسون)وە ئامادەکرابوو، هەروەها بنەما و ڕێساکانی و چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەندام و سەرکردەکانی تێدا دیاریکرابوو، سەبارەت بە دروستکردنی یان کردنەوەی یەکەم


www.iqra.ahlamontada.com

مەحفەلی ماسۆنی، ئەوا مێژوونووس و شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧١٧).

لەم بارەوە وا هاتووە: بنیاتنەران لە (٢٤/حوزەیرانی ساڵی ١٧١٧) کۆبوونەوە و هەموو کۆمەڵەکانی بنیاتنەر یەکیانگرتووە و پاشان یەکەم مەحفەلیان دروستکرد بە ناوی (مەحفەلی ئینگلیزی) کە پێشتر ناوی (مەحفەلی ئۆرشەلیم) بووە.

پاش ئەم ڕووداوە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا، چەندین مەحفەل دامەزران، بۆ هەر مەحفەلێکی سەرەکی چەند مەحفەلێکی ئاسایی دانران، کە مەحفەلە سەرەکییەکان بە ناوی (المحفل الأكبر) یان (المحفل الاعظم) ناوزەد دەکران، دوای سەرهەڵدانی مەحفەلی ئینگلیزی وەك یەکەم کرانەوە، چەندین مەحفەلی دیکە لەوڵاتانی ئەورووپا کرانەوە وەك:

- مەحفەلی پاریس، ساڵی (١٧٢٥)،
- مەحفەلی مەزن لە ئیرلەندا، ساڵی (١٧٣١).
- مەحفەلەکانی ئەمریکا و هیند و بەنغال و جەبەل تاریق، لە ساڵی(١٧٣١).
- مەحفەلی هامبۆرگ، ساڵی (١٧٣٣).
- مەحفەلەکانی سویسرا هۆڵەندا، ساڵی (١٧٤٠).
- مەحفەلی بوترسبۆرگ، ساڵی (١٧٥٠).
- مەحفەلی بیلۆڕوسیا، ساڵی (١٧٧٠).
- مەحفەلی ڕوسی مەزن، ساڵی (١٧٧٢).


www.iqra.ahlamontada.com

- مەحفەلی سوید، ساڵی (١٧٧٣).
- مەحفەلی ئیتاڵیا، ساڵی (١٧٧٤).

بێگومان سەرەتا هەموو ئەم مەحفەلانە لە ژێر چاودێری مەحفەلی بەریتانیای مەزن دامەزران، دواتریش مەحفەل لە زۆربەی وڵاتانی دونیای عەرەبی و ئیسلامیشدا کرانەوە، ئەمەش هاوتەریب بوو لە گەڵ گەشەکردنی ماسۆنییەت لە نێو زۆربەی وڵات و گەلانی جیهاندا.

سەبارەت بە ژمارەی مەحفەلەکانیش، ئەوا زانیاری جودا جودا هەن لە قۆناغە جیا جیاکاندا، بۆ نموونە بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٦٤)ی (دائرة المعارف الدولية) ژمارەی تەواوی مەحفەلەکانی ماسۆنییەت لە جیهاندا بریتیی بووە لە (٣٢٠٠٠)هەزار مەحفەل.

لە کتێبی (السر المصون)دا هاتووە: بە پێی لیستێك کە لە ساڵی(١٩٠٧)دا ئامادەکراوە، ئەویش لەسەر زاری یەکێك لە ڕێبەرە گەورەکانی ماسۆنییەتەوە وەرگیراوە و دەڵێت: لە جیهاندا (١٠٦) ئیالەی ماسۆنییەت هەیە، کە لە ئەوروپا (٢٤) ئیالە و لە ئەمریکای باکور (٥٢) ئیالە و لە ئەمریکای باشور (٢١) ئیالە و لە ئوستراليا (٧) ئیالە و لە ئەمریکا (٢)...هتاد. ئەمەش پوختەی ناوی ئیالە و ژمارەی مەحفەلەکانە لەو سەردەمەدا:



www.iqra.ahlamontada.com

| ولآت | مەحفەلەكان |
|---|---|
| ئیالەی ئینگلتەرا | ٢٦٠٠ |
| ئیالەی ئیسكۆتلەندا | ١٠٠٠ |
| ئیالەی ئیرلەندا | ٤٥٠ |
| ئیالەی فەڕەنسا (شرق فرنسا الاعظم) | ٤٠٠ |
| ئیالەی فەڕەنسا (الاسكوتلندية) | ٨١ |
| ئیالەی ئیتالْیا | ١٩٥ |
| ئیالەی بەرلین | ١٣٧ |
| ئیالەی (برلين الملكية) | ٦٩ |
| ئیالەی ئەڵمانیا | ١٢٨ |
| ئیالەی ئیسپانیا | ٥٩ |
| ئیالەی ئسوج | ٣٥ |
| ئیالەی ئەمریكای باكور | ١٠٠٠ |
| ئیالەی ئوستراليا | ٧٠٠ |
| ئیالەی ئەمریكای ناوەڕاست و باشور | ٥٥٠ |

كەسێكی وەك (الاب لويس شيخو) پێی وایە، ماسۆنیزم بە زۆری ئەو ولآتانەدا گەشە دەكات، كە لە ڕووی ڕێباز و باوەڕەوە سەر بە مەزهەبی پرۆتستانتین، هەروەها دەڵێت پرەنسیپەكانی ئەم ڕێباز و باوەڕە زەمینە خۆشكەرن و لەسەر بنەمای سەربەستین و كەشێكی لەبار دەڕەخسێنی بۆ گەشەكردنی هەموو بیرو باوەڕێكی تر، وەك دەبینرێت ئەمە لەو ولآتانەدا كە


www.iqra.ahlamontada.com

هەڵگری ڕێباز و باوەڕی کاسۆلیکین، کەمتر بواری گەشە کردنیان هەیە.

سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەم مەحفەلیش لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٩٨). لەم بارەوە هاتووە: بە فەرمانە (ناپلیۆن بۆناپەرت) کە یەکێك بووە لە ماسۆنییە گەورەکانی فەرەنسا، دوای پەلاماردانی وڵاتی میسرو جەنەراڵ (کلیپەر) و ئەوانەی لە گەڵیدا بوونە پاسپاردوون بۆ دامەزراندنی یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە میسر، ئەمەش لە ساڵی (١٧٩٨) بووە بە ناوی (محفل ایزیس) کە پەیوەست بووە بە (الشرق الاعظم الفرنسي) و بارەگاکەی لەقاهیرە بووە، هەر لە درێژەی زانیاریەکانیدا لە بارەی کردنەوەی مەحفەلی ماسۆنی لە وڵاتانی عەرەبیدا هاتووە: یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە لوبنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٦٢) لە ژێر چاودێری (الشرق الاعظم الانكليزي)دا بووە، بە ناوی (محفل فلسطين) کە بارەگاکەی لە بەیروت بووە و دواتر لە ساڵی (١٨١٨) ئەم مەحفەلە لەکارەکانی وەستاوە و پاشان لە هەمان وڵاتدا مەحفەلێکی تر بە ناوی (محفل لبنان) دامەزراوە لە ژێر چاودێری (الشرق الاعظم الفرنسي) کە ژمارەیەك لە ماسۆنییە فەلەستینیەکان پەیوەندییان پێوە کردووە.

بە پێی زانیاریشمان یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە عێراقدا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٨) دوای داگیرکردنی وڵاتەکە لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزەوە.


www.iqra.ahlamontada.com

هەرچەندە ئینگلتەرا سەرەتا پێگەی دروستبوونی یەکەم مەحفەل بووە، بەڵام ئێستا ئەمریکا لە پلەی یەکەمدایە و زیاتر لە (١٥) هەزار مەحفەلی هەیە، بۆ نموونە تەنها لە شاری (نیۆیورك) نزیکەی هەزار مەحفەل بوونیان هەیە و ئەمڕو ئەمریکا گەورەترین ناوەندی گرنگ و فراوانە بۆ ماسۆنیزم.


www.iqra.ahlamontada.com

# ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە

کەم و زۆری و پێشکەشکردنی زانیاری و داتای جۆراوجۆر لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە، کەشێکی وای ڕەخساندووە، مەسەلەی ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە جیهاندا وەک پێویست نەزانراو بێت، وەک تەماشا دەکرێت هەندێك بە ئەنقەست ژمارەکەیان زۆر زیاد پیشانداوە، یان بە کەمی خەملاندوویانە، کەسانێکی تریش نازانستیانە چەندین ژمارەی جیاجیا و قەبەیان خستۆتە ڕوو، لەڕاستیدا بابەتەکەی گوماناوی کردووە و مرۆڤ ناتوانێت لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە پشتی پێی ببەستێت، بەش بە حاڵی خۆم گومانم لە زۆربەی ئەو ئامار و داتایانە هەیە کە لەو بارەوە خراونەتە ڕوو، هەرچی ڕێبەر و هەوادارانی ئەم کۆمەڵەیە هەیە زۆربەی تایبەتمەندییەکانیان بە نهێنی و شاراوەیی هێشتۆتەوە، وەلێ نەیار و بەرەی دژە ماسۆنییەتیش هەندێکجار لە ژێر گوشاری سۆز و خەیاڵدا گەلەك ئاماری خەیاڵی و نالۆژیکیان خستۆتە بەردەست، بێشك گومان لە ڕاستی و دروستی دەکرێت، بۆیە هەموو ئەم ڕاستییانە وای کردووە بابەتی دەستنیشانکردن و زانینی ژمارەیەکی ڕاست و دروستی کۆی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لێڵ و نادیاربێت.

هەرچۆنێك بێت، ئێمە وەك پێویستییەك هەندێك لەو داتا و ئامارانە دەخەینە ڕوو کە تا هەنووکە سەرچاوەکان باسیان لێوە


www.iqra.ahlamontada.com

کردووە، بەو ئامانجەی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت وێنەیەکی هاکەزایشمان لەلا دروست بێت بۆ نزیکی ئاست و قەبارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەرچەندە بۆ خۆم بەد گومانم لە ئێستا و ئایندەدا ژمارەیەکی تەندروستمان وەچنگ کەوێت، ئەمەشیان لە بەر گەلەك فاکتەر کە پێشتر لە بارەیەوە دواوین.

وەك لە کتێبەکەی (الاب لویس شیخو)دا هاتووە و بەپێی ئامارێکی ساڵی (١٩٠٧) ئاماری ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی ماسۆنییەت لە زۆربەی مەحفەلەکاندا بەم شێوەیە بووە:

| ئیالەکان | ژمارەی ماسۆنی |
|---|---|
| ئیالەی ئینگلتەرا | ١٣٠٠٠٠ |
| ئیالەی ئوسکۆتلەندا | ٥٠٠٠ |
| ئیالەی ئیرلەندا | ١٥٠٠٠ |
| ئیالەی فەڕەنسا(شرق فرنسا الاعظم) | ٢٧٠٠٠ |
| ئیالەی فەڕەنسا(فرنسة الاسکوتلندیة) | ٥٠٠٠ |
| ئیالەی ئیتالیا | ٢٠٠٠٠ |
| ئیالەی بەرلین | ١٥٠٠٠ |
| ئیالەی(برلین الملکیة) | ٧٠٠٠ |
| ئیالەی ئەڵمانیا | ١٣٠٠٠ |
| ئیالەی ئیسپانیا | ٢٥٠٠ |
| ئیالەی(سوج) | ١٢٠٠٠ |


www.iqra.ahlamontada.com

| | |
|---|---|
| ئیالەی ئەمریکای باکور | ١٠٠٠٠٠٠ |
| ئیالەی ئوستralیا | ٣٠٠٠٠ |
| ئیالەی ئەمریکای ناوەڕاستو باشور | ١٠٠٠٠٠ |

لە داتایەکی تردا، سەبارەت بە ڕێژەی ئەندامانی ماسۆنی تەنها لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە؛ ژمارەی ئەندامانی ماسۆنی لە ئەمریکادا نزیکەی لە (٣٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنی بو نموونە تەنها لە شاری (نیۆیورك) نزیکەی (٣٥٠٠٠٠)هەزار ئەندامی ماسۆنی هەیە.

هەروەها بە پێی ئامارێك لە ساڵی (١٩١٠) کە لە کتێبی (السر المصون) وەرگیراوە، کۆی ژمارەی ئەندامانی ماسۆنی لەو سەردەمەدا بریتی بووە لە (١٧٤٤٨٧٨)ماسۆنی کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەش بوونە بە سەر وڵاتاندا.

| وڵات | ژمارەی ئەندام |
|---|---|
| ئینگلتەرا | ١٥٢٥٥٠ |
| سکۆتلەندا | ٥٠٠٠٠ |
| ئیرلەندا | ١٨٠٠٠ |
| ئەلمانیا | ٥٤٠٠٠ |
| فەرەنسا | ٣٦٠٠٠ |
| ئیتالیا | ١٥٠٠٠ |
| پورتوگال | ٢٨٨٧ |
| هوڵەندا | ٤٦٠٠ |


www.iqra.ahlamontada.com

| | |
|---|---|
| ئیسپانیا | ٣١٦٠ |
| سویسرا | ٣٦٤٦ |
| بەلجیكا | ٧٠٠ |
| یۆنان | ٤٩٥٠ |
| ڕۆمانیا | ٢٢٥ |
| ئەمریكای باكور | ١٢٧٥٩٣٠ |
| ئەمریكای ناوەڕاست | ٨٢٠٦ |
| ئەمریكای باشور | ٣٧٣٩٤ |
| ئوستراليا | ٤٠٧٢٩ |
| مەجەر | ٥١٣٢ |
| ئەسوج ونەرویج | ١٦٧٣٣ |
| دانیمارك | ٥١٣٢ |
| توركیا و ئەفریقیا و ئاسیا | ٢٠٠٠٠ |

به پێی داتاكانی (دائرة المعارف الدولیة) له ساڵی (١٩٦٤) كۆی ژمارەی ئەندامانی ماسۆنی به (پێنج تا شەش ملیۆن) ماسۆنی خەملاندووه. هەرچەندە ئەم ئامارە تێڕامانێكی ڕێژەییە و هەرگیز ناكرێت وەك داتایەكی دروست و سەت دەر سەت تەماشا بكرێت.

هەر سەبارەت بە قەبارەی ئەم كۆمەڵەیە لە ڕووی چەندایەتییەوه له هەموو جیهاندا هاتووه: له هەشتاكاندا (مەبەست هەشتاكانی سەدەی بیستەمە) ژمارەی ماسۆنییەكانی جیهان


www.iqra.ahlamontada.com

نزیکەی (٦) ملیۆن ئەندام بووە و بەم شێوەیە بەسەر وڵاتاندا بڵاوبونەتەوە:

- چوار ملیۆن ماسۆنی لە ئەمریکا،
- یەك ملیۆن ماسۆنی لە بەریتانیا،
- یەك ملیۆن ماسۆنی لە تەواوی وڵاتانی تری جیهان، بە وڵاتانی عەرەبی وتەنانەت ئیسرائیلیشەوە،

تا ئێرە ئێمە ئامارێکی نوێمان وەچنگ نەکەوت، لە ڕاستیدا بۆ ئەم بابەتە وا بەسەر پێی ناتوانین پشت بە ئامارێکی سەت دەر سەت ببەستین، ئەمەش وەك وتمان لەبەر چەندین فاکتەری خودی و بابەتی. وەك لە ئامارەکانی سەرەوەدا هاتووە، دەبینین لە کۆی هەمویان ئەمریکا بە پلەی یەکەم دێت و بەریتانیا بە پلەی دووەم و ئینجا تەواوی وڵاتانی تری دونیا پێکەوە بە پلەی سێهەم دێن.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

# یانەکانی ڕۆتاری (نوادی الروتاري)

ماسۆنییەت وەك هەر کۆمەڵەیەکی تر، یەکێك لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی زۆرترین ئەندام و هەواداربووە، بۆیە چەندین شێواز و دەروازەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ ئەو مەبەستە، بە تایبەتی چۆنێتی کۆکردنەوەی ئەندام لە نێو کەسانی بڕیار بەدەست و بازرگان و سیاسەتوان و ڕوناکبیران، بۆ ئەمەش پێویستی بە چەندین ئامراز و ئەلتەرناتیڤ هەبووە لە دەرەوەی مەحفەلەکانی ماسۆنییەت.

هەر بۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە یانەیەکی نێودەوڵەتی لە ژێر ناوی (الروتاری) دامەزراند هەرچەندە لە دیاری کردنی مێژووی دامەزراندنی ئەم یانەیەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە و هەمووان لەسەر یەك مێژوو کۆك نین، بۆ نموونە هەندێکیان پێیان وایە لە ساڵی (١٩٠٥) لە شاری (شیکاگۆ) لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، کۆمەڵێکی تریش پێیان وایە لە ساڵی (١٩٠٤) دامەزراوە ، هەرچەندە زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی یانەی ڕۆتاریی لە ساڵی (١٩٠٤) لە شاری شیکاگۆ و لەسەر دەستی پارێزەر (بول هاریس) دامەزراوە، هەرچۆنێك بێت پێم وانییە ساڵێك


www.iqra.ahlamontada.com

کەم یان زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی ئەم مێژووە گرفتێکی ئەوتۆ دروست بکات.

بە کورتی ئەم یانەیە بریتییە لە یەکێك لە دەزگاکانی ماسۆنیزم، بەڵام لە ژێر ناو و پەردەی جیاجیادا، کە ئامانجە هەرە سەرەکییەکەی خزمەت گەیاندن بووە بەم کۆمەڵەیە.

بەزۆری ئەندامانی ئەم یانەیە بریتین لە پیاوانی خاوەن کار و بازرگان و فەرمانبەر و پزیشك و ئەندازیار و سیاسەتوان، ئەوەش کە باوە کات و شوێنی کۆبونەوە و یەك بینینی ئەندامانی ئەم یانەیە لەسەر سفرەی نانخواردن بووە، کەواتا لە کاتی نانخواردندا دیالۆگ و مشتومڕ و بیروڕایان لەسەر بابەتەکان گۆڕیوەتەوە، هەروەها یاساکانیشیان وابووە هەر لەوێدا حاڵەتی یەك ناسین لە نێوان ئەندامە کۆن و نوێکاندا ڕوویداوە و بە یەکتر ئاشنا بوونە، بۆ هەر کۆبونەوەیەکیش لە هەفتەدا ڕۆژێك تەرخان دەکرا.

یانەی ڕۆتاری لە سەر بنەمایەکی ڕێکخراو بۆ هەر دەوڵەتێك بوونی هەیە، بۆ هەر ساڵێکیش کەسێك دەکرێتە (پارێزگار) بۆ ناوچەیەکی جوگرافی و بۆ هەر ناوچەیەکیش ژمارەیەکی تایبەتی هەیە، کەواتا ڕێکخراوی ڕۆتاری ئێستا پێکهاتووە لە (٣٥٠) ناوچە کە بە شێوەیەکی نەزانراو و شاراوە بەسەر وڵاتانی جیهاندا دابەشبووە.

سەبارەت بەم یانەیە هاتووە: دوای ئەوەی بوونی ماسۆنییەت ئاشکرا بوو، زایۆنیزم کەوتە هەڵپەی دانانی نەخشەیەکی نوێ وەك


www.iqra.ahlamontada.com

ئەلتەرناتیڤ بۆ ماسۆنییەت بە مەبەستی بەجیهێنانی ئامانج و پێویستییەکانی جولەکە لەفەلەستین و جیهاندا.

هەر هەمان سەرچاوە دەڵێت: یەکەمجار نە بەناوی (الروتاری) و دووەم جاریش نە بەناوی (الليونز)ەوە ئەم جۆرە یانانە سەریان هەڵدا، هەرچی ووشەی (الروتاری) هەیە بە مانای گەڕانەوە دێت، ، کەواتا گەڕانەوە بۆ فەلەستین و پێکهێنانی مەملەکەتی (یەهوذا) کە حکومی جیهان بکات.

وەك زانراوە لە ئەندامە بە ناوبانگەکانی ئەم یانەیە (اورخان کورلتان) کە کوڕی هاوڕێ (کورلتان)ی سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا بووە لە ساڵی (١٩٢٠) هەروەها لە ئەندامە دیارەکانی ملیۆنێر (کوزاد هیلتون)ی جولەکەیە، کە خاوەنی کۆمەڵەی هۆتیلەکانی (هیلتون)ە کە لە جیهان دا بلاوبوەتەوە، ئەم ئۆتێلانە، کاریگەری گەورەیان هەیە بۆ کۆنترولکردنی ئابوری ولأتان.

ئەوانەی کە بە زۆری دەبنە ئەندامی ئەم یانەیە بریتین لە سیاسەتمەدار و دەوڵەمەندە پلە دووەکان، کە هەندێکیان کۆنترۆڵی بانك و بازاڕە بازرگانییە گەورەکانیان کردووە، بە تایبەتی ئینگلیزەکان، چوونکە ژمارەیەك لە (لوردات)ی پەرلەمانی بەریتانیا ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەم بوارەدا.

لە ساڵی (١٩١١) بیرۆکەی ڕۆتاری لە ئەمریکاوە گوازراوەتەوە بۆ ئینگلتەرا و پاشان بۆ زۆربەی وڵاتانی دونیا، تاکو لە ساڵی (١٩٢١) بڕیاری دامەزراندنی (یانەی رۆتاری نێودەوڵەتی) درا وەك


www.iqra.ahlamontada.com

هەولێك بۆ یەكخستنەوەی كارەكانی ڕۆتاری. دەكرێ لای خوارەوە هەندێك ئاماری سەرەتایی، ئەگەرچی نوێ نین بیخەینە بەر دەستی خوێنەر بە ئامانجی دروستكردنی وێنەیەك لە سەر ژمارەی ئەندامانی ئەم یانەیە، بێگومان زانیارییەكانیش لە كتێبی (النشاط الصهیوني الماسوني في الوطن العربي)یەوە وەرگیراوە و هاتووە:

- تاكو جەنگی جیهانی دووەم ژمارەی ئەندامانی ئەم یانەیە بریتیی بووە لە نزیكەی (٢١) هەزار ئەندام كە بە سەر (٦٠) وڵات دابەشبووبوون.
- لە ئێستادا (مەبەست لە هەشتاكانی سەدەی بیستەم)ە، چالاكییەكانی ئەم یانەیە گەیشتۆتە (١٤٠) وڵات، كە پێكهاتبوو لە (١٧)هەزار یانە، كۆی ژمارەی ئەندامەكانی زیاتر لە (٨٠٠) هەزار ئەندام بووە.

هەروەها ناوەندی سەرەكی سەرپەرشتیكردنی ئەم یانانە لە هەموو جیهاندا لە شاری (افنستون) بووە لە ویلایەتی (الینوی) لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.


www.iqra.ahlamontada.com

# ماسۆنییەت لە جیهاندا

ماسۆنیزم وەك مێژوو، وەك بیرۆكە، وەك جوڵانەوەیەكی نهێنی، پڕە لە كاری شاراوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی بە شێوە هاوچەرخەكەی لە ئەوروپادا و بەرێكی لە ئینگلتەرا سەری هەڵدایەوە، وردە وردە لە وڵاتانی ئەوروپا و پاشان ئەمریكا و هەروەها وڵاتانی رۆژهەڵاتدا گەشەیەكی فراوانی بەخۆیەوە بینی و لە زۆربەی وڵاتاندا گەرای خۆی دانا، تاكو بووە خاوەنی چەندین ملیۆن ئەندام و سەدان هەزار مەحفەل لە تێكڕای جیهاندا.

لێرەڕا پێویست دەكات بە كورتی ئاماژە بۆ پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشەكردنی ماسۆنیزم بدەین لە هەندێك وڵات:

## ئینگلتەرا

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی كرد ئەم وڵاتە دووەم ژینگەی سەرهەڵدانەوەی ماسۆنیزمە، بەڵام بە شێوە هاوچەرخەكەی، لە ساڵی (١٧١٦) بە هەوڵ و كۆششی (لاڤ) و كوڕەكەی و زاواكەی لەسەر ڕەگ و ڕیشەی بنەما تایبەتەكانی هێزی شاراوە و بە هاوكاری هەر یەك لە (دیزا كولییە) و (جۆرج) پێكەوە بڕیاری زیندوكردنەوەی ئەو كەلتور و ئامانجە بدەن، كە لە مێژوودا هێزی شاراوە كاریان بۆ دەكرد، بەڵام ئەمجارەیان لە ژێر ناوی (فرانما سونیری) بنیاتنەرانی


www.iqra.ahlamontada.com

ئازاد، بە فۆرم و سیاسەتێکی نوێ و جیاوازترەوە، بۆیە لە ساڵی (١٧١٧) ئەم خواستە دێننە جێ و بڕیاری دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەدەن و یەکەم مەحفەلیش بە ناوی (محفل انكلترا الاعظم) دادەمەزرێنن.

پاشان ماسۆنییەت شێوەیەکی زیاتر ڕێکخراوەیی بە خۆیە دەبینی، تا وای لێی دێت پەیڕەوی ناوخۆ لە ساڵی (١٧٢٧) لەسەر دەستی دکتۆر(جیمس اندرسون) بۆ خۆی دادەنێت. بە پێی ئامارێکی ساڵی (١٩١٠) ژمارەی مەحفەلەکانی وڵاتی ئینگلتەرا بریتی بووە لە (٢٨٠٠) مەحفەل، کە ژمارەی ئەندامەکانی (١٥٢٥٥٠) هەزار کەس بووە. هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا ئامارێکی ساڵی (١٩٠٧) هاتووە: لە ئینگلتەرا ژمارەی مەحفەلەکان (٢٦٠٠) مەحفەلن و زیاتر لە (١٣٠٠٠٠) هەزار ئەندام لە خۆ دەگرێت. بێگومان لە ئامارە نوێکاندا ئەم ژمارەیە زۆر زیاترە، هەرچەندە هەنووکە ئامارێکی زۆر نوێ لەبەر دەستماندا نییە، لێرەوە ئیدی ئەم وڵاتە دەبێتە یەکەم لانکەی لە دایکبوونی ماسۆنییەت بە شێوە هاوچەرخەکەیەوە، هەر لێرەشەوە پەل دەهاوێت بۆ وڵاتانی دونیا.

### ئەمریکا

بەشێکی زۆر لە ژێدەرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان نەکراوە یان نییە بۆ پەیدابوونی


www.iqra.ahlamontada.com

ماسۆنیزم لە ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرباری بلاَوبونەوەی بە شێوەیەکی خێرا و بەرفراوان.

بەهۆی دروشم و ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی ماسۆنیزمەوە، دەبینرێت ئەم کۆمەڵەیە پێگەیەکی گەورەی بۆ خۆی دروست کردووە، هەروەها بە چاوێکی گەورە و پڕ لە ستایشەوە لە ئەمریکا تەماشا دەکرا، چونکە بانگەشەکانی ماسۆنیزم بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و بەخشندەیی و پێشکەشکردنی هاریکاری بە ئەندامەکانی، وای کرد لە دەرفەتێکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر ئەندام لە دەوری کۆببێتەوە، هەر ئەم پێگەیە وای کردووە کەسە دیارەکانی ئەمریکا شانازی بەوەوە بکەن کە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیەن.

ڕۆڵی ئایین و پیاوانی مەسیحیەت لەم بوارەدا بۆ سەر دوو گروپی دژ بەیەك دابەش بووبوون، بۆ نموونە هەرچی هەوادارانی بیرو باوەڕی پرۆتستانتی هەبووە بە ئاشکرا پشتیوانیان لە ماسۆنیزم دەکرد، ئەوەتا لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٥)دا زیاتر لە (٥٠٠) هەزار قەسیس نامەیەك ئاڕاستەی کۆنگرێس و حکومەتی ئەمریکا دەکەن و تێیدا داوا دەکەن دەرگاکانی فەڵەستین والاَ بکرێن لەبەردەم کۆچکردنی جولەکە بۆ ئەو خاکە، بەمەبەستی دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان.

ئەمە هەوڵێکی ڕوونە لەلایەن ڕێباز و باوەڕێکی گەورە و کاریگەری ئەو ولاَتەوە بۆ پشتگیرکردنی لە پرۆژە ستراتیژیەکانی


www.iqra.ahlamontada.com

جولەکە، کەچی دەبینین لە بەرانبەردا هاولاًتییە ئەمریکاییەکانی هەڵگری ڕێباز و باوەڕی کاسۆلیکی بۆچوونی دژیان هەیە و زۆر بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ ڕێباز و بەرنامەکانی ماسۆنیزم دەربڕیوە، تەنانەت بانگەشەیان بۆ ئەوە کردووە ئەم کۆمەڵەیە لە ئەمریکادا یاساغ بکرێت، چونکە مەترسییە بۆ سەر ئایین و بیرو باوەڕەکان.

ماسۆنییەت بە شێوەیەکی وا گەشە و فراوانی بە خۆیەوە بینی، تەنانەت بەشێکی زۆر لە بەرپرسە بالأکانی ئەمریکا لە سەرۆك کۆمار و وەزیر و کۆنگرێسمان و نوسەر و ڕوناکبیرو گەورە بازرگان بوونە ئەندامی، ئەمەش لە قۆناغە جیاجیاکاندا، هەروەها بە فەرمانی ڕێبەرانی ماسۆنیزم چەندین یانە و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروستکران، بەلاًم لە ژێر ناوی جیاجیادا، بۆ نموونە شێوازی پەیوەندیکردنی زەنجییەکان (الزنوج) لەهی ئەوانی تر جیاواز بووە و گەلەك ڕێکخراوی تایبەتیان لەو بوارەدا بۆ خۆیان دامەزراند لە وێنەی ڕێکخراوی (البرنس هال) کە لە ساڵی (١٧٩١) لە (بوسگن) دامەزرا.

هەروەها دروستبوونی کۆمەڵەی (بنای بریت) کە لە ساڵی (١٨٤٣) دامەزرا، کە ئامانجی سەرەکی بەرزکردنەوەی ماف و داخوازی و گەورەیی جولەکە بووە لە ئاستی جیهاندا، مەحفەلەکانی ماسۆنیزم وەك چۆن لە ئەوروپا کار دەکەن ئاوەهاش ژمارەیەکیان بە ئاشکرا و هەشیانە بە نهێنی لە ئەمریکا کار دەکەن، سەرچاوەکان تا ڕادەیەك کۆك نین لەسەر ئەوەی دامەزراندنی یەکەم مەحفەل لەئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ کەی، سەبارەت بە ژمارەی مەحفەل و


www.iqra.ahlamontada.com

ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە، چەندین ئامار لە بەر دەستدان، کە بەشی زۆریان ئاماری تازە نین، بۆ نموونە زۆریك لە ئامارەکان ژمارەی ئەندامەکانی لەم وڵاتەدا بە (٤) ملیۆن خەملاندووە، کە بە سەر و (١٦) هەزار مەحفەلدا دابەشبوونە. لە ئامارێکی تردا هاتووە: ژمارەی ئەندامانی ماسۆنی لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا لە (٣٪) کۆی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدێنی.

کەواتا ئەمڕۆ ئەمریکا گەورەترین وڵات و ناوەندە، پێگە و قورسایی ماسۆنیزم چ لە ڕووی چەندایەتییەوە، چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە لە بەرزترین ئاست و قەبارەدایە و تەنانەت کاریگەریشی لە هی ئەوانی تر زیاترە، زۆرێك لە چاودێران ئەو هەموو پاڵپشتی و هاوکارییە جۆراو جۆرانەی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بە گوشار و بەرنامەی کۆمەڵەی ماسۆنییەت دێتە ئەژماردن.

## کۆماری میسڕ

میسڕ وڵاتێکی گەورە و گرنگی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە و هەمیشە خۆی بە خاوەن پێگە و دەسەلات دەزانێت لە کاتی ڕوداوەکاندا، ئەم ڕاستیەش لای هەموو دونیا ڕوونە چوونکە هەر هیچ نەبێت ئەم وڵاتە لای عەرەب سەنگ و قورسایی خۆی هەیە لە هاوکێشەکان و حیسابی تایبەتیش بۆ سەنگ و هەڵویستەکانی دەکرێت لە مەڕ کێشەکانی عەرەب و جیهانی ئیسلامیدا.


www.iqra.ahlamontada.com

بێشك مێژووی سەرهەڵدان یان پەیدابوونی ماسۆنیزم لەم ولآتەدا بەستراوەتەوە بە مێژووی پەلاماری زلهێزەکان بۆ سەر ناوچەکە، کەواتا ماسۆنیزم و کردنەوەی مەحفەلەکانی هاوتەریبن لە گەڵ هاتنی هێزە داگیرکەرەکان بۆ سەر ئەو ولآتە، نەك هەر سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بەڵکو چەکەرەکردنی گۆڕانە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکان لە میسرِ هاوجووتە لەگەڵ پرۆسەی داگیرکاری بۆ سەر میسرِ و ناوچەکە.

میسرِ پێش ولآتانی تری عەرەبی، لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا کەوتە بەر پەلاماری ئیستعماری ئەورو‌پی، کە بە شاڵاوەکانی (ناپلیۆن) دەستی پێکرد، ئەمەش سەرەتایەك بووە بۆ دروستبوونی مەحفەلی ماسونی، چوونکە وەك زانراوە خودی ناپلیۆن یەکێك بووە لە ماسۆنییە گەورەکانی فەرەنسا.

لەم بارەوە هاتووە: ناپلیۆن فەرمان دەدا بە جەنەراڵ (کلیپەر) و ئەوانەی لەگەڵی دەبن، هەستن بە دامەزراندنی یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە میسرِ، ئەمەش بەڕێکی لە ساڵی (١٧٩٨) زایینی بووە، بە ناوی (محفل ایزیس) کە سەر بە (الشرق الاعظم الفرنسي) بووە. بەلآم لەبەر ئەوەی سەرجەم دامەزرێنەرانی ئەم مەحفەلە بریتی بوونە لەخەڵکی بێگانە، نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بێنی، بۆیە لەکار دەکەوێت، تەنانەت دامەزرێنەرە سەرەکیەکەشی لە ساڵی (١٨٠٠)زایینی دەکوژرێت، زانیاریەکانیش باس لەوە دەکەن ناوبراو


www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر دەستی گەورە شێخی ئەزهەر (الشيخ سليمان الحلبي) کوژراوە.

لە ساڵی (١٨٣٠) وەفدێکی ماسۆنی ڕەوانەی میسر دەکرێت، تاکو لە (الاسكندرية) بە شێوەیەکی نهێنی مەحفەلێك دروست بکەن، ئەمەش وردە وردە دەبێتە هەنگاوێك بۆ گەشەکردنیان و زیاتر چالاك دەبن، هەروەها لە ساڵی (١٨٤٥) سەموئیل جەنس کۆمەڵێك هاوکاری دەنێرێت بۆ ماسۆنییەکانی قاهیرە، ئەوانیش لە ژێر چاودێری (المحفل الاعظم الممفيسي) فەڕەنسادا مەحفەلێك لە قاهیرە دروست دەکەن، پاشان مەحفەلێکی تر لە شاری (الاسكندرية) بە ناوی (محفل الاهرام) دروست دەکەن، کۆمەڵێك کەسایەتی زۆر لە هەموو تائیفەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە.

شارەزایان پێیان وایە مەحفەلی (الاهرام) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی ماسۆنییەتدا لە میسر، توانیویانە چەندین کەسایەتی نیشتمانی دیاربکەن بە ئەندامی کۆمەڵەی ماسۆنی، بۆ نموونە (الامير حليم باشا بن محمد بن علي باشا) و(الامير عبدالقادر الجزائري) دواتریش چەندین مەحفەل و ناوەندی گەورە کرانەوە بەمەبەستی بڵاوبوونەوەی ماسۆنیزم لە تەواوی وڵاتدا، هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٥٦) مەحفەلی ئەلممفیسی وەفدێك ڕەوانەی میسر دەکات و لە شاری (الاسكندرية) مەحفەلێکی گەورەی هەرێمایەتی دەکەنەوە، پاشان لە ساڵی (١٨٥٩) چەندین مەحفەلی تر و بە ناوی جیاجیاوە لە شارەکاندا دامەزران، هەروەها لە ساڵی (١٨٦٤)یش بۆ


www.iqra.ahlamontada.com

یەکەمجار مەحفەلی ماسۆنی ئیتالّی دامەزرێنرا لە شاری (الاسکندریة).

بۆیە تا دەهات ژمارەی مەحفەلەکانی ماسۆنی لەم وڵاتە عەرەبیەدا ڕووی لە زیادکردن بووە، ئەمەش کاریگەری خستەسەر کەسایەتییە دیارەکانی وڵات و چەندین کەسی وەك (الخدیوی اسماعیل باشا) پەیوەندی کردووە و بووە بە ئەندامی کارای ئەم کۆمەڵەیە و چەندانی تریش وەك جەماڵەدینی ئەفغانی و یوسف ئەلحاجیش بوونە ئەندامی کارا.

یەکەم ڕۆژنامەی ماسۆنی لە میسردا بریتیی بووە لە (جريدة النهضة اليهودية) و پاشان ڕۆژنامەی (الحقيقة) کە لەلایەن جولەکەیەکی ماسۆنی بە ناوی (فرج حزرامي)یەوە دەردەکرا لە شاری(الاسكندرية) لە ساڵی (١٨٨٨). ئەم دوو ڕۆژنامەیە سەرجەم هەواڵ و چالاکی و پەیامەکانی ماسۆنیزمیان لە میسر بلاّودەکردەوە، ئەم دوو ڕۆژنامەیە وەك دوو زمانحاڵی ماسۆنیزم تەماشا دەکران، هەرچەندە دواتریش ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی (اللطائف)وە کە خاوەنەکەی ناوی (شاهين مكاريوس)بووە دەردەچوو و تاکو مردنی خاوەنەکەشی هەر بەردەوام بووە لە دەرچواندن ، کە هەر بۆ خۆشی ڕێبەرێکی دیاری کۆمەڵەی ماسۆنییەت بووە (٦٥).

لە ساڵی (١٩٠٠) ژمارەی مەحفەلەکانی ماسۆنی لە میسر گەیشتە (٢٩) مەحفەل، سەرەڕای بوونی چەندین مەحفەلی تر کە سەر بە وڵاتانی تر بوونە، تاکو لە ساڵی (١٩٦٤) چ بە ئاشکرا وچ بە


www.iqra.ahlamontada.com

نهێنی ئەم مەحفەلانە کاری خۆیان کردووە، بەڵام لەم مێژووە بە دواوە حکومەتی میسر بڕیاری یاساغکردنی ئەم مەحفەلانەی دا.

لای خوارەوە بە کورتی تیشك دەخەینە سەر ناوی هەندێك لە مەحفەل و ژمارە و ناوی سەرۆکەکانیان!

| ژ | مەحفەل | شوێن | ژمارە | سەرۆك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ثمرة الاوفاء | القاهرة | ١١٢ | احمد حلمي روحي افندي |
| ٢ | حياة المحلة | المحلة الكبرى | ١٢١ | عبدالله وصفي افندي |
| ٣ | سليمان | الاسكندرية | ١٤٢ | جبرائيل شيبوب بط |
| ٤ | رفاتة | القاهرة | ١٥٣ | قيصرغبربال افندي |
| ٥ | السعادة | القاهرة | ١٨٠ | |
| ٦ | نيو ممفيس | القاهرة | ١٨٦ | الميسو ايزاك شيزاثا |
| ٧ | ادريس | الاسكندرية | ١٩١ | تيوفل كاستر |
| ٨ | المجيد | القاهرة | ١٩٥ | محمد مراد افندي |
| ٩ | طريق الهدى | القاهرة | ٢٠٠ | محمد حسن الوكيل بط |


www.iqra.ahlamontada.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | خلاصة ثمرة العدل السعيد | القاهرة | ٢٠١ | محمد نشأت بط |
| ١١ | المروءة | القاهرة | ٢٠٣ | عطا فهمي افندي |
| ١٢ | صدق الوفاء | القاهرة | ٢٠٤ | محمد ربيع افندي |
| ١٣ | الاخلاص | القاهرة | ٢٠٥ | عبدالطيف خورشيد بط |
| ١٤ | الجمال | القاهرة | ١٠٧ | المسيو جميل كيابة |
| ١٥ | اسكندر الاعظم | القاهرة | ٢١٣ | المسيو دافيد ابشتين |
| | النظام | القاهرة | ٢١٦ | حيد شكري بط |
| ١٧ | فؤاد | القاهرة | ٢٢٠ | موسى مصلياح افندي |
| ١٨ | عباسي | القاهرة | ٢٢٣ | احمد فهمي عباس |

بێگومان ژمارەی مەحفەلەکانی کۆماری میسرِ زۆر لەمە زیاترە، وەلێ ئێمە تەنها چەند نموونەیەکی کەممان هێنایەوە، باش وایە لە خوارەوەش ناوی هەندێك لەو مەحفەلانە بێنین کە بە پلەی بالآن و سەر بە (الشرق الاعظم الفرنسي) بوونە.



www.iqra.ahlamontada.com

| ناوی مەحفەل | شوێنەکەی |
|---|---|
| محفل الاهرام | الاسكندرية |
| محفل دلف | الاسكندرية |
| محفل اوبردوك | الاسكندرية |
| محفل ايجيت(مصر) | الاسكندرية |
| محفل طيبة | القاهرة |
| محفل العدل | القاهرة |
| محفل اصحاب النجاح | القاهرة |
| محفل الشمس | القاهره |
| محفل مجمع البحرين | السويس |

ناوی ئەو مەحفەلانەی بە پلەی بالآ كاريان كردووە و سەر بە(المحفل الاعظم الانكليزي) بوونە:

| مەحفەل | شوێن | ژمارە | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ١. محفل البرت ادوارد | الاسكندرية | ١٢٩١ | ١٨٦٩ |
| ٢. محفل زتلاند | الاسكندرية | ١١٥٧ | ١٨٦٧ |
| ٣. محفل البلور | القاهرة | ١٠٦٨ | ١٨٦٥ |
| ٤. محفل كوكب الشرق | القاهرة | ١٣٥٥ | ١٨٧١ |
| ٥. محفل اليونان | القاهرة | ١١٠٥ | ١٨٧١ |
| ٦. محفل الكونكورديا | القاهرة | ١٢٢٦ | |
| ٧. محفل المارك | القاهرة | | |


www.iqra.ahlamontada.com

٨. محفل الرويا وارس القاهرة

٩. محفل القسطاط القاهرة

١٠. محفل رعمسيس الاسكندرية

١١. محفل اريوياح الاسكندرية

## سوريا

دەكرێ بڵێین سوریا سێهەم وڵاتی عەرەبییە، كۆمەڵەی ماسۆنی تێدا بڵاوبۆتەوە ئەویش لە ڕێگای مەحفەلەكانی لوبنان و میسرەوە، كەواتا ماسۆنییەت لە سەدەی نۆزدەدا لەم وڵاتە بڵاوبۆتەوە و زۆربەی مەحفەلەكانیش پەیوەست بوونە بە (الشرق الاعظم الايطالي) و (المحفل الانكليزي) و (الشرق الاعظم الفرنسي)يەوە.

چەندین مەحفەل لە شارەكانی (دمشق، حمص، حلب، انطاكية) دامەزران و ژمارەیەكی زۆر لە هاوڵاتیانی هەمە جۆری سوریای لە دەور كۆبوونەوە، لەم بارەوە (نعوم مكرزل) خاوەنی ڕۆژنامەی (الهدى) لە هەردوو ژمارەی (٢٤نیسان و١٧ئایاری ساڵی ١٩١١) وتویەتی: (بأن الماسونية السورية اضر واشرس هيئة عمومية اوجدها الجهل والتواطؤ، ففي الماسونية السورية نجد المجرم والمتشرد والبطال ومزور الحوالات والشهادات والجهل والمتعلم والمتعصب والمارق ورجل الدين والملحد والمقلق لراحة الناس والمخرب وادعياء الوطنية )، ناوبراو پێی وابووە ماسۆنییەت لە سوریا بۆ خۆی جەنگەڵستانێك بووە و پڕ بووە لەهەموو جۆرە مرۆڤێك، هەرچەندە


www.iqra.ahlamontada.com

وای دەبینم ئەم دیدە برێك زیادەڕەویی تێدایە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئێمە دیقەتمان دابێت ئەم کۆمەڵەیە خاوەن تەرزێکی تایبەت بووە بۆ وەرگرتنی ئەندام و بابەتی بە ئەندامبوون کارێکی ڕۆتین و هەروا سانا نەبووە ئەو هەموو پیاوکوژ و خەڵکە خراپ و گێرەشێوێنانەی کە ناوبراو باسی لێوە دەکات ئەندام بوبێتن، ئەمەش لە گەڵ سروشتی وەرگرتنی ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا وەیەك نایەنەوە.

زۆربەی سەرچاوە و ژێدەرەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ماسۆنیزم سەرەتا لەسەر دەستی کەسایەتی ناوداری عەرەبی ئەو سەردەمە (عبدالقادر الجزائري) لە سوریا بڵاوبۆتەوە، ئەمەش کاتێك بە ئاوارەیی لەو وڵاتە دەگیرسێتەوە، دەربارەی چۆنیەتی پەیوەندیکردنی ناوبراو بە ماسۆنییەتەوە هاتووە: لە (١٨حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٤) لە کاتی گەڕاندنەوەیدا لە حیجاز، کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی (الحج) سەفەری کردبوو، بە شاری (الاسکندریة)دا تێپەڕ دەبێت، بۆیە پەیوەندی دەکات بە (محفل الاهرام)وە کە سەر بە (الشرق الاعظم الفرنسي) بووە، کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ (دمشق) هەڵدەستێت بە دامەزراندنی مەحفەلێك کە سەر بە (المحفل الاکبر الایطالي) دەبێت لە ژێر ناوی (محفل سوریا) تا ماوەیەکیش ئەم مەحفەلە تاکە مەحفەلی ئەو وڵاتە دەبێت، چەندین جاریش نەوەکانی هەڵبژێردراون بۆ پلەی (الاستاذ الاعظم) دوای ئەمەش وردە وردە ماسۆنیزم زیاتر گەشە و پەرە دەسێنێت لە وڵاتی سوریادا.


www.iqra.ahlamontada.com

هەرچەندە كۆمەڵێك لە سەرچاوەكان پێیان وایە ناوبراو بۆ ئەوە بووە بە ئەندام لەم كۆمەڵەیەدا، تاكو زانیاری تەواو لەسەر نهێنییەكانیان كۆبكاتەوە، گوایە كاتێكیش زانیاریەكانی وەچنگ كەوتووە، ئیتر وردە وردە لە كۆمەڵە و مەحفەلەكان دوور كەوتۆتەوە، بەلاّم ناتوانرێت ئەم تێڕامانە بە هەند وەربگیرێت، چوونكە ناوبراو كەسی دیار و بنیاتنەر بووە لە دروستكردنی ئەم كۆمەڵەیەدا، دوای خۆشی نەوەكانی هەڵگری هەمان ڕێباز بوونە و پلەی ئوستادییان وەرگرتووە بۆیە لۆژیك نییە وا ببینرێت عەبدولقادر جەزائیری تەنها وەك كۆكەرەوەی زانیاری لە نێو ئەو كۆمەڵەیەدا كاری كردبێت.

زۆریك لە سەرچاوەكان بە توندی دژی كۆمەڵەی ماسۆنیزم لە سوریا قسەیان كردووە و پێیان وابووە زۆر گێلانە و نەفامانە كاریان لە بەرژەوەندی ئامانجەكانی ئەم كۆمەڵەی كردووە و هەموو داب و نەریت و ئاكار و تایبەتمەندییە نیشتمانییەكانیان پێشیل كردووە، ئەوەتا لە كتێبی (السر المصون) هاتووە: (الماسونية السورية في الوطن والمهجر اكبر ضربة علي الوطنية والاخلاق الطيبة والاداب الشريفة. ...). واتە: (ماسۆنییەتی سوری لە نیشتیمان و تاراوگەدا گەورەترین زەبرە لە نیشتیمان و ئاكاری جوان و ئادابی شكۆدار).

سەبارەت بە دامەزراندنی یەكەم مەحفەلی سوری هاتووە: لە ساڵی (١٨٦٢) یەكەم مەحفەلی سوری لە (بیروت) لە ژێر چاودێری (الشرق الاعظم الاسكتلندي) دامەزرا و بە (شرق فلسطين نمرة /٤١٥)


www.iqra.ahlamontada.com

ناسرا و کۆمەڵێك کەس سەرپەرشتییان دەکرد و زمانەکەشی فەرەنسی بووە. هەر هەمان سەرچاوە باس لەوە دەکات جگە لەم ژمارەیە، چەندین مەحفەلی دیکە لە شارەکانی (دمشق، حمص، حلب، عینتاب، ادنة، انطاکیة ) دامەزراون، لە ڕاستیدا بە بەردەوامی حاڵەتی کاری هاوبەش و پەیوەستبوون بەیەکەوە لە نێوان مەحفەلەکانی میسر و لوبنان و سوریادا هەبووە، زۆرجار تەواوکەری یەکتر بوونە، بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم و بەرێکی لە ساڵی (١٩٤٨) بە دواوە ماسۆنییەتی سوری و لوبنانی لەیەکتر جیابونەتەوە، تاکو ساڵی پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش ماسۆنییەتی سوری لە کار و جموجۆڵ و گەشەکردندا بووە، وەلێ دوای ئەوەی وڵاتانی عەرەبی بە چاوی مەترسییەوە ڕوانییانە بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەم کۆمەڵەیە، ئیدی بڕیاری یاساغکردنی درا و ئەگەر کاریشیان کردبێت ئەوا زۆر بە نهێنی و پەنهانییەوە بووە، یان لە ژێر ناو و کۆمەڵەی تردا کاری خۆیان کردووە.

## عێراق

ڕەنگە قسەکردن، یان بەخشینی زانیاری تەواو لەسەر مێژوو و بوون و جموجۆڵی ماسۆنیزم لە عێراق، کارێکی هێندە ئاسان نەبێت، ئەمەشیان لەبەر چەندین فاکتەری جۆراجۆرە بە تایبەتی نەبوونی سەرچاوە و زانیاری ورد و دروست لەسەر ئەم کۆمەڵەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی عێراق بەبەراورد بە وڵاتانی تری دونیا و ناوچەکە


www.iqra.ahlamontada.com

درەنگ بەم بابەتە ئاشنابوو، هەروەها کەمترین زانیاری لە بەردەستدان لەسەر ژمارەی مەحفەل و ژمارەی ئەندامەکانی، چونکە لە عێراق بە پێچەوانەی ولاَتانی ترەوە کاری ماسۆنیزم پتر نهێنی و شاراوە بووە.

وەك لە هەندێك سەرچاوەکانەوە هاتووە، سەرهەڵدانی ماسۆنیزم لەم ولاَتە دەگەڕێتەوە بۆ (الشیخ خزعل) کە میری (المحمرە) بووە و پەیوەندی پتەوەی هەبووە لەگەڵ ئینگلیزەکان و بۆ خۆشی ماسۆنییەکی چالاك بووە، هەر بۆیەش پلەی بەرز و بالاَی وەرگرتووە لەم ڕێکخراوەدا بە هۆی خزمەت و کارە زۆر و زەوەندەکانیەوە بۆ ئەم ڕێکخراوە. بەلاَم تا ئێرە باسی دامەزراندن مەحفەل و ژمارەی ئەندامەکان دیار نین.

زۆرێکیش لە ژێدەرەکان مێژووی دروستبوونی یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە عێراق دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی (١٩١٨). لەم بارەوە هاتووە: دامەزراندنی یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە، کە لە ژێر ناوی (محفل ما بین النهرین) لە شاری (البصرة) و بە ڕێکی لە ساڵی (١٩١٨) لەسەر دەستی کۆمەڵێك ئەفسەر و فەرمانبەری ئینگلیز دامەزراوە. هەرچەندە بۆچونێکی واش هەیە، پێش ئەم مەحفەلە لە (میناء العراق) مەحەفەلێکی تر هەبووە بەلاَم شاراوە و نادیار بووە.

لە لایەکی ترەوە و لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا هەواڵێك هاتووە کە مێژووی دامەزراندنی مەحفەلەکانی ماسۆنی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ


www.iqra.ahlamontada.com

ساڵی (١٨٣٩) و نزیکەی (٧٠٠) ئەندامی هەبووە، هەر هەمان ڕۆژنامە هەواڵێکی تری لە سەر ژمارەی مەحفەلەکان لە عێراق دا بلاوکردووەتەوە، گوایە لە ساڵی (١٩٦٤) ژمارەی مەحفەلەکان بریتیی بووە لە (١٨) مەحفەل و تەنها لە شاری بەسرەدا سێ بۆ چوار مەحفەلی تێدا بووە.

ئەگەر بێت و ئەم زانیارییانەی سەرەوە ڕاست و دروست بن، ئەوا مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنییەت هیچ پەیوەست نییە بە جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەڵکو پێشتریش بوونی هەبووە لە وڵاتەکەدا، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی و پەنهانی، بەهەرحاڵ گومانێك لەسەر مێژووی پەیدابوونی ئەم کۆمەڵەیە لە عێراق لە ئارادایە و ئەوەی تاکو ئێستا نوسراوە لەسەر ئەم بابەتە نەیتوانیوە ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە.

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانرێت دواتر بەهۆی بوونی داگیرکەری بەریتانیاوە لە عێراق، سەرجەم مەحفەلەکانی ئەم وڵاتە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە (المحفل الاکبر الانکلیزی)یەوە بووە، لە بارەی سەرۆکی مەحفەلەکانەوە، کاتێك ناوەکانیان دەخرێتە ڕوو دیقەت دەدرێت بەشی هەرە زۆریان ئینگلیزن و تەنها ژمارەیەك کەمیان عێراقی بوونە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە سەرباری بوونی ناکۆکی لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنیزم لە عێراق، بەڵام دوور و نزیك هەست بە بوونی کاریگەری و ڕۆڵی ئینگلیز


www.iqra.ahlamontada.com

دەکرێت لە دروستکردن و بنیاتنانی پایەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە عێراقدا.

سەبارەت بە جموجۆڵ و گەشەکردنی ماسۆنییەت لە عێراقدا هاتووە: ماسۆنییەت لەم وڵاتەدا هەر لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاکو سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە گەشەکردندا بووە، دوای ئەمە بۆ ماوەیەکی کورت لە کار کەوتووە، پاشان تاکو سەرهەڵدانی سیستەمی کۆماری لە ساڵی (١٩٥٨) سەرلەنوێ گەشاوەتەوە. دواتریش بۆ جارێکیتر لە کار کەوتووە.

لەمەڕ ژمارەی مەحفەلەکانیش سەرچاوەیەك بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات و دەڵێت: هەرچۆنێك بێت لە عێراقدا (١٠) مەحفەل بوونیان هەبووە، کە دوای داگیرکاری ئینگلیز دروستبوونە بەم شێوەیە:

- مەحفەل (ما بین النهرین) لە ساڵی (١٩١٨) لە شاری (البصرة) دامەزراوە.
- مەحفەل (بابل) لە ساڵی (١٩٢٢) لە شاری (البصرة) دامەزراوە وژمارەکەی (٣٢٦) بووە.
- مەحفەل (صدق الوفا) لە شاری (البصرة) لە ژێر چاودێری (المحفل الوطني الاكبر المصري) دامەزراوە.
- مەحفەل (البصرة) لە شاری (البصرة) دامەزراوە، ژمارەکەی (٥١٠٥) بووە.


www.iqra.ahlamontada.com

- مەحفەل (الفيجاء) لە شاری (البصرة) دامەزراوە، ژمارەکەی (١٣١١) بووە، ئەم مەحفەلە بۆ ئەو عێراقییانە دروستکراوە کە زمانی ئینگلیزیان زانیوە.
- مەحفەل (دار السلام) لە شاری (بغداد) دامەزراوە، ژمارەکەی (٥٢٧٧) بووە.
- مەحفەل (العراق) لە شاری (بغداد) دامەزراوە، ژمارەکەی (٤٤٧١) بووە.
- مەحفەل (كركوك) لە شاری (كركوك) دامەزراوە، ژمارەکەی (٧٠٧٩) بووە، کۆبونەوەکانی ئەم مەحفەلە لە بارەگای کۆمپانیای نەوتی عێراق (a.b.c) ئەنجام دەدران.
- مەحفەل (دجلة) لە شاری (بغداد) دامەزراوە، ژمارەکەی (٧٠٢٤) بارەگاکەی لە (الحبانية) بووە.
- مەحفەل (بغداد) لە شاری (بغداد) دامەزراوە، ژمارەکەی (٤٠٢٢) بووە و بارەگاکەی لە (بغداد)بووە.

هەموو ئەم مەحفەلانە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری (المحفل انكلترا الاعظم)دا بووە بە سەرپەرشتی (جمعية الاخوة) کە بارەگاکەی لە بەغداد بووە، چەندین جاریش ئەم کۆمەڵەیە ناوی خۆی گۆڕیوە و بە ناوی ترەوە درێژەی بە کارەکانی داوە، دوای ئەوەش ئاشکرا دەبێت لەساڵی (١٩٧٥) ئەم کۆمەڵەیە دادەخرێت و سەرۆکەکەشی لە سێدارە دەدرێت.


www.iqra.ahlamontada.com

هەر دەربارەی ژمارەی ئەندامانی ماسۆنی لە عێراقدا، کەوتۆتە بەر کەوانەی چەندین ڕای جیاوازەوە و هەندێکیان پێیان وایە ژمارەکەی دەگاتە (٦٢٥) ئەندام و بەم شێوەیە دابەش بووبوو بە سەر نەتەوە و شارو شارۆچکەکان لە عێراقدا.

یەکەم: لەو ژمارەیەی سەرەوە (٩٧) ئەندامی بێگانەی تێدابووە، کە (٨٥)ی ئینگلیز بوونە و (١٢)شیان هندی بوونە، هەموو ئەمانە فەرمانبەری داگیرکەری ئینگلیز بوونە و بەشێکیانیش لە ناو حکومەتی عێراقدا بەرپرس بوونە.

دووەم: هەرچی ژمارەی ئەندامە عێراقیەکانە، ئەوا بریتیی بووە لە (٥٢٨) ئەندام و بەم شێوەیە بەسەر ئایین و نەتەوەکانی نێو وڵاتدا دابەشبووبوون:

| نەتەوە/ئایین | ژمارەی ئەندام | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| عەرەبی موسڵمان | ٢٨٥ | ٩، ٥٣٪ |
| جولەکە | ١٢١ | ٢٢٪ |
| مەسیحی | ٨٥ | ١٦٪(جگە لە ئەرمەنەکان) |
| ئەرمەن | ٢٢ | ٤.٪ |
| کورد | ١٢ | ٢، ٢٪ |
| تورکمان | ٣ | ٥،. ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٢٨ | |


www.iqra.ahlamontada.com

زۆربەی ئەمانە لە ڕووی چینایەتییەوە سەر بە چینی بۆرجوازی بوونە، ژمارەیەکیانیش بریتیی بوونە لە سەرۆك وەزیران و وەزیر و چەندین کەسایەتی دیار لە دەوڵەتدا، جگە لە ژمارەیەك ئەفسەر و ڕوناکبیر و خاوەن پیشە سەربەستەکان، زۆربەیان خەڵکی شارە گەورەکانی عێراق بوونە بەتایبەتی شارەکانی (بغداد، موصل، البصرة) و بەم شێوەیە دابەشبوونبوون!

- سەرۆك وەزیرانی پێشوو، ٢کەس، (نوري سعيد) و (فاضل الجمالي).
- وەزیرەکانی پێشوو، ٣٤ کەس، (١٣وەزیر لەسەردەمی پاشایەتی، ١٦ وەزیر دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨).
- پزیشك، ٤٠ کەس، (کە لەو ٤٠ کەسە، ٣ پزیشکی ددانی تێدا بووە ).
- ئەفسەرە پلەدارەکان، ٣٠ کەس.
- پارێزەر، ١٢ کەس.
- باڵیۆز و گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە، ١٨ کەس.
- هەڵگرانی بڕوانامەی دوکتۆرا، ١٥ کەس.
- پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی، ٢٢ کەس.
- ئەوانی تر، ٣٥٤ کەس، کە بریتیی بوونە لەفەرمانبەرانی حکومەت و کۆمپانیا بیانیەکان و بازرگان و هەروەها ئەندامانی نواب ).


www.iqra.ahlamontada.com

کۆی گشتی دەکاتە: ٥٢٨ کەس.

بە هەرحاڵ کاتێك بەعسییەکان لە ساڵی (١٩٦٨) دەسەڵاتیان گرتە دەست، کەوتنە ڕاوەدوونانی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە و هەندێك ڕێوشوێنی یاسایی و هەروەها توندوتیژیان گرتە بەر بەمەبەستی ڕێگرتن لە چالاکی و گەشەسەندنی ئەم کۆمەڵەیە و هەروەها بنەبڕکردنیان.

## کوردستان

لەبەر چەندین فاکتەر بوونی ماسۆنییەت و گەشەکردنی لە نێو کورداندا زۆر لاواز و کەم بووە، ئەمەش بەبۆچوونی بەندە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کوردستان لە ڕووی جوگرافیاوە دابەشکرابوو بۆ سەر چوار دەوڵەت، لە لایەکی تریشەوە کورد خاوەنی کیانێکی سیاسی دان پێدانراو نەبووە، هەموو ئەمانە کاری وای کردبوو ماسۆنیزمی جیهانی مامەڵەی ڕاستەوخۆ لە گەڵ کوردان نەکات بۆ دامەزراندنی مەحفەل، بەڵکو تەنها لە ڕوانگەی دەوڵەتە سەردەستەکانەوە ئیش لەسەر ئەم ڕێڕەوە بکات.

دوای سۆراغ وگەڕانێکی زۆر لە هیچ لەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ وەچەنگ نەکەوتن لەسەر بوونی کۆمەڵەی ماسۆنییەت لە کوردستاندا، تەنها ئەوە نەبێت لە کتێبی (النشاط الصهيوني)دا هاتووە: ژمارەی ئەندامە کوردەکانی ماسۆنییەت لە عێراق دا تەنها (١٢) ئەندام بوونە، هەروەها لە کۆی


www.iqra.ahlamontada.com

ئەو هەموو مەحفەلەی لە عێراق بوونە، تەنها مەحفەلی کەرکوك (لەسەر خاکی کوردستان بووە ) بە ژمارە (٧٠٧٩) و شوێنی کۆبوونەوەکانیشیان لە بارەگای کۆمپانیای نەوتی عێراق (a.b.c) بووە.

کەواتا لە کۆی (٦٢٥) ئەندامی ماسۆنی تەنها (١٢) ئەندامی کورد بوونە، هەروەها لە کۆی هەموو مەحفەلەکان تەنها (محفل کرکوك) لە سەر خاکی کوردستان بووە، دیارە دامەزراندنی ئەم مەحفەلەش بۆ ئەوە نەبووە پێویست بکات لە ناو کورددا ناوەندێك هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەندام لە ناو کورداندا، بەڵکو زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بووە کە (شرکة النفط العراقیة) گرنگی خۆی هەبووە چ لە ڕووی ئابوورییەوە و چ لە ڕووی ئەوەوە ژمارەیەك لە فەرمانبەرەکانی گاور و جولەکە بوونە، بۆیە پێویستی بەوەکردووە مەحفەلێکی تێدا دروست بکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئەندامانە.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

## ناودارانی ماسۆنییەت لە جیهان دا

ماسۆنییەتیش وەك هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەکی ئامانجدار و خاوەن ستراتیژی دوور مەودا، هەمیشە لەکاردا بووە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاکە ئەکتیڤ و دیاردەکانی نێو کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ بە ئەندامکردنیان و هەروەها دروستکرنی کاریگەری لەسەر تەواوی کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، بەلام بە شێوەیەکی پەنهانی و شاراوەیی.

بۆیە وەك دیقەت دەدرێت، ئەم کۆمەڵەیە خاوەن هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرە، تاکو زۆرترین ئەندامی نموونەیی لە خۆی کۆبکاتەوە، کە بەشی هەرە زۆریان بریتین لە کەسانی سیاسەتمەدار و خاوەن بڕیار و سەرمایە و کەسانی ئەکادیمی و ڕۆشنفکر، ئەگەرچی بەم دواییانە ناوی ژمارەیەکیان ئاشکرابوونە، وەلێ پێدەچێت بە هەزاران ئەندامی تریش هەبن لەو چەشنە لە نێو مەحفەلەکانی ماسۆنییەتدا، ئەوەشی ئەم کۆمەڵەیە لەوانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەندام بەو چەشنەی دەخوازێت لە هەموو ولاتانی دونیا کۆ دەکاتەوە وتەنها لە سنورێك یان دەوڵەتێك قەتیس نەبووە، بەلام فەزای شاراوەیی ئەم کۆمەڵەیە وای کردووە ئاسان نەبێت ناوی هەموو ئەندامانی بزانێت ئەمەش یەکێکە لە خەسلەتەکانی.



www.iqra.ahlamontada.com

لێرەڕا بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر بە کەسایەتی و هەندێك لە ئەندامە دیارەکانی ماسۆنیزم لە جیهاندا، وەکو نموونە ناوی چەندین ئەندام دەخەینە ڕوو، کە ڕەنگە تا ئەم چرکە ساتە جێگای تێڕامانی خوێنەر نەبووبێت.


www.iqra.ahlamontada.com

# ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە ڕۆژئاوادا

گومانی تێدا نییە زۆرترین ڕێژەی ماسۆنی لە ڕۆژئاوا دایە، بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و بەریتانیا، ناکرێت ئێمە لیستێك ئامادە بکەین بۆ نموونە بە ناوی چوار ملیۆن ئەندام لە ئەمریکا و (٧٥٠) هەزار ئەندامیش لە ئینگلتەرا، کە تێیدا بە هەزاران کەسایەتی دیار بوونیان هەیە لە ئاستە جیاجیاکاندا، بێگومان ئەمەشیان کاری ئێمە نییە لەم توێژینەوەیەدا، بەڵکو ئێمە دێن و تەنها ناوی ژمارەیەك ئەندامی خاوەن پلەی ڕامیاری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و فیکری و ئابوری. ..هتاد، پۆلێن دەکەین و بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

- براودو، ماسۆنییەکی بەرەچەڵەك جولەکەیە و کارەکتەرێکی گرنگی نێو بزوتنەوەی ماسۆنیزمە لە ڕوسیادا.
- فرۆید، یەکێکە لەو کۆڵەکانەی کە (هرتزل) پشتی پێی بەستووە، لە ساڵی (١٨٩٥) بووە بە ئەندامی کارگێڕی (بنای بریت) ناوبراو خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت بووە و چەندین تیۆری لە بارەی خوا و مرۆڤ و ئاینەکانەوە پێشکەش کردووە، ئەو هەمیشە نەیاری ئایینەکان بووە و تێڕوانینێکی نەگەتیفی هەبووە لە مەڕ بوونی ئایین و باوەڕەکان.


www.iqra.ahlamontada.com

- هرتزل، دانەری بیرۆکەی زایۆنیزمە، جولەکەکان وەکو ڕێبەر و پەیامبەرێك تەماشای دەکەن خاوەنی کۆمەڵێك ئایدیا و بۆچوونی توندڕەو بووە لە هەمبەر ئاین و مرۆڤایەتی، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە پێشخستنی بزوتنەوەی ماسۆنیزمدا.

- غودفروا دی بوبون، بە ڕەچەڵەك جولەکەیەکی ڕەگەزپەرستە و خۆی خزاندبووە نێو مەسیحیەکانەوە، کەسێکی دیاری نێو کۆمەڵەی ماسۆنییەت بووە ، پێگەیەکی مێژوویی گەورەی هەبووە لەم بوارەدا.

- اللورد کیتشتر، ئەفسەرێکی ئینگلیزی بووە لە میسرڕ ڕاسپێردرا بوو بە تێکشکاندنی شۆڕشی مەهدی لە سودان، یەکێك بووە لە برایانی ماسۆنی و بە کەسێکی توندڕەو و شەڕانگێز ناسرابوو، بە تایبەتی لە خوێناویکردنی شۆڕشی سوداندا.

- مارتن لوثر، بەبنەچە جولەکە بووە، وەك دەگێڕنەوە خزابووە نێو ڕیزی مەسیحیەکانەوە، کاتێکیش دونیای مەسیحییەت پڕ دەبێت لە نادادپەروەری و شەڕوشۆڕ بە تایبەتی هاتنە پێشەوەی (صكوك الغفران/ پلیتی لێخۆشبوون)، ئا لەم کاتەدا ئەم وەك چاکسازیخوازێك دەردەکەوێت و دێتە مەیدان و دەبێتە داهێنەری ڕێباز وباوەڕی (البروتستانتی) و کۆمەڵێك گۆڕانی جەوهەری لە نێو ئایینی مەسیحییەت دێنێتە گۆڕێ.

- اولیفر کروموپل..



www.iqra.ahlamontada.com

● دیزا کولییه، مەسیحیەکی پرۆتستانییە، بەرەچەڵەك خەڵکی ئینگلتەرایە، دوای ئەوەی (لاڤی) و کوڕەکەی و زاواکەی بە یەکتر ئاشنا دەبن و لەسەر بنەما کۆنەکانی هێزی شاراوە، ماسۆنیزم بە شێوە هاوچەرخەکەی زیندوو دەکەنەوە، کەواتا ناوبراو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ماسۆنییەت، هەروەها بەوەش تاوانبارە گوایە (لال) بە دەستی ئەم کوژراوە. دیزا کولییە لە ساڵی (١٦٨٣) لە دایکبووە و لە ساڵی (١٧٤٤) کۆچی دوایی کردووە، کەواتا (٦١) ساڵ ژیاوە، کەسێك بووە تا سەر ئێسك دژ بە ئایینی مەسیحی بووە، بە تایبەتی دژی بیرو باوەڕی کاسۆلیکی بووە.

● جون روبنصون، ماسۆنیەکی ئینگلیزی بووە، بەرپرس بووە لە (اکادمیة ادنبورغ) بە پیشە لە کۆمەڵەی ماسۆنییەتدا (کاتب اسرار) بووە، لە ساڵی (١٧٩٧) کتێبێکی نوسیووە و پاشتر لە ماسۆنییەت هەڵگەڕاوەتەوە.

● الکونت هوغفنس، ناوبراو وەزیری پادشا (بروسیە فردریك الکبیر) بووە، یەکێك بووە لە ماسۆنییە دیارەکان و دواتر هەڵگەڕاوەتەوە.

● برویل (barruel)، ماسۆنیەکی ناودار بووە و دواتر هەڵگەڕاوەتەوە.

● الدوق دی برونزویك، یەکێك بووە لە هەردوو سەرۆکە گەورەکەی ماسۆنییەت لە ئەڵمانیا.


www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

## ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە جیهانی عەرەبی وئیسلامیدا

وەك سەرەتا ئاماژەمان بۆی کرد، دوای ئەوەی ماسۆنییەت لە ڕۆژئاوا بڵاوبووەوە، ئینجا نۆرە هاتە سەر وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، سەرەتاش لە گەڵ شاڵاوەکانی ناپلیۆن بۆ سەر وڵاتی میسر دەستی پێکردوە. پاشان ئەمە بووەتە دیاردەیەك وڵاتانی تری عەرەبی گرتەوە، بەتایبەتی لەم وڵاتانەدا (میسر، سوریا و لوبنان، تورکیا، عێراق، ئێران، ئوردن. ..هتاد).

جا بۆ ئەوەی ئاشنا ببین بە ناوی ژمارەیەك لە کەسە دیارەکانی ماسۆنی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، تەنها ناوی کۆمەڵێکیان وەك نموونە دەخەینە بەر دەست، کە ئەندامی کارا بوونە لە نێو ئەم کۆمەڵەیەدا، تەنانەت هەندێکیشیان گەیشتبوونە پلەی باڵا:

- توفیق پاشا، کوڕی (اسماعیل پاشا)یە و توانی ببێتە خاوەن پلەی (استاذ الاعظم) و هەروەها بووە سەرۆکی فەخری مەحفەلی گەورەی میسر، کاتێکی زۆری بۆ خزمەت کردنی ماسۆنیزم تەرخانکردبوو لە پانتایی وڵاتی میسردا.


www.iqra.ahlamontada.com

- حسن فوزی پاشا، وەزیری دادی میسر بووە، لە سەر داوای (توفیق پاشا) دەکرێتە سەرۆکی هەمان مەحفەل.
- الامیر عزیز حسن، دامەزرێنەری مەحفەلێکی مەزنە بەناوی (المحفل الاکبر الاورشلیمي).
- ادریس راغب، ماوەیەك سەرۆکی (المحفل الاکبر الوطني المصري) بووە.
- الامیر محمد علی، ماسۆنیەکی دیاری میسر بووە.
- حاییم ناحوم، جولەکەیەکی ماسۆنی بووە لە میسر و کاریگەری زۆری هەبووە لە گەشەکردنی ئەم کۆمەڵەیە لەو ولاتەدا، تەنها بۆ خۆی توانیویەتی (٣٢٠) مەحفەل دروست بکات.
- یوسف الحاج، مامۆستایەکی مەزنی هەرێمایەتی بووە و هەڵگری پلەی (٣٣) بووە لە نێو کۆمەڵەی ماسۆنییەتدا، کە بەرزترین پلەیە، دامەزرێنەری چەندین مەحفەل بووە.
- جمال الدین الافغانی، تا ئێستاش ئەندامبوونی ئەم ناوە گەورەیەی جیهانی ئیسلامی جێگای گومانە، بەڵام ئەوەی زانراوە لە ساڵی (١٨٧٥) یاداشتێکی داوە بە مەحفەلی ماسۆنی لە قاهیرە بەمەبەستی ئەوەی وەکو ئەندام وەربگیرێت، تاکو ئێستاش ئەو یاداشتە لە کتێبخانەی پەرلەمانی ئێران پارێزراوە، کە بە دەستوخەتی خۆی نوسراوە.


www.iqra.ahlamontada.com

هەروەها ئەمەی لای خوارەوەش ناوی چەندین ئەندامی تری کۆمەڵەی ماسۆنییە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا:

- محمود سامي البارودي
- عبدالسلام المويليحي
- ابراهيم المويليحي
- ابراهيم اللقاني
- علي المظهر
- الشاعر الزرقاني
- ابو الوفاء التوني
- سليم النقاش
- جرجي الخوري (لبناني)
- سلين الريس (لبناني)
- نقولا حجي (لبناني)
- يوسف عربيلي (لبناني)
- اسير شقير (لبناني)
- جرجي سرسق (لبناني)
- د.اسكندر نقولا البارودي (لبناني)
- فارس بشارة (لبناني)
- اديب الفرزلي (لبناني)
- صبري حمادة (رئيس مجلس النواب لبناني/سابقا).
- حسين العويني


www.iqra.ahlamontada.com

- القاضي مصطفى الرافعي
- لميس اديب
- عبدالقادر الجزائري (سوري /جزائري)
- فؤاد غصن (سوري)
- محمد درويش (سوري)
- احمد ناجي (سوري)
- محمد سعيد الجزائري (سوري)
- د. قرقوط (سوري)
- عبدالرحمن الامام (سوري)
- حليم الدموس (سوري)
- اديب اسحاق
- عبدالله النديم
- د. احمد غلوش
- محمد عبداللة عنان
- جرجي زيدان
- شاهين مكاريوس
- موسى تمور
- الشيخ ابراهيم منذر
- سعدالدين خالد
- د.فؤاد غصن
- جورج رزق اللة



www.iqra.ahlamontada.com

- امين الريحاني
- ولي الدين يكن
- يوسف وهبي
- محسن سرحان
- حسين الرياض
- محمود المليجي
- حلمي رفلة
- فؤاد شفيق
- يعقوب الاطرش
- سعداللة الجابري
- فؤاد حمدي
- المحامي فؤاد سنطو
- د. احمد حمدي النعماني
- هاشم توكل
- ناجي الخباز
- يعقوب نزهة
- وهب تماري
- الحاج توفيق حماد
- عمر البيطار
- فؤاد حسين بك
- احمد صديق بك


www.iqra.ahlamontada.com

- عبدالمجيد مرتضى (الاردن)
- د.سليما البستاني (الاردن)
- الشيخ غزعل (العراقي)
- نوري السعيد (العراقي)
- فاضل الجمالي (العراقي)


www.iqra.ahlamontada.com

# قەلاچۆكردنی ماسۆنییەت

پاش ئەوەی جولانەوەی ماسۆنیزم پەلی گەشەكردن و بلاوبونەوەی بۆ زۆربەی ولاتانی جیهان هاویشت، هەروەها توانیشی لە ڕێگای مەحفەل و یانە تایبەتەكانەوە گەرا لە نێو پایەكانی دەسەلات و ناوەندەكانی بڕیار بەدەست دابنێت و كاریگەری بخاتە سەر ڕەوتی بڕیار و ڕووداوە جیهانییەكان، بەتایبەتیش كاتێك لە نێو ئەدەبیات و پەیام و بەرنامە و گوتاری فەزای ماسۆنییەتدا ئەو ڕاستییە ئاشكرا بوو، كە كار بۆ ڕەتكردنەوەی ئایین و هەروەها سڕینەوەی هەموو ڕێباز و باوەڕەكان دەكات، ئیدی بەرەكانی دژە ماسۆنییەت لە جیهاندا پتر فراوان بوون، بۆیە پیاوانی ئایینی بەتایبەتی هی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام. پیاوانی نێو سیاسەت و پارت و ڕێكخراوە ڕامیارییەكان و ئایدیا فیكری و فەلسەفییەكان... و بەشێكی زۆر لەمانە پێكەوەڕا كەوتنە بەرەی دژە ماسۆنییەتەوە.

بۆیە ناوەندە ئایینی و حكومیەكان لە چەندین ولاتی جیاجیادا، لە ڕێگای چەندین بڕیار و یاداشتی جۆراوجۆرەوە، كەوتنە دژایەتیكردنی ماسۆنییەت، لەم بارەوە گەلەك بڕیاری توند دەرچوون بە مەبەستی یاساغكردن و قەلاچۆكردنی بوون و هەموو جۆرە كار و


www.iqra.ahlamontada.com

چالاکییەکی ئەم کۆمەڵەیە، زۆرێك لە ناوەندەکانی دەسەڵات بوونی ئەم کۆمەڵەیەیان بە ئافات و مەترسی گەورە لە قەڵەم داوە، هەر بۆیە زوو داوای ئەوەیان کردووە دەست بەجێ مەحفەل و یانەکانی دابخرێن و قەدەغە بکرێن، خۆ وەك دەبینرێت ژمارەیەك وڵاتی تریش هەن بۆ خۆیان هاوکار بوونە بۆ ئەم کۆمەڵەیە و بە شانازییەوە و زەمینەی بڵاوبوونەوەیان بۆ ڕەخساندووە و تەنانەت ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیش لە نێوانیاندا هەبووە، بۆ پاراستن و خزمەتکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان.

ئێستاش بۆ ئەوەی ئاست و قەبارەی ئەو ناڕەزایی و دژایەتیکردنەی ماسۆنییەت بزانین لە هەندێك وڵات و ناوەندە ئایینیەکان، لەم بارەوە کۆمەڵێك نموونەی جۆراوجۆر دەخەینە ڕوو.

- لە (٢٧نیسانی ساڵی ١٧٣٨) پیاوێکی دیاری وەك (ئەقلیمیسی دوازدەهەم) وەك کەسێکی لە ڕۆما بەریبوونی خۆی لە بەرانبەر ئەم کۆمەڵەیەدا دەردەبڕێت و لە پەیامێکدا بە ئاشکرا داوا دەکات گشت لایەك دژ بە هەموو ئەو ڕێکخراوە نهێنییانە بووەستنەوە، بەتایبەتی (ماسۆنییەت) کە دژایەتی ئایین و داب و نەریت دەکات و بۆ خۆی بووە بە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی، دوای ئەم بەڕانەت نامەیە تۆزێك جموجۆڵی ماسۆنیزم خاو بووەوەو تەنانەت دوچاری هەندێك لاوازی بوو.


www.iqra.ahlamontada.com

- پاش ئەوەی دەسەڵات دەکەوێتە دەستی (بندکتوسی چواردەهەم) کۆمەڵەی ماسۆنییەکان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، ئیتر لەم سەردەمەدا کار بەبەڕاننامەکەی پێشوو ناکرێت و دەبێت ئیش بۆ بوژاندنەوە و بە هێزکردنەوەی کۆمەڵەکەیان بکەنەوە، وەلێ بە پێچەوانەی ئەم دیدەوە (بندکتوسی چواردەهەم) لە (١٨ئاپاری ساڵی ١٧٥١) وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەو بانگەشەیە، بەناوی خۆیەوە بەڕاننامەیەکی نوێ دەنوسێت و تێیدا پشتگیری لەوەی پێشوو دەکات و پاشان چەندین هۆکار دەخاتە بەر دیدەی لایەنگرانی ماسۆنیزم بۆ مەترسی و گومان لە نیازە خراپەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بۆیە بە هێنانەوەی گەلەك بەڵگە و ئاماژەی ترسناك، هەر زوو بە چاکی زانیوە کار و جموجۆڵی ئەم کۆمەڵەیە قەدەغە و یاساغ بکرێت و ڕێگایان بۆ ئاچوغ نەکرێت پەیامەکانیان جێ بەجێ بکەن.
- (بیۆسی حەوتەم) دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کەنیسە لە (ڕومیە)ی پایتەخت، یەکسەر بە توندی دەکەوێتە وێزەی کۆمەڵە نهێنییەکان و بە پێی مەرج و یاساکانی کەنیسە سزایان دەدات، بێگومان یەکێك لەو کۆمەڵانە خودی ماسۆنییەکان بووە.
- (لاونی دوازدەهەم) خاوەنی بەڕانەتێکی گەورەیە، لە (١٢ ئازاری ساڵی ١٨٢٦) لەم بارەوە (الاب لویس شیخو) پێی وابووە


www.iqra.ahlamontada.com

دەبوایە ئەم بەڕائەتنامەیە بە ئاڵتون بنوسرایە, چونکە ئەوەندە گرنگ بووە، لەم بەڕائەتنامەیەدا باس لە هەموو خاسیەت و شێواز و بەرنامەی کاری ماسۆنیزم دەکات، بە پێی ناوەڕۆکی ئەو بەڕائەتنامەیە، چەند مەترسی بووە بۆ سەر گەلان، لەوە زێتر بەلأیەکی گەورەشن بۆ سەر جیهان، هەروەها هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی نهێنی بە مەترسی لە قەڵەم داوە و جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت قەدەغە بکرێن.

- لە سەردەمی (گریگۆریۆسی شازدەهەم) دەوڵەتی (پاپەوی) کۆمەڵێك نهێنی ئەم ڕێکخراوانەی وەچەنگ کەوت، کە بۆ هەمووان ئاشکرا کران، بەرنامە و کاری ئەم جۆرە ڕێکخراوانە چەندە مەترسین و سەرچاوەی زۆربەی لە گرفت و ڕووداوە جیهانیەکانن، بۆیە لە (١٥ی ئابی ساڵی ١٨٣٢)دا و لە نامەیەکدا بۆ جیهانی کاسۆلیکی کە بە وشەی (m irari vos) دەست پێدەکات و تێیدا باس لە کار و کردەوەکانی ماسۆنییەت دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەبێت لە جیهاندا ئابڕویان ببرێت و ئاشکرا بکرێن بۆ جیهان کە چەند مەترسین بۆ سەر مرۆڤایەتی.
- دواتریش لە سەردەمی هەر یەك لە (بیۆسی حەوتەم) و (لاونی سێزدەهەم) بە هەمان شێوە فەرمانی قەدەغەکردنی ئەم کۆمەڵەیە دەدەرێت.


www.iqra.ahlamontada.com

- هەروەها چەندین گەورە پیاوی ئایینی لە دونیای مەسیحیدا لە سەدەی نۆزدەدا، بە تایبەتی لەولاَتانی لاتینی و ڕۆژهەلاَت بە هەموو شێوەیەك بەگژ بوون و كارو چالاكی ئەم كۆمەڵەیەدا چوونەوە و بە كارەساتیان زانیوە بۆ گەلان و ئایین و تەنانەت مرۆڤایەتیش.

بۆ نموونە هەر یەك لەم كەسە دیارانە بە توندی دژی كۆمەڵەی ماسۆنییەت وەستاونەتەوە:

- السيد يوسف ظالركا
- البطريرك جرجس شلحت
- البطريرك الياس الحويك
- نيافة القاصد الرسولي
- المطران يوسف الديس
- السيد جرمانوس معقد
- السيد يوحنا مراد
- السيد منصور براكو
- السيد البطريرك بولس مسعد
- السيد غودنسيو بنفيلي
- السيد ملاتيوس فكاك
- السيد المطران انطوان عريضة
- السيد كيرس مغيب


www.iqra.ahlamontada.com

گەر دیقەت بدەین، لە نێو ئەو کەسایەتییە ئایینییانەی کە پاش ماوەیەك کارکردن لە نێو کۆمەڵەی ماسۆنییەت، دواتر جیابوونەتەوە و لێی چوونەتە بەرەی دژەوە، چەندین گەورە پیاوی موسڵمان وەك (جمال الدين الافغاني) و (محمد عبده)مان بەرچاو دەکەوێت.

وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، چەندین دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا و هەروەها لە چەندین ناوەندی باڵای ئایینیدا، بەتایبەتی هەردوو ئایینی مەسیحیی و ئیسلام، زۆر بە ئاشکرا بەرەنگاربوونەوەی خۆیان لە دژی ماسۆنییەت دەربڕیوە وبەجدی کاریان بۆ بنەبڕکردن و یاساغکردنی کردووە، بۆیە لای خوارەوە ناوی کۆمەڵێك وڵات و ناوەندی ئایینیمان پۆلێن کردووە وەك نموونە:

١- ئیسپانیا، لە ساڵی (١٧٤٠) پادشای ئیسپانیا (فیلیۆسی پێنجەم) فەرمانێکی دەرکرد بۆ قەدەغەکردنی ماسۆنییەت لە وڵاتدا، هەروەها لە (٢ تەمموزی ساڵی ١٧٥١) هەمان فەرمان لەلایەن (فردیناندی شەشەم)وە نوێکرایەوە و بڕیاردرا ئەوانەی سەرپێچی دەکەن وەك دوژمنی گەل سزا بدرێن، لە ساڵی (١٨١٤) پادشا (فردیناندی حەوتەم) بڕیاری داخستنی سەرجەم مەحفەلەکانی ماسۆنییەتیدا.

٢- ئەسوج، پادشای یەکەم (فردریك) لە ساڵی (١٧٣٨) فەرمانیدا بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو مەحفەلەکانی ماسۆنییەت.



www.iqra.ahlamontada.com

٣- **ئەڵمانیا**، ئیمپراتۆر (کارلۆسی شەشەم) لە ساڵی (١٧٣٧) فەرمانیدا هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەکی ماسۆنی قەدەغە بکرێت و لە هەمان ساڵدا هەموو ئەندامانی (محفل مانهیم) دەست بە سەرکران و پاشان لە ساڵی (١٧٣٨) ڕاگوێزران بۆ وڵاتی نەمسا و بەلجیکا، پاشان چەندین لێپێچینەوە لەلایەن حکومەتەوە بە دوایدا هات دەرهەق بە مەحفەل و کۆمەڵەی ماسۆنی و زۆریشیان بە توندی سزا دران.

٤- **ئینگلتەرا**، لە (١٣ی تەمموزی ساڵی ١٧٩٨) ئەنجومەنی دەوڵەت ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشاندا هەموو کۆمەڵە نهێنییەکان ڕاپێچ بکرێت، تەنها کۆمەڵەی ماسۆنییەت نەبێت، بەلام بە مەرجێك مەحفەلی نوێ نەکرێتەوە و مەحفەلە کۆنەکانیش پابەندبن بە مەرجەکانی چاودێریکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە.

٥- **ئیتالیا**، لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا (دوق طوسکانة الکبیر جان غستون) فەرمانی دژایەتیکردنی ماسۆنییەتی دەرکرد و بانگەشەی بۆ ئەوە کرد ئەندامەکانیان ڕابگوێزرێن.

٦- **پورتوغال**، لە ساڵی (١٧٤٢) پادشا (جانی پێنجەم) فەرمانیدا بە پشکنینی هەموو کۆمەڵەکانی ماسۆنییەت و هەروەها قەدەغەکردنی.


www.iqra.ahlamontada.com

٧- **پرۆسیە**، (فردریك غلیومی سێیەم) فەرمانی بەرتەسك کردنەوەی کاری ماسۆنییەتی لە وڵاتدا و هەروەها فەرمانیدا هەموویان بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، هەر کەسێکیش مەحفەلی نوێ بکاتەوە، ئەوا دەبێت (٢٠) ساڵ زیندانی بکرێت.

٨- **پۆڵۆنیا**، پاشا (ئۆگستی دووەم) لە ساڵی (١٧٣٩) فەرمانی داخستنی هەموو مەحفەلەکانی ماسۆنییەت لە وڵاتدا و قەدەغەی کردن.

٩- **تورکیا**، دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەست بە جموجۆڵ و گەشەی بزوتنەوەی ماسۆنییەت دەکات لە چوارچێوەی جوگرافیای دەوڵەتەکەیدا، بۆیە دەکەوێتە خۆ و لە ساڵی (١٧٤٨) بابی عالی فەرمانی داخستنی مەحفەلەکانی ماسۆنی دەدات و ئەندامەکانی ڕاپێچ دەکات.

١٠- **ڕوسیا**، پادشای ڕوسیا (کاترینای دووەم) سەرەتا لەگەڵ ماسۆنیەکاندا باش دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی هەست بە مەترسی و جموجۆڵی مەبەستداری ئەم کۆمەڵەیە دەکات، یەکسەر فەرمان دەدا پرۆسەی پشکنین و چاودێریکردنی مەحفەلەکانی ماسۆنی، کاتێکیش کوڕەکەی (پۆڵسی یەکەم) دەسەڵاتی گرتە دەست، دەست بەجێ دژی ڕێکخراوە نهێنییەکان وەستایەوە، بەتایبەتی ماسۆنییەت و پاشان فەرمانی دا دووربخرێنەوە بۆ وڵاتێکی تر.


www.iqra.ahlamontada.com

١١- **سویسرا**، لە ساڵی (١٧٤٣) ئەنجومەنی برن (مجلس برن) کۆدەبێتەوە و سەرئەنجام بڕیاری داخستنی تەواوی مەحفەلەکانی ماسۆنی لە وڵات دەدات، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین یاسای توند دەرکران بە مەبەستی سزادانی ئەندام و لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیە.

١٢- **فەرەنسا**، ئەم وڵاتە بەیەکەم وڵات دێتە ئەژماردن لە مەڕ وەستانەوە و دژایەتیکردنی ماسۆنیزم، بۆ نموونە دادگای پاریس لە ساڵی (١٧٣٧) هەر زوو فەرمانی قەدەغەکردنی هەموو ڕێکخراوە نهێنییەکانی دەرکرد، بەتایبەتی کۆمەڵەی ماسۆنی، هەمان هەڵویستی توند لە لایەن پادشاکانی تری ئەو وڵاتەوە دەرهەق بەم کۆمەڵەیە پەیڕەوکران و زۆریش بە توندی بەگژ بەرنامە و ئامانجەکانی ماسۆنییەتدا چوونەوە.

١٣- **مۆناکۆ**، لە ساڵی (١٧٨٤) میری مۆناکۆ فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی ماسۆنییەتیدا.

١٤- **نەمسا**، لەم وڵاتە هەمان فەرمان و حوکمەکانی وڵاتی ئەڵمان بەسەر مەحفەل و ئەندامانی کۆمەڵەی ماسۆنییەتدا سەپێنران.

١٥- **هۆڵەندا**، یەکێکە لەو وڵاتانەی هەر زوو کەوتە وێزەی ماسۆنییەت و بە پێی فەرمانی شورای وڵاتەکەیان لە ساڵی (١٧٣٥) بە توندی بە گژی ئەم کۆمەڵەیەدا چوونەوە و بڕیاری داخستنی مەحفەلەکانیاندا.


www.iqra.ahlamontada.com

• **هیتلەر**، سەرکردەی ئەڵمانی (ئەدۆڵف هیتلەر) یەکێك بووە لەوانەی زۆر دژی ماسۆنییەت و تەنانەت هەڵوێستی ئێجگار توند بووە، بەڵگەش ئەوەیە فەرمانی دابووە یاریدەدەرەکەی (جەنەراڵ ئەنجمان) بە ملیۆنان جولەکە بسوتێنێ، کاتێکیش هیتلەر لە ڕێگای زانیاری دەزگا هەواڵگرییەکەیەوە (الغستابو) دەگاتە ئەنجام کە ئەم ڕێکخراوە بە جۆر و پێکهاتە و ئامانجەکانییەوە مەترسیدارن، یەکسەر سیاسەتێکی توند لە هەمبەریاندا پەیڕەو دەکات و هەموو مەحفەل و یانە و ڕێکخراوە نهێنی و تایبەتیەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە لە وڵاتدا.

• **کۆمۆنیزم**، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن شیوعیەکانەوە، ناکۆکی دەکەوێتە نێو شیوعییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواوە، چەندین جیابوونەوە و حاڵەتی دەست لە کارکێشانەوە و ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیاندا دروست دەبێت، دواتر و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەردەوام کە لە کۆنگرەی چوارەوە لە ساڵی (١٩٢٢) سەرچاوەی گرتبوو، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەم تا زۆر ماسۆنییەکانی ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی خراپیان بینیبوو لەو گەورەکردنەو زیاتر ئاڵۆزکردنی ناکۆکییەکان، لە هەمبەردا وەك دژە کردارێك لەو مێژووە بە دواوە لە بەرنامە و پێڕەوی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت و زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکانی


www.iqra.ahlamontada.com

تردا، ماسۆنییەت یاساغ و قەدەغەکرا و بە دوژمنی سەرسەختی سۆشیالیزم هاتە ئەژماردن.

- **بەعسییەکان**، کاتێك لە (١٧تەممووزی ساڵی ١٩٦٨) هاتنە سەر حکوم، یەکسەر کەوتنە ڕاوەدونانی ماسۆنییەکان و هەندێك ڕێوشوێنی توندیان گرتەبەر، بەمەبەستی نەهێشتنی چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە، هەر لەم بارەوە لە ساڵی (١٩٧٥) سەرکردایەتی بەناو شۆڕش  بەپێی بڕیاری ژمارە(٢٠١) کە تێیدا هاتبوو (یعاقب بالاعدام کل من جند او روج مبادی صهیونیة بما في ذلك الماسونیة، او انتسب الی أي من مؤسساتها، او ساعدها مالیا، او ادبیا ،اوعمل بأي کیفیة لتحقیق اغراضها). کەواتا بە پێی ئەم بڕیارە هەموو جۆرە پەیوەستبوون و هاوکاری و هاوسۆزییەك لەگەڵ زایۆنیزمدا، هەروەها کۆمەڵەی ماسۆنیزمدا ئاکامەکەی لە سێدارەدان بووە، جیا لەمەش چەندین یاسا و ڕێوشوێنی دیکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرکران بە ئامانجی بنەبڕکردن و یاساغکردنی ئەم کۆمەڵەیە.

- **المجمع الفقهي**، ئەم کۆمەڵەیە بارەگاکەی لە شاری (مکة المکرمة) بووە لە شانشینی عەرەبی سعودیی، لە کۆبونەوەیەکدا لە (١٩٧٨/٧/١٥) بە سەرۆکایەتی سەماحەتی (شیخ عبدالله بن حمید) بڕیارێکی شەرعی دەردەکەن و تێیدا بە توندی کۆمەڵەی ماسۆنییەت و هەر جۆرە پەیوەندییەك پێیەوە قەدەغە دەکەن و ئەم کۆمەڵەیە بە دەسیسەی زایۆنیزم


www.iqra.ahlamontada.com

دەزانن، هەروەها لەو بڕیارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەم کۆمەڵەیە مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی و ئایین و گەلان، بۆیە هەر کەس پەیوەندی پێوە بکات بە پێی شەرعی ئیسلامی (کافر) دەبێت و لە ئایینی ئیسلام دەردەچێت بەو مەرجەی ئەگەر بێت و بە ناوەڕۆك و ڕاستی ئامانج و بەرنامەکانی ماسۆنییەت بزانێت و کەچی پەیوەندیشیان لە گەڵ ببەستێت.

• **کۆمکاری عەرەبی (جامعة الدول العربية)**، لە کۆبونەوەیەکیاندا لە (١/٦/١٩٧٧) بڕیاری ئەوەیان دەرکرد، بە هەموو شێوەیەك هاوکاری و پەیوەندیکردن بەم ڕێکخراوەوە قەدەغەیە و دەبێت هەموو لایەك پاسافی بکەن، ئەمەی لای خوارەوەش ناوەڕۆکی بڕیارەکەیە!

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**جامعة الدول العربية**

**مكتب مقاطعة اسرائيل**

**الاسكندرية**

**الموضوع / قرار مقاطعة الماسونية**

١-اعتبار الحركة الماسونية حركة صهيونية لانها تعمل بايجاد منها لتدعيم اباطيل الصهيونية واهدافها، كما انها تساعد على تدفق الاموال على اسرائيل من اعضائها الامر الذي يدعم اقتصادها ومجهودها الحربي ضد الدول العربية.


www.iqra.ahlamontada.com

٢-حضر اقامة او محافل لنشاط الحركة الماسونية في الدول العربية واغلاق أي اماكن لها تكون قائمة الان في تلك الدول.

٣-لايجوز التعامل ايا كان نوعه وطبيعته مع مراكز هذه الجماعة او محافلها في مختلف انحاء العالم.

صدر في: ١٩٧٧/٦/١

المفوضى العام

• ئێران، خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ به ڕێبەرایەتی ئیمام (خومەینی) دژ بە ئەمریکا و هەروەها زایۆنیزم، لە کردەیەکدا (الحرس الثوري) پەلاماری مەحفەلەکانی ماسۆنیزمیدا و توانی زیاتر لە (٤٠) مەحفەل دابخات، زۆرێك لە بەرپرسە باڵاکانی ئێران لە ئاستی سەرۆك وەزیران و وەزیر و لە ئاستی پلە بەرزەکانی تری دەوڵەتدا ئەندامی کارای کۆمەڵەی ماسۆنییەت بوونە، بۆیە بە فەرمانی حکومەتی ئیسلامی هەموویان سزا دران و بەشێکیشیان هەڵهاتن.

ئەم نموونانەی سەرەوە بەشێکی هێجگار کەمن لە هەڵوێست و مامەڵەکردنی توندی ڕێبەرانی ئایینی و سیاسی وڵاتانی دونیا لە مەڕ قەدەغەکردنی جموجۆڵ و بوونی کۆمەڵەی ماسۆنییەت لە وڵاتەکانیاندا، بەڵکو چەندین نموونەی تریش شك دەبرێن کە بێ ڕتوش باس لە هەڵوێستی دەوڵەت و ناوەندە جیاجیاکانی بڕیار بەدەست دەکات لە دونیادا لە هەمبەر یاساغکردنی هەر جۆرە بوونێکی ئەم کۆمەڵەیە.



www.iqra.ahlamontada.com

# سەرچاوەکان


١- اسرار الماسونية، جنرال جواد رفعت اتلخان، ترجمة: الواعظ والقابلي.

٢- تأريخ الجماعات السرية، اركون دارول.

٣- التأريخ السياسي لامارة عربستان العربية، د. مصطفى عبدالقادر النجار.

٤- تاريخ الماسونية، جرجي زيدان.

٥- جريدة العرب العراقية، الصادرة في (١٩ اب سنة ١٩٦٤).

٦- الجمعية الماسونية حقائقها وخفاياها، د. احمد غلوش.

٧- الحشاشون، برنارد لويس، ترجمة: سهيل زكار.

٨- خطر اليهودية العالمية على الاسلام والمسيحية، عبدالله التل.

٩- السر المصون في شيعة الفرمسون، الاب لويس شيخو، الطبعة الثانية ١٩٨٤، الناشر: منشورات نويل / دمشق.

١٠- السر المصون، كراس الاول، الاب لويس شيخو.

١١- ظهر الاسلام، ج٤ ،احمد الامين، الطبعة الثانية، دار العلمية / بيروت-لبنان.




www.iqra.ahlamontada.com

١٢- العالم الاسلامي والمكائد الدولية خلال القرن الرابع عشرالهجري، فتحي يكن، الطبعة الثالثة عشر ١٩٩٧، مؤسسة الرسالة.

١٣- عملاء تحت المجهر، فاضل الشهابي، مطبعة دار الجاحظ / بغداد.

١٤- عن تأريخ الجماعات السرية، اركون دارول.

١٥- الماسونية بلا قناع، ابو صادق.

١٦- الماسونية في الوطن العربي، نجدة فتحي صفوة.

١٧- الماسونية والبهائية، موفق مصطفى العمري.

١٨- الماسونية والمنظمات السرية ماذا فعلت ؟ ومن خدمت ؟ عبدالمجيد همو، الطبعة الثالثة ٢٠٠٥، الناشر:الاوائل للنشر والتوزيع / سوريا.

١٩- الماسونية، سعيد الجزائري، الطبعة الاولى ١٩٩٠، دار الجيل / بيروت.

٢٠- النشاط الصهيوني الماسوني في الوطن العربي، ج١، محمد موسى النبهاني، الناشر: الدار القومية لكتاب العرب.

٢١- هؤلاء اليهود، محمد المهدي الحسين، منشورات التبليغ / كربلاء.

٢٢- الوسيط في الذاهب والمصطلحات الاسلامية، د. محمد عمارة، الطبعة الرابعة ٢٠٠٦، الناشر: نهضة المصر.


www.iqra.ahlamontada.com

## پاشکۆ

هیرۆدۆسی دووەم

حیران ئەبیود

www.iqra.ahlamontada.com



قەڵای مەرگی حەشاشەکان



هێمای نورانییەکان

www.iqra.ahlamontada.com

مەحفەلی نورانییەکان

سێزدە پایەکەی ماسۆنییەت

www.iqra.ahlamontada.com

بەشێك لەهێماكانی ماسۆنییەت

لەگەورە پیاوانی ڕۆحی كۆمەڵەی ماسۆنییەت

www.iqra.ahlamontada.com




بەشێك لەهێماكانی ماسۆنییەت

www.iqra.ahlamontada.com



مەحفەلی برایانی شەیتان

مەحفەلێك لەوڵاتی میسر

www.iqra.ahlamontada.com

هێماکانی ماسۆنییەت لەسەر دۆلاری ئەمریکی

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

- ڕەگ و ڕیشەی ماسۆنیزم
- ماسۆنییەت وەك زاراوە
- مێژووی سەرهەڵدانی ماسۆنییەت
- سەرهەڵدانەوەی ماسۆنییەت بە شێوە هاوچەرخەکەی
- جۆرەکانی ماسۆنیزم
- ئامانجەکانی ماسۆنییەت
- پەیوەندی نێوان ماسۆنییەت و جولەکە
- ئیشکالیەتی نێوان ماسۆنیزم و ئایین
- ئایە ماسۆنییەت ڕێکخراوێکی ڕامیارییە؟
- مەحفەلەکانی ماسۆنییەت
- ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە جیهاندا
- یانەکانی ڕۆتاری
- ماسۆنییەت لە جیهاندا
- ماسۆنییەت لە: ئەنگلتەرا، ئەمریکا، کۆماری میسر، سوریا، عێراق، کوردستان.
- ناودارانی ماسۆنییەت لە جیهان دا
- ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە ڕۆژئاوا
- ئەندامە دیارەکانی ماسۆنییەت لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا

HZR 6

www.iqra.ahlamontada.com